



# ژنان

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە
ژمارەی : ٤٣ رەشەممەی ١٣٩٢ی هەتاوی

## ئازادی بۆ ژن
## بەختیاری بۆ کۆمەڵ




ژنان گۆڤارێکی سیاسی ـ فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیە
کە سێ مانگ جارێک یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی
کوردستانی ئێران دەری دەکات

ڕەشەممەی ١٣٩٢ـ مارسی ٢٠١٤
ژمارە ٤٣

سەرنووسەر : هێرۆ جەلدیانی

دەستەی بەڕێوەبەریی گۆڤار:
ئێلهام چایچی          چنوور قادری
سەفیە خالیدی

ژنان لەسەر سایت:
www.yjdki.org
www.kurdistanmedia.com
www.pdki.org
webmaster@yjdki.com

ئیمەیلی گۆڤاری ژنان:
gowarijinan@gmail.com

نامە و نووسراوەکانتان لە ڕێگای کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بنکە و نوێنەرایەتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، بۆ گۆڤاری ژنان بنێرن.

دیزاینی بەرگ و مونتاژ : مەهتاب مەعروفی
تایپ: مەحبووبە ئیبتکار





سەروتار ٢



کارەساتی شێناوێ ... ٣



وۆرک شۆپ چیە؟ ١٠



کۆماری ئیسلامی ئێران و ... ٢٠



پێناسەی خەمۆکی منداڵان ... ٢٩



راپورت/ ٦٨ەمین ساڵرۆژی... ٣٥



پەروەردەی وەرزشی منداڵان... ٧٩

# سەروتار

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەمساڵ تەمەنی دەگاتە شەست و هەشت ساڵ. لە ماوەی ئەم چەند دەیەدا هەوراز و نشیوی زۆری بڕیوە و کۆڵی نەداوە و لاپەڕەی زێرینی بۆ مێژووی خەباتی ژنان تۆمار کردووە، ڕۆژ بە ڕۆژ تێکۆشانی فرە و بەرچاوتر و بەربڵاوتر دەبێت.

بە هەڵسەنگاندنێك لە تێکۆشانی چەندین ساڵەیدا دەتوانین کارلێکەری بێ وچانی لە نێو کۆروکۆمەڵە پێشکەوتووەکان و کۆمەڵگای کوردستاندا بە چاو ببینین، یەکێك لەم کارلێکەریانە وریاکردنەوە و ناساندنی مافەکانی ژنان بووە کە سەرنجی ژنانی کوردی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە، یەکیەتی ژنان پێ بە پێی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان ڕۆڵی خۆی لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا گێڕاوە و بۆتە جێی متمانەی بەشێکی فرە لە ژنانی کوردستانی ئێران.

لێرەدا جێی خۆیەتی ١٧ی ڕەشەمەی ئەمساڵ «ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان» و ٢٤ی ڕەشەمەمە»ڕۆژی دامەزراندنی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران» بە شکۆتر لە رابردوو ڕێزی لێبگرین و بە پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار، دانانی پێشانگا و فێستیڤاڵ ئاورێك لە تێکۆشانی رابردوو تا ئێستا بدرێتەوە و ڕێز لە ئەندامانی دامەزرێنەر و لە مێژینە بگیرێت، هەروەها بە دارشتنی بەرنامەیەکی سەردەمیانە بەرەو پێشکەوتنەکانی داهاتوومان هەنگاو هەڵبگرین.

یەکێك لەو ئەرکانەی کە پێویست دەکات پتر بخرێتە بەرباس و لێکدانەوە، بەرفروانترکردنی کار و چالاکیی ڕێکخستنەکانمان لە نێو خۆی وڵاتدایە، بۆ ئەم مەبەستە پێویست دەکات لە کەسایەتیە شارەزا و پسپۆڕانی بە ئەزموون و ڕێکخراوەکانی دیکەی ژنان کەڵك وەرگرین و بانگهێشتن بکردرێن بۆ ئەوەی لە ئەزموون و ڕێنماییەکانیان کەڵك وەربگرین و بیکەینە سەردێڕی چالاکییەکانی داهاتوومان.

بە تایبەتی لە قۆناغی ئێستا دا، بە هۆی ئەو هەمووە قەیران و نەهامەتییانەی کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە شێوەیەکی نایاسایی تووشی کۆمەڵگای ئێرانی بەگشتی و بە تایبەتی ئەو هەمووە نادادپەروەرییانەی لە هەمبەر ژنانی کوردستان ئەنجامی داوە و هەنووکەش هەر بەردەوامە، پێویست بە ڕێکخستنەوەیەکی نوێی ژنانەیە، تاکوو لە گۆڕەپانی کوردستاندا بۆ هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕوان نەکرا و ئامادەگی و نەخشمان هەبێ. ئەم بیرۆکەیە شتێکی نامومکین و خەیاڵی نیە، چوونکە ژنانی ئێستای کوردستانی ئێران، سەرەڕای زەخت و گوشاری بەردەوامی دەسەڵاتداران، بە خۆشییەوە توانیوییانە پێ بە پێی بەرەوپێشەوەچوونی کەرەسەکانی پەروەردە و فێرکاری خۆیان لەگەڵ ڕەوتە پێشکەوتووەکان ڕێك بخەن، تا ئەو جێگایەی کۆمەڵگای کوردستان بەرەو ئاقارێکی نوێی ببەن.

جێی خۆشحاڵیمانە کە ژنانی کوردستان، لەم قۆناغەدا وایان لێهاتووە کە لە بوارەکانی سیاسی،فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابووری هاوشانی پیاوانی کۆمەڵگا بەرەو ئاگایی و وریایی هان دەدەن و خۆ ئامادەدەکەن بۆ بڕینی بوارەکانی دیکەش بە مەبەستی کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان خۆیان لەگەل پیاوان لە کۆمەڵگادا. بۆیە پێویست دەکات لەم بوارەشدا بەخۆیندنەوەیەکی ورد و هەمە لایەنە، پلان و بەرنامەیەکی گوونجاو دابرێژین.

لە کۆتاییدا، ٦٨ەمین ساڵوەگەری دامەزراندنی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو ژنانی کوردستان بە گشتی و ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتییەکەمان پیرۆزبایی دەکەم.

هەروەها ١٧ی ڕەشەمە «٨ی مارس» ڕۆژی نێونەتەویی ژن و ڕۆژی بەفەرمی ناسینی بەشێك لە مافەکانی ژنان بۆ یەکەم جار لە مێژووودا، پیرۆز رادەگرین و هیوادارین ژنان بە یەکگرتووییەوە بە خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافەکانیان چالاکتر بن.



# یەکەمین ساڵی کارەساتی شێناوێ، زامی سووتاوی بە بەزەیی و بەڵێنی سارێژ نابێ

و: ڕەشید زەرواوی



کاتێک کەش و هەوا سارد دەبێ، کە زستان بەڕێوەیە، باڵندە سەرمابردووەکان بۆ باشوور کۆچ دەکەن. ئەوان پەڕ و باڵیان هەیە، لە شەققەی باڵ دەدەن و ئەفڕن و بۆ شوێنێکی گەرمی باشوور کۆچ دەکەن.

بەڵام منداڵەکان پەر و باڵیان نەبوو. بەو دەست و پێ بچووکە منداڵانەیە، نەدەکرا بۆ باشوور هەڵفرن و نە بۆ شوێنێکی دیکە. منداڵەکان تەنیا زارۆک بوون. منداڵانی چاورێی زەنگی قوتابخانە. منداڵانی کاتی پشوو و یاری و خۆشی تا ئەو پەڕی جیهان ڕا دەکەن. تا قووڵایی حەوشەی قوتابخانە.

زستانی گوند هەردەم لە زستانی نێو شار ساردترە. زستانی «شێناو»ێش سارد و شەختەی سەهۆڵ بوو. شێناوێ گوندێکی خنجیلانەی نزیک بە سێ هەزار کەسییە، لە حەشیمەتی گەڕەکێکی تاران کمتر.

لە «شێناوێ» قوتابخانەی دواناوەندی لێ نییە، تەنیا قوتابخانەیەکی سەرەتایی و قوتابخانەیەکی ناوەندی هەیە. کچەکان لە پێشنیوەڕۆدا دەرس دەخوێنن و کورانیش دوانیوەڕۆیان. زستان کە دێت، سەرما ئەمان نادات. پێویستە قوتابخانە بە شتێک گەرم بکرێ. لە ئامێری گەرمکەرەوەی ستاندارد هەواڵێک نییە.

شتێک کە دەمێنێتەوە نەوتە، گازۆئیلە و تەنانەت دار. زۆپاکان نەوتی و قەترەیین کە تەنانەت وەزارەتخانەی پەروەردە و فێر کردن لە ئێران کەڵک لێ وەرگرتنی قەدەغە کردوون. زستانێکیساردە و بە ستانداردە نووسراوەکانی نێو لاپەڕەی کاغز گەرم نابێ. یەکەمین چەخماخەی شقارتە، دووهەمین شقارتە و سێهەمین شقارتە و تەقینەوە.

«نادیا» قوتابییەک کە بیرەوەری سووتانی سات بە سات لە یادە، تەنانەت ئەمرۆ، ساڵێک دواتر، لە بەرەبەری ئەم ڕۆژانەدا کەمێک ئەم لاتر یان ئەولاتر، جیاوازی نییە، سووتان بیرەوەرییەکی هەتاهەتاییە.

«ئەو رۆژەی ئێمە چووینە قوتابخانە، مامۆستا لەوێ نەبوو، دواتر مامۆستاکەش هات، زۆپا هێشتا هەڵ نەکرابوو. گوتی بچن بانگ لە خزمەتکاری قوتابخانە بکەن. یەکێک لە منداڵەکان چوو و بانگی کرد. هاتن کوورەکە هەڵ بکەن. لە کوورەکە گڕێکی بچووک بەرز بووەوە. دواتر مامۆستا و خزمەتکار ویستیان بیبەنە دەرەوە. زۆپا لە نێوەڕاستی دەرکی ژووری گیری کرد. دواتر لە پڕ ئاگر بەرز بووەوە. ئێمەش لە نێو ئاگرەکە سووتاین، لە بەر ئەوەش نەمانتوانی ڕا بکەین و کورەکە لە دەرگاکە گیری کردبوو، پەنجەرەکانیش بە تەلەبەندی زۆر داپۆشڕابوون. مامۆستا

و سەرمایەدار خۆیان ڕایان کرد. کاتێک ئاگر کەوتەوە مامۆستا ڕێی پێ نەداین ئێمەش بڕۆینە دەر. ئەو گوتی نەڕۆن، دەچم کەپسوولی ئاگر کوژێنەوە دێنم، ئەویش بەتاڵ بوو».

ئێوەراستی مانگی سەرماوەزی ١٣٩١ زۆپەی نەوتی بە بەرچاوی منداڵانەی قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی دێەوە لە جێی هەڵ بوون تەقییەوە. لە جیاتی گەرمیان کاتەوە، سووتاندنی. زستانی ئەو ساڵە پێشتر لە هەموو ساڵێک گەیشت. ٢٩ قوتابی سووتان. دوو قوتابی بە هۆی سووتانی زۆرەوە گیانیان لە دەست دا. لە کۆی ٢٧ قوتابی تری سووتاو، زامی ١٢ قوتابی پڕ گران و قووڵ بوو. کچە منداڵەکان ئێستاش هاوپۆلی یەکترن. بەو ڕوخسارانەی کە لە پڕ گەورە بوون، پیر و سووتاون. ڕوخسارێک کە ئیتر ڕوخساری کچێکی منداڵ نییە.

ئامینە یەکێک لەوانە، پرسیارێک دەکات کە وەڵامی لای کەس نییە.

« من کە ئەو هەمووە جوان بووم، ئەم بەڵایە چی بوو بەسەرم دا هات؟ خوایە گیان هەرچی زووتر من چاک کەرەوە !».

یەک ساڵ دوای کارەسات، سێ قوتابی ١١ ساڵ تەمەنی شێناوێ باس لە خۆیان دەکەن. لە حاڵ و ڕۆژیان، لە ساڵێک کە تێپەڕی و زۆر زیاتر لە ٣٦٥ ڕۆژ بوو. لە دۆخێک کە ئەمڕۆ تێدا دەژین و لە دڵە ڕاوکێ و شەوی سووتان. لە ترسی چوونە نێو پۆل و هات و هاواری خۆشی قوتابخانە.

ئەمە قسەکانی «ئامینە»یە کە بیری قوتابخانە دەکات :

« ئێستا کە لە تارانم، دڵم بۆ دەرسەکانم گەلێک تەنگ بووە. گەرەکمە هەرچی زووتر بڕۆمەوە شێناوێ و دەرسەکانم بخوێنم، زۆر لە دەرسەکانم دوا کەوتووم».

بەڵام ترسی ئامینە زۆر لە دڵتەنگییەکەی گەورەترە. منداڵە ١١ ساڵ تەمەنەکە لە ترس و بۆنی گاز ئەدوێ :

« لە قوتابخانەیەک بووین، قوتابخانە گوڵزارێک بوو. کاتێک بۆ نموونە زەنگی پشوو لێ ئەدرا ئێمە دەچووینە ژوور بۆنی گاز دەهات، منداڵەکان دەیانگوت ئێستا ئاگر دەگرێ. ئێستا ئاگر دەگرێ. منیش دەترسام».

چی بەسەر دەست و پێی منداڵانەیان هاتووە؟ ئەو دەستە بچکۆلانەی کە کاریان نووسینی وشە و ڕستەی جوان جوان بوو، لەو دەستە سپی و خنجیلانە چی ماوەتەوە؟ سیما بچووکتر لە هاوپۆلییەکانیەتی:

«دەستەکانم وشک بوون، وڵامم نادەنەوە. نەشتەرگەریم بۆ ناکەن».

ئامینە کە ٨٥٪ی لەشی سووتاوە :

«قاچەکانم سووتاون. دەستەکانم سووتاون. پشتیشم سووتاوە. کاتێک دەڕۆمە بەر ئاوێنە، هەستێکی زۆر خراپم هەیە. دەڵێم خوایە کەی باش دەبم».

هەواڵدەریی دەزگایی ئاگرکوژانەوە دەڵێ: «تەشەنە کردنی نەوتی زۆپا، سەر لێ شێواوی بەڕێوەبەری قوتابخانە، کەوتنی سەر زەوی کوورەکە،کۆبوونەوە و پاڵ پێوەنانی قوتابییەکان بۆ ڕاکردن لە دەستی ئاگر، پەنجەرەی پۆڵ کە هەموو تەلبەند کراوبوون و ڕێگای چوونەدەریان گرتبوو و بەر لە هەموو ئەوانەش گوێ پێ نەدانی بەرپرسانی ئیدارەی پەروەردە و فێر کردن بە ستاندارد کردنی ئامێری گەرمکردنەوەی قوتابخانەکان، کارەساتی لێ کەوتەوە».

ئاگر تێ بەربوونی قوتابخانەی شێناوێ، یەکەم ئاگرکەوتنەوە لە قوتابخانەکانی ئێران نەبوو. تەنیا لە ساڵی ١٣٧٦ەوە تا ئێستا بەو پێیەی کە «خبر انلاین» هەواڵ دەدات، دەیان قوتابیی لە قوتابخانەکانی ئێران بە هۆی ئاگر کەوتنەوە گیانی خۆیان لە دەست داوە و بە لانی کەمەوە ٥٠ قوتابیی و مامۆستا ڕۆح و لەشیان بە جێ ماوە. لە کۆی ٥٠٠ هەزار پۆلی خوێندن لە ئێران ٣٠٪ی واتە ١٥٠هەزار پۆلی خوێندن تا ئێستاش لە ئامێری گەرم کەرەوەی ستاندارد کەڵک وەر دەگرن.

ئێستاش و تەنانەت دوای چەندین جار ئاگرکەوتنەوە لە قوتابخانەکانی ئێران، شاری شفت لە گیلان، گوندی سفیلان لە چوار مەحاڵ و بەختیاری، قوتابخانەی سەرەتایی شاری درودزەن لە فارس، خابگای شەوانە ڕۆژی چاە ڕەحمان لە سیستان و بلووچستان، دواناوەندی چابەهار و زۆر بیرەوەری سووتاوی تر.

لە ساڵرۆژی کارەساتی شێناوێ، قوتابیانی شێناوێ هاوڕێ لەگەڵ کەس و کاریان هاتنە تاران. هەڵبەت نە بۆ گەڕان و سەیران لە پایتەخت و وێنە گرتن لە شوێنە سەرنج ڕاکێش و توریستییەکانی، بۆ کەمێک سەرنج پێ دان، بۆ دەوا و دەرمان، بۆ گەڕانەوە بە ژیانی ئاسایی، بۆ سەردەمی منداڵی، وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن لە ئێران و وەزارەتی تەندروستی کە بەڵێنی زۆریان بۆ تەداوی کردنی منداڵانی سووتاوی شێناوێ دابوو، میوانداریێکی باش و مێهرەبان نەبوون.

حەوتوویەک تێپەڕ بوو و ڕوخسار سووتاوە خەنجیلانەکان بە








بیرەوەرییەکی سووتاو و قڵشاوە لەم وەزارەتخانەوە بۆ ئەو وەزارەتخانە چوون بەڵام هیوا بچکۆڵانەکەیان لە هیچ شوێنێکی پایەتەختی گەورە و بەرین دا نە دۆزییەوە. نە وەزارەتی پەروەردە و فێر کردن ئەو پووڵەی بەڵێنی دابوو بۆ داو و دەرمان کردنیان بیریژێتە حیسابی نەخۆشخانەوە و نە وەزارەتی تەندروستی بەرپرسیارەتی قبوول کرد.
بەرێز شادکام باوکی یەکێک لە قوتابییەکانی شێناوێ دەڵێت:
« سێ مانگ بەر لە ئێستا ئێمە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و فێر کردن، وەزارەتی تەندروستی، نوێنەری پیرانشار و سەردەشت کۆبوونەوەمان گرت کە منداڵەکانمان ببەنە نەخۆشخانەی موحیبی کەوسەر و لەوێ پشکنینی وێنەیان بۆ کردن، لە هەموو لەشیان کە منداڵەکان بۆ ماوی ٢٠ رۆژ لەو نەخۆشخانەیە بهێڵنەوە و دەرمانیان کەن. بە و دوکتورانەی کە کەس و کاری منداڵەکان دەیانویست. بەداخەوە لە بیست رۆژەوە گەیشتۆتە سێ مانگ. هیچ هەواڵێک نییە و حەوتوویەکە لە تارانین و بۆ ئەملاو و ئەو لا دەچین. نەخۆشخانەی فاتمەی زەهرا، نەخۆشخانەی موحیبی کەوسەر، نەخۆشخانەی موتەهەری، وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن، و بەداخەوە هیچ ئاکامێکمان دەست نەکەوت. لە هەمان کات دا گەیشتینە ئەو باوەرە کە برۆین بە شوێن کاری ترەوە. بۆ نموونە برۆینە لای سەرۆک کۆمار، بزانین چی دەبێ، بەڵام بەداخەوە لە کاتژمێر ٢ تا کاتژمێر ٦ لەبەردەم سەرۆکایەتی کۆمار ڕاوەستاین و کەس بە دەنگمانەوە نەهات».

بەرێز شادکام باس لە بارودۆخی کچەکەی دەکات و دەڵێ:
«٣٥٪ سووتاوە، تەمەنی ١١ساڵە. تەواو روخسرا و دەستەکانی... جوانییەکەی بە گشتی لە دەست داوە، زۆر خرابە، زۆر خراب. یانی کاتێک دەچێتە بەر دەم ئاوێنە و سەیری خۆی دەکا، رۆژێک خەمبارە، یەک رۆژ خەمبارە یانی نایەتە دەر، لە ژوورەوە دەمێنێتەوە. یان ئەگەر دەچین بۆ ناو خەڵک یان جەژنێک و ڕێورەسمێک دەڵێ من نایەم. خۆی دەشارێتەوە».
بەڵام میوانە بچکۆلەکانی پایەتەخت لە چاوی کامیراکان دوور نەمانەوە. هەواڵگەلێک بڵاو بوونەوە. کێ وڵامدەر و بەرپرسیارە؟ ئایا وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بەرپرسیارە؟ ئایا وەزارەتی تەندروستی لە بەرامبەر تەندروستی قوتابیانی قوربانی ئاگرکەوتنەوە بەرپرسیارەتی نییە؟ نوێنەری پیرانشار لە مەجلیس ڕایگەیاند کە ٧.٥ میلیارد تمەن بۆ دەرمان کردنی تەواوی قوتابییەکانی شێناوێ پێویستە.
سەرۆکی نووسینگەی کۆماری هاتە نێو قسەکانەوە و بەڵێنی دا کە ئاوڕ لە دۆخی قوتابییەکان بدرێتەوە. بەڵام سووتان شتێک نییە کە بە وادە و بەڵێنی و بەزەیی دەرمان بکرێ. هەرکام لە قوتابییەکان بە لانی کەمەوە پێویستیان بە ١٠ تا ١٥ جار نەشتەرگەری هەیە.
«هەر سێ مانگ جارێک نەشتەرگەری دەکرێن. بەڵام بەداخەوە سێ مانگ بەسەر نەشتەرگەرییەکەیان تێپەریوە. کەسیش نییە بپرسێ و بلێ بۆ سێ مانگ تێپەریوە. لەم شتانەمان زۆر هەیە بەڵام بەداخەوە بەرپرسێک نییە بێت و چارەسەری دەردی ئێمە بکات».
٧ی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی سەرۆکی نووسینگەی سەرۆک کۆماری هەواڵی لە پێدانی سەرجەم تێچووی دەرمانی قوتابییەکان دا. ٨ی بەفرانبار وەزارەتی تەندروستی ڕایگەیاند باشترین خزمەتکاری پێشکەشی قوتابییەکان دەکات. بەڵام هەر ئەو رۆژە نوێنەری پیرانشار و سەردەشت لە مەجلیس ڕایگەیاند کە دەوڵەت میلیارد و نیوێکی لە تێچووی دەرمان داوە.

هەر ئەو نوێنەرە پێشتر باسی لە پرۆسەیەکی پێنج ساڵە و هەواڵی تەرخانکردنی بڕی حەوت میلیاردونیو تمەنی بوودجە بۆ دەرمان و چارەسەریی قوتابییەکان دابوو. شتێک کە بانگەشەکانی نووسینگەی سەرۆک کۆماری لە بواری دانی تەواوی تێچووەکان لەگەڵ گومان ڕووبەڕوو دەکاتەوە، دواتریش هەواڵ هات کە سێ قوتابی شێناوێ خراونەتەوە ژێر نەشتەرگەرییەوە. وەزیری پەروەردە و فێر کردن هاتە مەیدان و دڵنیایی دا کە لە هەمان دەستپێکی کاری حکومەتی یازدەهەم بڕیار دراوە خەستەخانە و دەرمانی قوتابیان، وەزارەتی تەندروستی لە ئەستۆ بگرێ، دوارۆژیان لە لایەن وەزارەتی کارەوە و درێژەپێدان بە خوێندنیش وەزارەتی پەروەردە و فێکر کردن وەئەستۆ بگرن.

٩ی بەفرانبار هەواڵ هات کە کۆمەڵێک لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی تاران لە نەخۆشخانە و دوور لە دەرس و ماڵ و قوتابخانەی شێناوێ، دەرسیان پێ دەڵێنەوە. وەرزشکارەکانیش چوونە سەردانی منداڵەکان و ئەو قەتارەی کە دەبوایە زۆر لە مێژەوە ڕێ بکەوێ، وردە وردە و بە لانی کەمەوە لە هەواڵەکاندا خێرایی بە خۆیەوە بینی.

دوایین هەواڵ ڕۆژی ١٩ی بەفرانبار بلاو کرایەوە. هەواڵێکی ساکار و کورت. دووهەمین دەستەی منداڵانی شێناوێ لە نەخۆشخانەی حەزرەتی فاتمە دەستیان بە چارەسەریی خۆیان کرد. هێشتا هەواڵێکی دەقیق لە ئاکامی نەشتەرگەرییەکان بەردەست نەکەوتووە. بەڵام چارەنووسی ئەو بڕە پارەیە کە بۆ تەداوی و دەرمانی قوتابییەکان پێویستە، زۆر ڕوون نییە.

بەدواداچوونەکانی «رادیوفردا» کاردانەوەی بەربڵاوی گوێگرانی ئێرانی ئێمەی لە نێوخۆی ئێران و سەرانسەری دونیا بەدوای خۆیدا هێنا. بەسەرهاتی بێگەرد و ئاشکرای منداڵەکان دڵی زۆر گوێگری خستە ئازار. زۆر کەسی خستە بیری ئەوەی یارمەتییان بدات و تەنانەت کەسانێک گوتیان بەشداری تێچووی داو و دەرمانییان دەکەن. هێندێکیان لە ڕێگای دوورەوە بۆ منداڵانی شێناوێ و ڕوخساری سووتاویان گریان. گوێگرێکی ڕادیۆ فەردا (بە گریانەوە) :

« دڵم ژانی کردووە. یانی لە نێو ئەم تارانەدا دوو هاووڵاتی پەیا نابێ؟ ئەو هەموو پوول ژێر و بن دەبێ، دوو دانە هاووڵاتی پەیا نابێ چارەسەری ئەم منداڵانە بکات؟ چی لە ئێمە ڕوویداوە؟ لە کوێی ئەو دونیایەدا دەژین؟ تەنیا کۆمەڵێک بخۆن و ببەن؟ کەس نییە ئەو چەند منداڵە عیلاج بکات، چی بەسەر ڕۆژگاری ئێمەدا هاتووە؟»

و گوێگرێکی تر بە ڕادیۆ فەردا دەڵێ:

«قەسەم بەخوا کاتێک ئەوان قسەیان دەکرد، فرمێسک لە چاوەکانم دەهات. من ئێرانییەکم دڵم بۆ هەموو ئێرانییەکان دەسووتێ. قەسەم بە خوا من شۆفێرێکم و پوولم نییە، بە و کەسەی کە باوەڕتان پێیەتی، بە وەڵلا، بە ویجدان و مرۆڤایەتی قەسەم، ئەگەر پوولێکم هەبوایە، ئەگەر دەمتوانی یارمەتی بدەم، قەسەم بە خوا تێچووی دەرمانی سەرجەمیانم وەئەستۆ دەگرت. بەڵام کەسانێک هەن لەم وڵاتەدا بۆ نموونە بابەک زەنجانی کە بۆ ئەوی پوولی یەک پاکەت جگەرە دەکات. ئەگەر بیهەوێ ئەمانە بەڕێ بکات، ناتوانێ کار بکات ؟ خەڵکی تر، ناتوانن کارێک بۆ ئەم کچە منداڵانە بکەن؟ ئەو کچانە بەخوا قەسەم ئەگەر ئێرانی بی دەبێ بۆیان بگری. چونکی ئەوان گەنجییەتیان ڕۆشت».



بەو حالەش ئەگەر بێت و هەموو ئەو هەواڵانە بۆ دەرمانی قوتابییان لە ڕێگەی دوورەوە قبوول بکەین، هێشتا شتگەلێک هەن کە ناکرێ لە بارەیانەوە دڵنیا بین. هیچ نەشتەرگەرێک ناتوانێ بیرەوەری سووتان لە ڕۆحی قوتابیانی شیناوێ بسڕێتەوە. خەندەی بەر لە ئاگر کەوتنەوە ناکرێ لەسەر روخساری بچووکی ئەوان نەشتەرگەری بکرێ. ترس لە ئاوێنە تا کەی لەگەڵ ئەو منداڵانە دەمێنێتەوە؟ تا کەی لە چاوەکان و نیگاکان خۆ حەشار ئەدەن ؟

ئەمە قسەکانی ئامینەیە:

«کاتێک دەچم بۆ شایی، هەموو ئەو خەڵکە سەیرم دەکەن و منیش حەز ناکەم سەیرم کەن. سەرجەم منداڵەکان و هاورێکانیشم هەروان».

و ئەمەش هەستی نادیا :

«واهەست دەکەم کە هەموان سەیری من دەکەن. هەموو خەڵکی جیهان سەیری من دەکەن. زۆر شەرم دەکەم کاتێک کەسێک سەیرم دەکات».

ئامینە باس لە ماڵەوە دەکات، لە ئازارێک کە برا و خوشکەکانی لێی دەترسن.

«دوو خوشک و برایەکم هەیە. سەرەتا کە لە ئیسفەهان مەرەخەس کرام، لێم دەترسان، دواتر وردە وردە لەگەڵم ڕاهاتن. ئێستا من دەناسنەوە. هێندێک جاریش لەگەڵ یەکتری یاری دەکەین».

و نادیا لە ترازانی شیرازەی دەروونی کە منداڵێکی کارەسات دیتوو لەگەڵی دەژی، لە پەیوەندی زۆرخرابی لەگەڵ خوشک و براکەی ئەدوێ:

« زۆر خرابە، زۆر زوو توورە دەبم، لێی دەدەم، نیگەران دەبم، زۆرم توورە دەکات، دێت لە ئامێزم دەگرێ. دەڵێم وازم لێ بێنە. بەڵام واز ناهێنێ، دوایی من لە تووڕەیی خۆم لێی دەدەم. هەموو مندالەکان هەروان، زۆر توورە دەبن، لەراستیدا ڕۆحییان زۆر گۆڕاوە».

هیوای ئامینە بچووکە، قوتابییە بچووکەکەی شێناوێ لە سووتانەوە دێت و بۆ قوتابییەکانی تر هیوای نەسووتانی هەیە:

«زۆر ڕقم لە بیرەوەری ئاگرکەوتنەوە دەبێتەوە، ئیتر نامهەوێ هیچ کەسێکی تر بەو شێوەیە و وەک ئێمە بسووتێ».

ئامینە لەوانەیە نەزانێ، لەوانەشە کە باشتر بێ هەر نەزانێ کە ئێستاش ١٥٠ هەزار پۆلی دەرس لە ئێران بە زۆپای نەوتی گەرم دەبن.

سەرچاوە : رادیو فردا

وێنەکان لە ڕادیۆ فەردا وەرگیراون

# کچان و ژنانی خەتەنەکرا و کەم ئەندامانی قوربانی دەستی باوەڕ و نەریتە نادروستەکان

نیشتمان ڕووحانی



ڕۆژی جیهانی ڕوبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەرجۆرە کەمئەندام کردنی ژنان یەکێک لە ڕۆژەکانی وشیارکردنەوەی نێونەتەوەییە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ٦ی فوریەی هەرساڵ واتە (١٧ی ڕێبەندان)ی تایبەت کردووە بە خەبات بۆ بەرەنگاربوونەوەی کەم ئەندام کردنی رەگەزی مێینە کە مەبەست خەتەنە کردنە. یەکەم جار لە ٦ی فوریەی ساڵی ٢٠٠٣ استیلا اوباسانجو، خانمی یەکەمی وڵاتی نیجرییە لە کۆنفرانسێک کە لە لایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئافریقایی بەڕێوە بردنی داب و نەریتە کاریگەرەکان لەسەر تەندروستی ژنان و منداڵان بەڕێوەچوو، ئەم ڕۆژەی پێشنیار کرد. دواتریش کومیسیونی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم ڕۆژەی وەکوو یەکێک لە ڕۆژە نێونەتەوەییەکان پەسەند کرد.

خەتەنە یەکێک لەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەیە کە لە زۆربەی وڵاتان پەرەی پێدەدرێت، دیارە هۆکاری بڵاوبوونی ئەو دیاردەیە لە نێو کۆمەڵگادا بە شێوەی جیا جیا دەخرێتە بەر باس و شرۆڤە دەکرێت کە لە بەشێکی زۆر لە وڵاتان ئەو دیاردەیە بە کردەوەیەکی باش و لە هێندێکیتر بە تایبەت لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوو تا ئێستا باس لە دزێو بوون و هەوڵ بۆ دانانی یاسایەک بۆ بەرگری لەو کردەوەیە دەکرێت. دەستەواژەی «خەتەنە کردنی زایەند»، کە بە گوێرەی نەریتێکی زۆر کۆن پێڕەو دەکرێ، چەندین جۆری ئەو نەشتەرگەرییە دەگرێتەوە. لە هێندێک حاڵەتدا بەشێک لە «لێو»ەکانی زایەند لێ دەکرێتەوە و لە هێندێک حاڵەتی دیکەدا لێوەکان بە کەرەستەیەکی تیژ دەپێکرێن، بەڵام مەترسیدارترین شێوەی خەتەنە ئەوەیانە کە بە «خەتەنەی فیرعەونی» یان «ئینفیبولاسیۆن» دەناسرێ. لەم جۆرەی خەتەنە کردندا، سەر و ژێری لێوەکان دەبڕدرێن و زایەندیش وەها دەدوورێتەوە، کە تەنیا بۆشاییەکی یەک سانتیمەتری دەهێڵرێتەوە، بۆ بەجێ گەیاندنی پێداویستییە سروشتییەکانی وەک میز کردن و مەنستراسیۆن.

ئەم کارە زیاتر لە تەمەنی چوار تا چواردە ساڵیدا دەکرێ. بە گوێرەی بەدواداچوونەکانی یوونیسێف، لە هەندێ شوێن کچان لە ڕۆژانی بەر لە شووکردن، یان لە کاتێکدا کە بە یەکەم منداڵیان دووگیان دەبن، یەکسەر دوای یەکەم منداڵبوون خەتەنە دەکرێن. هێندێک لەو منداڵانەی خەتەنە دەکرێن، لە ئەنجامی چڵک



کردنی برینەکانیاندا گیان لە دەست دەدەن.

دیاردەی خەتەنە کردنی ڕەگەزی مێینە، تەنیا تایبەت بە ناوچەیەکی دیاریکراوی جیهان نییە و وەک یوونیسێف دەنووسێ «لە ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی، واتە لە ئیندۆنیزیاوە، تا ئەوسەری ڕۆژئاوا - پیرۆ لە ئەمریکای لاتین، ئەم ڕەگەزە خەتەنە دەکرێن.» بەڵام دیاردەکە لە پارزەوینی ئەفریقا زیاتر بەرچاو دەکەوێ و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، بە تایبەت لە ناوچە دوورە دەستەکاندا، بەرچاوترە لە وڵاتانی پێشکەوتوو.

ئەوەی دەزانرێ ئەوەیە کە بەشێک لەو نەریتانەی ڕێگە بە خەتەنە کردنی ژنان دەدەن، هۆکارگەلی ئایینی و مەزهەبیی بۆ دێننەوە. کەچی لە هیچکام لە کتێبە ئایینیەکان باسێک لەو نەکراوە. بەو حاڵەش، خەتەنە کردن تا ئێستاش درێژەی هەیە، ڕێکخراوی یوونیسێف پێ وایە» ڕیشەکەی بۆ ئەو باوەڕە نەریتییە دەگەڕێتەوە کە دەبێ بەو جۆرە بکرێ ڕۆڵ و جێگە و پێگەی ژنان لە ژیانی ڕۆژانەدا کۆنترۆڵ بکرێ».

ئەمە لە کاتێک دایە کە زۆرێک لە کۆمەڵناسان وای بۆ دەچن کە، هەرچەند ئایینەکان لەو بوارەوە هیچیان نەگوتبێ، بەڵام هەرچۆنێک بێ درێژەدەری ئەو نەریتە بوون، نەریتێک کە لە ڕێگەی دینەوە بووەتە «سوننەت».

چالاکانی بواری ژنانیش پێیان وایە کە خەتەنە کردن میکانیزمێکە لە دەست کۆمەڵگە پیاوسالارەکاندا، بۆ کۆنترۆڵکردنی ژنان و ڕاپۆرتەکەی یوونیسێفیش ئەو گریمانەیە پشتڕاست دەکاتەوە.

- بەپێی بۆچوونی پزیشکەکان و پسپۆڕانی دەروونی، خەتەنەکردنی مێینە چەندین دەرئەنجامی نێگەتیڤی تەندروستی و دەروونی بۆ سەر مێینە هەیە.

لە ڕوانگەی زانستی پزشکییەوە بە هیچ شێوەیەک لە بەر چەند هۆکاری تایبەت نابێ کچان خەتەنە بکرێن لەبەر ئەوەی:

ـ لە بواری تەندرووستی و بێهداشتییەوە ئەو کەرەسانەی کە بە مەبەستی خەتەنە کردن بەکاری دێنێن خاوێن نین و نا تەندرووستن و ئەگەری ئەوە هەیە هەڵگری ڤیرووس بن.

ـ لایەنێکی دیکە ئەوەیە زۆر حاڵەت هەن کە پاش خەتەنە کردن تووشی هەو کردن و عفوونەت کردن دەبێ و ئەگەر بێت و پێستەکە لە دەوری لەشی ببرن مەترسیی زیاترە چونکە مانەوەی خودی ئەو پێستە یارمەتیی بەوە دەکات کە ئەو کچە تووشی عفوونەت نەبێ.

ـ حاڵەتێکی دیکە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە خەتەنە دەکرێن بە زۆری نەزۆک دەبن و منداڵیان نابێت و هەروەها خەتەنە کردن هەست و سۆزی ئەو کچە کەم دەکاتەوە و پاش هاوسەرگیری کێشە دەکەوێت نێوان ئەو و هاوسەرەکەی و زۆر جاران دەگاتە ئاستی جیا بوونەوە و لێرەدایە کە دەبێ ئەو پیاوانە لە ژنەکانیان تێبگەن و هەوڵ بدەن بە دەربڕینی هەستی خۆشەویستییان لە نیگەرانی و ئاسەوارە خراپە دەروونیەکانی هاوسەرەکانیان کەم بکەنەوە.

بەشێک لەو کچانەی خەتەنە دەکرێن دەمرن، ڕێژەیەکی زۆریش تووشی کێشەی جەستەیی زۆر مەترسیدار دەبنەوە و هەمووشیان، لە بواری دەروونییەوە، تووشی ناهەموارییەکی درێژخایەن دەبن.

خەتەنەکردنی ژنان جیا لەوەی کە لە بواری دەروونناسییەوە دەبێتە هۆی داڕمانی هەتاهەتایی کەسەکە و بۆ هەمیشە بەشێک لە هەستە سرووشتییەکانی بە تیغی دواکەوتوویی دەبردرێ، بگرە هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی دەبێ لەگەڵ کەم ئەندامبوونیدا بژێت و ئەمەش لە خۆیدا تا ڕادەیەک ڕاستە بە شێوەیەکی ئارام و بێدەنگ بەڵام بە جیدی کاریگەری دەبێ لە سەر مرۆڤەکان لەو کۆمەڵگایەدا.

ئەو کەسانەی دووچاری ئەم ستەمە دەبنەوە لە ژیانی هاوسەرگیریدا ڕووبەڕووی گرفتی سێکسی و دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبنەوە کە کاریگەریەکی نەرێنی لەسەر تەواوی ژیانیان جێدەهێڵێت، دووچاری ساردی سێکسی دەبن و ئارەزووی سێکسیان کەم دەبێتەوە. ئەمانەش تێکرا کاریگەریی نەرێنی بۆ سەر پەیوەندیەکانی نێوان هاوسەران دروست دەکات و ئەو ژنانە بەردەوام لە دڵەڕاوکێدا دەژین. چونکە وا بیردەکەنەوە کە هەتا سەر ناتوانن سەرنجی هاوسەرەکەیان ڕابکێشن و لەوە دەترسێن کە





هاوسەرەکەیان بیر لە جیابوونەوە بکاتەوە یان لە دەرەوەی ژیانی هاوسەریدا ناپاکی هاوسەری ئەنجام بدات یان بۆ هێنانی ژنی دووهەم گوشار بخاتە سەری.

هەر بۆیە دەکرێت خەتەنە کردن بە یەکێک لە هەرەشە راستەقینەکانی سەر ژیانی هاوسەریی هەژمار بکەین و بە یەکێک لە قێزەونترین فۆرمەکانی توندوتیژی بناسین لە بەرامبەر رەگەزی مێینە.

لە پێناو نەهێشتنی ئەم دیاردەیە بزوتنەوەکانی ژنان بەردەوام خەریکی دۆزینەوەی رێگاچارە بۆ بەرەنگار بوونەوەی توندتیژی دژی ژنان بوونە، کە یەکێک لەوانە بەرەنگاربوونەوەی کەم ئەندامکردنی رەگەزی مێینەیە. کارەساتی خەتەنەی ژنان یەکێک لە ناحەزترین شێوەکانی بەرێوەبردنی توندوتیژی دژ بە ژنانە کە بە داخەوە زۆر جار لە لایەن خودی ژناندا (دایک، دایە گەورە، خوشک،...) بەرێوە دەچێت.

ئەگەر سەرجەم یەکە و دامەزراوەکانی کۆمەلگا بە ئەرکی خۆیان هەستن بێ گومان دەتوانرێ بەرەنگاری ئەم دیاردەیە ببنەوە وەکوو حکومەت لە رێگای دەرکردنی یاسای تایبەت و هەروەها غەرامە کردن وگرتنە بەری رێوشوێنێ پێویست. سیستەمەی پەروەدە بە هەموو دامەزراوەکانییەوە، رێکخراوەکانی چالاک لە بواری ژنان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە بلاو کردنەوەی رۆشنگەری و بە تایبەتی ئاگادارکردنەوەی خێزانەکان لە مەترسییەکانی ئەم دیاردە نەخوازراوە.

کە ئەم هەولانە دەبێتە هۆی رۆژ لە دوای رۆژ بنبڕکردنی خەتەنەی کچان لە نێو کۆمەڵگا.

هەروەها پێویستە رۆڵی رێکخراوەکان لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم توندوتیژییە دیاری بکرێت.

گرینگترین هەنگاو لەم رێگایەدا هەڵمەتی فێرکردن و وشیارکردنەوەیە، دەبێ تاکەکان فێر بکرێن کە ئەم کارە چ شوێنەوارێکی خراپی لەسەر جەستە و دەروونی ژناندا دادەنێت. ئەگەر ژنان بە دروستی لە ئاکامی خەتەنە ئاگادار بکرێن، هیچ دایکێک پێ خۆش نابێ زوڵمێکی وەها گەورە دەرهەق کچەکەی بکا، کە ئەمەش دەکەوێتە بازنەی فێرکردنی ژنان لەبواری ئاکامەکانی ئەم کارە.

هەر چەند خەتەنەکردن لە گەڵاڵەنامەکانی مافی مرۆڤ، رێکخراوی تەندروستی جیهانی، یونیسێف و یاسای زۆرێک لە وڵاتان قەدەغە کراوە، ئەگەرچی لە ئێران هیچ یاسایەکی تایبەت لەم بوارەدا نیە، کەچی لە زۆر شوێنی جیهان و لەوانە کوردستانیش ئەو دیاردەیە بن بڕ نەبووە و هێشتا بە شێوەیەکی بەربڵاو دیاردەی خەتەنە کردنی ژنانی تێدا پێڕەو دەکرێ.

بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوودا و بە پشتیوانیی چەند پرۆژەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو زانیارییانە کە لە ڕێگەی مێدیاکانەوە بڵاو دەکرێنەوە، دیاردەکە روو لە کەمبوونەوەیە و لە باشووری کوردستانیش، لە ڕێگەی یاساییەوە بە تەواوی قەدەغە کراوە، ئەگەرچی ئەم یاسایە تایبەت بە قەدەغەکردنی خەتەنە نیە بەڵام بە پێ یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١ بۆ بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژي بە دژی ژنان، خەتەنە کردنیش دەگرێتەوە. ئەمە لە کاتێک بوو کە لە ساڵی ٢٠١٠دا، ڕێژەی ژنانی خەتەنەکراو لە هەرێمی کوردستان،٦٠ تا ٧٠ لە سەد بووە.

بەداخەوە دوایین ئامارەکان سەبارەت بە خەتەنە کردنی کچان ئەم ڕێژە زۆر مەترسیدارانەمان پێ دەڵێن :

بە گوێرەی سەرژمێرییەکان، حەشیمەتێکی ١٢٥ میلیۆنی لە ژنانی جیهان خەتەنە کراون و هەموو ساڵێکیش، زیاتر لە دوو میلیۆن ژن خەتەنە دەکرێن. بەڵام بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی یوونیسێف، «ژمارەی نەزانراو لەوانەیە زۆر لەوە زیاتر بێ.»

ڕۆژانە ٦ هەزار مێینەی تەمەن ٤ تا ١٠ ساڵ لە جیهان خەتەنە دەکرێن کە نیسبەتەکەی لە هەندێک وڵات دەگاتە ٨٩٪ کۆی ژنانی وڵاتەکە.

شۆڕش گوڵکار

# وۆرک شۆپ چیه؟

وۆرك شۆپ بریتییە لە خڕبوونەوەی ژمارەیەك لە كەسانی بە ئەزموون و بەرپرس لەگەڵ چەند كارناسێك بە مەبەستی دۆزینەوەی كاری گونجاو و بنەمایی لە بواری مژارگەلی تایبەتی و كێشەكانی پەیوەندیدار و بردنەسەری ئاستی شارەزایی وان. بەشداربووان لە وۆرك شۆپەكە لانیكەم دەبێ خاوەنی بەرپرسایەتی بەڕێوەبردن بن یان لە داهاتوویەكی نزیك هەوڵی راپەڕاندنی ئەركی وەئەستۆ گیراو بدەن. وۆرك شۆپ شێوازێكە بۆ چارەسەركردنی مژارەكە و بۆ بەشداریی كەسانی دیكە لە هەموو جۆرە پسپۆڕیەك بۆ ئاخاڤتنی گشتی بەكاردێنن. ریزبەندی فێركاریی هەر چالاكیەكی نوێ لە درێژەی وۆركشۆپەكە دەبێ لەسەر بنەمای مژارگەلێك بێت كە لە پێشدا هەر لەو وۆركشۆپە وەكوو وانە گوترابێتەوە. وۆركشۆپ لە ماوەی چەند رۆژ تاكوو یەك حەوتوو بەڕێوەدەچێت. تەواوی بەشداربووان چالاكانە لە باسەكاندا بەشداری دەكەن و بە هاریكارییەك باشترین ڕێگەچارە دیاری دەكەن. یەكێ لە شیاوترین شێوازەكانی بەكارهاتوو لە وۆرك شۆپ، باسی گشتییە لەمەڕ مژارگەلێك كە پێشتر دیاری كراوە. هەر ئەندامێك راوبۆچوونی خۆی رادەبرێت و هاوكات لە راوبۆچوون و ئەزموونی بەشداربووانیش سەبارەت بە پرسیارەكانی دڵخوازی خۆی كەڵك وەردەگرێت. لە وۆرك شۆپ سەرچاوەی گونجاو سەبارەت بە مژاری وۆرك شۆپەكەوە پێشكەش دەكرێت. پاش كۆتایی هاتنی وۆرك شۆپەكە چاوەڕێ ئەوە دەكرێت كە كاریگەری هەبوو بێت لەسەر ئاستی فیكریی بەشداربووان و بەشداربووانیش هاندرابێتن بۆ بەكارهێنانی شێوازە گونجاوەكان.

ئارمانجی وردی وۆرك شۆپ چێ بوونی بارودۆخێكە كە لەودا بەشداربووەكان لە وۆرك شۆپەكە بڕیاربدەن و گەڵاڵە دابڕێژن و گۆڕانكاری پێویست بیهێننە ئاراوە.

ڕێژەی بەشداربووەكان لە وۆرك شۆپ بە گوێرەی باو ١٠ تا ١٥ كەسە و ئەو پەڕی ٢٥ تا ٣٠ كەسە.

هەر وۆرك شۆپێك بە گشتی لە سێ بەش پێكهاتووە:

١- ئاخاڤتن «كە یەك لە شەشی كاتی وۆرك شۆپەكە تەرخان دەكات»

٢- باسی گشتی و چالاكی لە گروپە چووكەكان «دوو لە سێی كاتی وۆرك شۆپەكە بۆ خۆی تەرخان دەكات»

٣- كۆبوونەوەی پێشكەش كردنی چالاكیی گروپەكان و بەشداریی گشتی «یەك لە شەشی كاتی وۆرك شۆپەكە بۆخۆی تەرخان دەكات»

تەنگاویگەلێك كە لە شێوازی فێركاری لە وۆرك شۆپدا هەیە بریتین لە:

- پێویستی بە كاتێكی زۆر بۆ بەشداربووان و بەڕێوەبەران هەیە.
- بۆ ڕێژەی كەمتر لە دە كەس بەكەڵك نایێت.
- پێویستی بە ساناكاریی تایبەت هەیە.
- ئەگەری بەشداری نەكردنی بڕێك لە بەشداربووان و چالاكانی سەربەخۆ لە درێژەی وۆرك شۆپە لە ئارادایە.
- بەڕێوەبردنی وۆرك شۆپ تێچوویەكی لانیكەم زۆری هەیە.

بەر لە بەڕێوەبردنی وۆرك شۆپەكە پێویستییەكانی لە كۆمەڵگە وەكوو سیستمی تەندروستی یان چالاكانی تەندروستی دیاری بكرێت. دەقاودەق كردنی مژاری وۆركشۆپەكە لەگەڵ پێویستیەكانی باسكراو دەبێتە هۆی بزوێنەری پتری بەشداربووان بۆ فێربوون و بەكارهێنانی وانە فێربووەكانیان.

ئارمانجە فێركارییەكان دەبێ لە شرۆڤەی پێویستیەكان سەرچاوەی گرتبێت. ڕێژەی كەسانێك كە بڕیارە فێربكرێن. چیەتی فێركردن و چالاكیەك كە فێرخوازان پاش فێربوون دەبێ توانای بەكارهێنانیان هەبێت، پێناسە بكرێت.

باشترە كە وۆرك شۆپەكە پاش رۆژێكی پشوو بەڕێوەنەچێت و شوێنی بەڕێوەبردنەكە لە شوێنی مانەوەی بەشداربووەكان دوور بێت.



چالاکیگەلێك کە دەبێ بەر لە بەڕێوەبردنی وۆرك شۆپەکە بکرێت:

بەرنامەرێژیی وۆرك شۆپەکە لە لایەن شاندی پێکهاتوو لە سەرۆك و بەرپرسی بەڕێوەبەری بەرنامەکان بەڕێوەدچێت. بڕیاراتی گرینگ دەبێ لانیکەم دوو مانگ بەر لە بەڕێوەبردنی وۆرکشۆپەکە درابێت. شاندی ناوبراو کە ئەرکی بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی وەئەستۆیە بە پێی بەرنامەرێژیەکە بەڕێوەچوونی قۆناغگەلی جۆراوجۆری گەلاڵەکە دیاریکراوە. لە کۆتاییشدا دەبێ لەمەڕ بایەخەکانی وۆرکشۆپەکە چڕبنەوە.

پێکهێنانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی وۆرك شۆپەکە

دیاریکردنی ئەم خاڵانەی وە ئەستۆیە:

- دیاریکردنی ئارمانجگەلی گشتی، ئارمانجگەلی تایبەتی ئاکاری
- دیاریکردنی سەردێری وۆرك شۆپەکە
- دیاریکردنی جۆری کەسانی بەشداربوو و جۆری پسپۆرییەکەیان
- پۆلین و دەستەبەندی بەشداربووان بۆ گروپگەلی چووکە، بە لەبەرچاوگرتنی پسپۆڕی و ئەزموونەکانی وان
- کاڤشکی و دابینی لەخۆداگری فێرکاری
- دابینکردنی پرسیارەکانی ئەزموونێك بۆ هەڵسەنگاندنی خوازیارانی فێرکاری و پاش ئەزموونەکە و چاپکردنیان بە گوێرەی ڕێژەی بەشداربووان
- هێنانە ئارای پرسیارگەلی باسی گروپی گونجاو بە پسپۆڕی و مژاری باسەکان.
- دابینکردنی فۆرمی ڕەوتی دیاریکردنی بایەخی وۆرك شۆپەکە و ڕاخوازی لە کۆتایی وۆرك شۆپەکە
- دیاریکردنی شوێنی وۆرك شۆپەکە
- کاڤشکی شوێنی حەوانەوەی بەشداربووەکان
- دیاریکردنی کاتی بەڕێوەبردنی وۆرك شۆپەکە
- دیاریکردنی بەڕێوەچوونی قۆناغگەلی جۆراوجۆری بەرنامەکە «بەلەبەرچاوگرتنی کاتی وتاربێژیەکان، پشوو، چالاکیی گروپی، باسی گشتی، کاتی گردوکۆی»
- دیاریکردنی سەرۆکی کۆبوونەوەکە، بەرپرسی کۆبوونەوەکان لە نێو بەشداربووەکان لە هەموو ڕۆژەکاندا دیاریدەکرێت
- کاڤشکی چاودێر یان ساناکاری باسی گروپی





- دابینکردن و ناردنی گەلاڵەی وۆرك شۆپەکە بۆ کەسانی بەشداربوو و کەسانی دیکە
- دیاریکردنی چاوەڕوانییەکان لە کەسانی بەشداربوو «ڕاسپێری بۆ خوێندنەوەی دەقە تایبەتییەکان، کۆکردنەوەی ئامار یان زانیاریگەلی تایبەت و...» و ناردنی شیکردنەوەی چاوەڕوانیەکان بە هەڤڕای بانگهێشتنامە
- دابینکردنی بانگهێشتنامە و ناردنی لە کاتی خۆی بۆ بەشداربووەکان، دیاریکردنی کاتێك بۆ قبوڵکردنی فۆرمی داخوازنامە
- کاڤشکی و دابینکردنی تێچووی وۆرك شۆپەکە
- کاڤشکی و دابینکردنی لۆجستیك و کەرەستە و دیاریکردنی بەرپرسی لوجستیك و کەرەستەکان
- هەڵواسینی پلاکاردگەلی پێویست
- پەیوەندی لەگەڵ ڕاگەیەندنەکان بۆ وتووێژکردن و ئامادەکردنی ڕاپۆرت
- تاوتوێکردنی دمایی بارودۆخی هۆڵەکە و پۆلەکان لە دوو ڕۆژ بەر لە بەرێوەچوونی وۆرك شۆپەکە
- ئەو هەوڵانەی کە دەبێ لە کاتی بەرێوەچوونی وۆرکشۆپەکە بکرێت:
- سەرۆکی کۆبوونەوەکە لە پێشدا بەخێرهاتن دەکات و ئەندامانی وۆرك شۆپەکە دەناسێنێت. وتاربێژەکان لە لایەن سەرۆکی کۆبوونەوەکەوە بانگهێشت دەکرێن. بەرنامەکە ڕادەگەینرێت.
- هەر وتاربێژیەك نزیکەی ٢٠ تا ٣٠ خولەك بابەتەکەی پێشکەش دەکات و پاشان ئەندامان لە گروپگەلی ٥ تا ١٠ کەسی لە پۆلەکانی چالاکی گروپی سەبارەت بە پرسیارگەلی دیاریکراو ڕاوبۆچوون دەگۆڕنەوە
- پاش کۆتای هاتنی چالاکیی گروپی لە دانیشتنێکی گشتی لە هەر گروپێك یەك کەس وەکوو ڕیپۆرتێر، ئاکامی چالاکی گروپەکەی خۆی پێشکەشی ڕای گشتی بەشداربووان دەکات تاکوو لەسەری باس و گفتگۆ بکەن
- لە هەر گروپێك یەك کەسی ڕێنوێنیکار بۆ ساناکاری و هەماهەنگی چالاکیی گروپی بوونی هەیە، ئەم کەسانە لە پێشدا دیاریکراون

ئەرکەکانی سەرۆکی کۆبوونەوەکە:

- بەرێوەبەرایەتی لە کۆبوونەوەکە لە دەستپێکەوە تاکوو کۆتایی وتاربێژی مامۆستایان تاکوو کۆبەندکردنی باسە گشتیەکانی کۆبوونەوەکان وەئەستۆی سەرۆکی کۆبوونەوەکەیە
- لە سەرۆکی کۆبوونەوەکە چاوەڕێ دەکرێت:
- خۆی وەکوو ئەندامانی دیکە بزانێت
- هانی بەشداربووان بدات بۆ بەشداری لە باسەکان
- ئەندامانی بەشداربوو دڵگەرم بکات و پێیان

رابگەیەنێت کە ڕێز لە ڕاوبۆچوونی یەك بگرن
- ئەندامان بەرەو دەرکردنی بڕیاری بەکۆ ڕێنوێنی بکات
- ڕێز لە بۆچوونە ڕاست و شیاوەکان بگرێت و کاردانەوەی گونجاو نیشان بدات
- کەڵك لە پسپۆڕی هەموو بەشداربووان بگرێت
- لەبیری بێت کە هیچ ئەندامێکی بەشداربوو لەوی خوارتر نیە
- لە ئەگەری چوونەدەری وتاربێژ لە مژاری باسەکە دەتوانێ ئاگاداری بکاتەوە
ئەرکەکانی بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە:
پاراستنی ڕێك وپێکی و ڕیزبەندی باسەکان
- لەبەرچاوگرتنی کاتی دیاریکراو بۆ هەر چالاکییەك
- هاریکاری لەگەڵ سەرۆکی کۆبوونەوەکە لە بانگهێشتکردنی مامۆستایان و نوێنەرانی گروپەکان بۆ پێشکەشکردنی ئاکامی چالاکیە گروپیەکان بە پێ گەڵاڵە داڕێژراوەکە
- نووسینی پەسەندکراوەکان و ڕاگەیاندنی بە ئەندامانی کۆبوونەوەکە و بەڕێوەبەرانی
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی وۆرك شۆپەکە
- مژارگەلێك کە وتاربێژ «فێرکار» پێویستە لەبەرچاوی بگرێت:
- ماوەی وتاربێژی نابێت لە ٣٠ خولەك پتر بێ
- ئامانجەکانی فێرکاری لە سەرەتایی وتاربێژیەکەی دەبێ بە بەشداربووان ڕابگەیەنێت
- لەبیری بێت کە وەڵامی زۆربەی پرسیارەکان دەتوانرێت لە درێژەی باسە گروپیەکان بدرێتەوە
- کەڵك لە بابەتگەلی نوێ بۆ پێشکەشکردنی مژارەکەی وەربگرێت
- سەردێری بابەتەکان بە شێوەی نامیلکە بۆ بەشداربووان دابین بکات
- چێکرنی بزوێنەر لە سەرەتایی وتاربێژیەکان کە دەتوانرێت بەم جورە بەڕێوەبچێت:
- پیشاندانی فلیمێکی ویدیۆی کورت یان ئسلاید یان وێنەیەك سەبارەت بە مژاری باسکراو
- گوتنی ئەزموونێکی خۆت یان چیرۆکێك سەبارەت بە مژاری باسکراو
- خوێندنی کۆپلە شێعرێك یان دەقێکی کورتی ئەدەبی کە پەیوەندی بە باسەکەوە هەبێت

شێوازی چالاکی کاری گروپی:
- ئەندامان لە گروپگەلی چووکەی ٥ تا ١٠ کەسی لە پۆلی جیاواز و شوێنی فێرکاری بە کەرەستەی پێویست وەکوو میزوکورسی، وایت بۆرد، ماژیك و هتد، جێگیر دەکرێن.
- ئەندامان خۆیان دەناسێنن.
- لە گروپدا یەك کەس وەکوو سەرۆك و کەسێکیش وەکوو دەبیر هەڵدەبژێردرێن.
- سکرتێرێك و ڕیپۆرتێرێك دیاری دەکرێن.
- ئارمانجەکان و کاتی چالاکیی گروپەکە لە لایەن ڕێنوێنیکەرەوە بە هەموو ئەندامانی گروپەکە ڕادەگەیەندرێت.
- سەرۆکی گروپەکە بەڕێوەبەرەی کۆبوونەوەکە و پاراستنی ڕێکوپێکی و هاوئاهەنگی لە نێوان دەبیری گروپەکەی وەئەستۆیە.
- نووسینی باسەکان و خاڵگەلی گرنگ لەسەر وایتبۆردەوە وەئەستۆی سکرتێری وایتبۆردە.
- ڕیپۆرتێر، ئەو بڕیارانەی کە دەرچووە لە نێو باسە گروپییەکاندا ڕادەستی وۆرکشۆپەکەی دەکاتەوە (تێبینی: ڕاوبۆچوونی تاکەکەسی خۆی ناگونجێنێ) ئەگەر لە کاتی ڕاپۆرتەکەدا وەڵامی پرسیارێکی نەدایەوە دەتوانێت لە ڕاوبۆچوونی کەسانی دیکەی گروپی خۆی کەڵك وەرگرێت.
ئەرکەکانی ڕێنوێنیکەر لە کۆبوونەوەکانی چالاکیی گروپی:
ڕێنوێنیکەر ئەندامی گروپ نیە و ڕاوبۆچون دەرنابڕێت، چونکە ڕۆڵی هاوئاهەنگی و ڕێنوێنیکەری هەیە تاکوو ئەندامانی گروپەکە لە کاتی باسە گروپییەکان بە لاڕێدا نەچن، ئەگەر ئەندامان بە هۆی کەمیی زانیاری گەیشتنە بن بەست ڕێنوێنیکەر دەتوانێت زۆر کورت و پوخت ئاماژە بە مژارەکە بکات و ئاکامەکەشی بە بەشداربووان ڕابگەیەنێت.
ئەرکی سکرتێری وایتبۆردەکە لە کۆبوونەوەی چالاکیی گروپی:
لە چالاکیی گروپی، سکرتێری وایتبۆردەکە ئەندامێکە لە گروپەکە لە ڕاوبۆچوونەکان بە ڕادەی وان پشکی هەیە و مانشێتی باسەکان و خاڵە گرنگەکان کە بە کاری ئەندامانی گروپ دێن لەسەر

وایتبۆردەکە دەنووسێت.
ئەرکی ڕێپۆرتێر لە کۆبوونەوەکانی چالاکیی گرووپی:
ڕێپۆرتێر ئەو بڕیاراتەی کە لە باسە گشتییەکان دراوە لە کۆبوونەوەی گشتی پێشکەشی دەکات. لە کاتی پێشکەش کردنی ڕاپۆرتەکە ڕاوبۆچوونی تاکەکەسی خۆی ناگونجێنێت و بەس ڕاوبۆچوونی گشتی دەڵێتەوە. لە کاتی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکە ئەگەر وەڵامی پرسیارێکی نەزانی دەبێ لە ئەندامانی

شێوازی ڕاپۆرتنووسینی وۆرك شۆپێك:
- پێشەکی
- ئارمانجی گشتی وۆرك شۆپەکە
- باسیکی ورد لەسەر چۆنییەتی وۆرکشۆپەکە و چۆنییەتی هەڵسووکەوتی بەشداربووان لەگەڵ ئەم جۆرە چالاکییە
- نمونەیەك لە ئاکامەکانی چالاکی گرووپی
- ریزبەندێك لە ئەو بەڵگەنامانەی کە بەکار هاتووە
- ئاکامی بایەخدانان لەلایەن بەشداربووانەوە



دیکەی گرووپەکە کەڵك وەربگرێت.
لە کاتی ڕاپۆرتەکە نێو، ژمارەی گرووپەکە، مژارگەلی باسکراو، ئەو بڕیاراتەی کە دراوە دەنووسێتەوە و ڕاپۆرتی دەکات و لە کۆتای باسەکاندا ئاکامی باسەکان لە سەر لاپەڕە دەنووسێتەوە و بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت ڕادەستی دەبیری کۆبوونەوەی دەکاتەوە.
ئەو کارانەی کە دەبێ پاش بەڕێوەچوونی وۆرکشۆپەکە بەڕێوەبچێت:
- ڕاپۆرتی وۆرکشۆپەکە دەبێ لە لایەن دەبیری کۆبوونەوەکەوە ئامادە بکرێت.

- ریزبەندی بەشداربووان
- ناردنی سپاس و پێزانین لە بەشداربووان لە وۆرك شۆپەکە
ئاکامی گشتی لە سازدانی وۆرکشۆپ:
گرینگترینیان بەشداریی چالاکانەی بەشداربووانە لە باسە گرووپییەکان و هاندانیان بۆ بیرکردنەوە و دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی گونجاو کە لە ئاکامدا بتوانرێت خزمەتگوزاری پتر بە کۆمەڵگە پێشکەش بکرێت.
وۆرك شۆپ شوێنێك نیە بەس بۆ قسان کردن بێ بەڵکوو شوێنێکە بۆ چالاکییی گرووپی و بڕیاردان.

# توندوتیژی دژی ژنان

ن: شنە خاڵدار

توندوتیژی دژی ژنان بریتییە لەهەر کردەوەیەك کە لەسەر بنەمای ژێندەر بێت و ببێتە هۆی زیانێکی فیزیکی و دەروونی و سێکسی، هەروەها هەڕەشەی ئەنجامدانی کردەوەی بەم جۆرە، زۆری لێکردن و ڕێگرتن لە ئازادی چ لە ژیانی گشتی یان تایبەتی کە ڕوویدات.

هەر لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و خواستەکانیان لە بەرامبەریشدا بەرژەوەندییەکان سەریان هەڵدا، مرۆڤەکان کەوتنە ململانێ لە پێناو بە دەستهێنانی دەسکەوت، بەم جۆرە چەمکی توندوتیژی بەمانا گشتییەکەی سەری هەڵدا و کەسە خۆپەرست و دەسەڵاتدارەکان خۆیان سەپاند بەسەر کۆمەڵگا و لە دەرئەنجامی ئەوەش سیستمی کۆیلەداری هاتە کایەوە لە نێو کۆمەڵگادا.

ئەو توندوتیژیانەی کە لەم سەردەمەدا بەرامبەر مرۆڤەکان ئەنجام دەدرێ بەزۆری ڕووی لە ڕەگەزی مێینەیە.

ئەگەر پیاوان لە لایەن دەسەڵات و خاوەن کارەکانیان دەچەوسێنرانەوە ئەوا ژنان دوو جار ستەمیان لێ دەکرا. لەلایەك لە لایەن دەسەڵاتی کۆمەڵگا و لەلایەکی تریشەوە لە لایەن خێزانەکانیان، واتە لێرەدا پیاوان تەنیا لە لایەنی چینایەتی دەچەوسێنرانەوە، بەڵام ژنان هەم لە لایەنی چینایەتی و هەمیش لە بواری جینسیەوە دەچەوسێنرانەوە واتە ژنان لەهەر سێ قۆناغەکانی کۆیلەداری، دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری چەوسێنراونەوە و دیل و ژێردەستەی ئەم قۆناغانەی ژیان بوون.

بۆیە دەتوانین بڵێین توندوتیژی دیاردەیەکی نوێ نیە و بەرهەمی سەردەمی بە جیهانیبوون نییە، بەڵکوو لەگەڵ سەرهەڵدانی مێژووی مرۆڤایەتی و هەتا ئەمرۆش لەم جیهانەدا بە شێواز و ڕێژەی جیاواز هەر ماوە.

ئەگەر بشمانهەوێ باس لە توندوتیژی بکەین لە کۆمەڵگای کوردیدا هەر وەك سەرجەم کۆمەڵگاکانی دیکە توندوتیژی دژی ژنان بەشێك بووە لە پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایە و ژنان هەمیشە وەکوو کۆیلە و ژێردەستە سەیرکراون، چونکە پەیوەندییەکانیان لە کۆمەڵگای کوردی لەسەر بنەمای خێڵ و عەشیرەت فرچکیان گرتووە و، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش داڕێژراوە، بۆیە دابینکردن و بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان ڕووبەڕووی ئاستەنگ بۆتەوە و نەیانتوانیوە بەشێوەی ئاسایی ماف و ئازادییەکان دەستەبەر بکەن.


لە کۆمەڵگای کوردیدا بە هۆی ئەو دابونەریت و کولتورە زاڵەی کە بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگادا چەسپاوە بەردەوام پیاوان خاوەن بڕیار و دەسەڵاتدار بەسەر ژناندا بوونە. ژن وەکوو کۆیلە و خزمەتکاری پیاو سەیر کراوە، پێیان وابووە کە ژن تەنیا دەبێ لە چوارچێوەی ماڵەوەدا کار بکات و خاوەنی هیچ بڕیار و دەسەڵاتێکیش نەبێ لەنێو خێزاندا. لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە، ژنان لە هەوڵ و کۆشش و خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە زەوت کراوەکانیان کۆڵیان نەداوە و لە ڕێگای گەیشتن بەو مافانەش سەدان ژن بوونەتە قوربانی و پردێك بۆ ژنانی دیکە کە بتوانن لە داهاتوودا ژن وەك مرۆڤ سەیری بکرێ و لە خواستەکانی ژیان وەك، ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی بڕیاردان، ئازادی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، بەشداریکردن لە دەسەڵات و بەڕێوەبەریی وڵات، بێبەش نەکرێن.

دەتوانین بەم هێڵکارییە ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەین دەربارەی توندوتیژی :

سەرچاوەکان:-

ڕێبین کەماڵ، توێژینەوەکەی مەیدانی، توندوتیژی و کاریگەریی لەسەر ژنان.

کنێر عبدوڵڵا، ژن و توندوتیژی


توندوتیژی دژ بە ژنان لەسەرجەم قۆناغەکانی ژیانیدا
زیادبوونی توندوتیژی
لە قۆناغەکانی ژیاندا
قۆناغی پێش لەدایکبوون
قۆناغی ساوایی
قۆناغی منداڵی
قۆناغی هەرزەکاری
قۆناغی کامڵ بوون
قۆناغی پیری



# ژنانی خەباتکار و مێژووسازی نیشتمان

گەلاوێژ مێهفەر

کوردستان خاوەنی خەڵکێکی بە ئیرادە و شۆڕشگێڕە، لە هەموو کاتێکدا بەرپەرچی دوژمنانیان داوەتەوە و لەنێو سەنگەری ئازادی و بەرخوداندا بوون. لاپەڕەکانی مێژوو پڕاوپڕە لەتێکۆشان و خوێندانی ڕۆڵەکانی ئەو گەلەیە. ئەو خەڵکە بەهۆی ئەو ستەمە مێژووییەی کە لێی کراوە سروشتێکی ئازادیخوازانە و خاوەن هەڵوێست و ئیرادەی هەبووە. هەر بەهۆی ئەو تایبەتمەندیانەشەوە هەمیشە ڕاپەڕیوە و لەبەرامبەر زوڵم و تاریکیدا بێدەنگ نەبووە و هەموو کاتێك ڕابوون پیشەی بووە و پێشەنگ بووە. لەو نێوەشدا ناتوانیین ڕۆڵ و کاریگەریی ژنانی بوێری کوردستان، مێژووسازانی نیشتمان بە کەم بگرین.

هیچ کۆمەڵگایەك لەو جیهانەدا ناتوانێ بوونی هەبێ، بەبێ بوونی ژن. ئەگەر لەهەر کارێکدا تاکەکان بەیەکەوە و بەکۆمەڵ کار نەکەن ئەوا کارەکە بە هەماهەنگی تەواوە بەرێوەناچێ، ئەگەر بێتوو بەتەنیا پیاو بەشداریی کرد واتە نیوەی کۆمەڵ بەشداریی کردووە و ئەوەش بەو مانایە دێ کە کارەکە نیوەچڵە یا پووخت نییە و نیوە تەواوە.

لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەر چاوێك لە سەردەمی میرنشینەکاندا بکەین کە کاتی خۆی و لە سەردەمی خۆیاندا حوکمرانیان کردووە و دەسەڵاتی ناوچەیەکیان بەدەستەوە گرتووە، ڕۆڵ و کاریگەریی ژنانی لێهاتووی نێو ئەو میرنشیانانەمان بۆ دەردەکەوێ. لەوانەیە ژنان لەوکاتدا بەشێوەی پێویست پۆست و بەرپرسایەتییان نەبووە، بەڵام ناتوانین ڕۆڵیان لە سەرکەوتن و باشتر بەرێوەبردنی کارەکانی میرنشینەکان فەرامۆش بکەین. بۆ نموونە خانزادی میری سۆران لە سەردەمێکدا دەسەڵاتی گرتە دەست کە لەو سەردەمەدا زۆر بەکەمی ڕێگە بە ژنان دەدرا بێنە دەرەوە و کاربکەن و بخوێنن. بەڵام ئەو زۆر لێهاتووانە و نەترسانە هاتە مەیدان و فەرمانڕەوایی گرتە دەست و چەندین دەسکەوتی بۆ میرنشینەکە و خەڵکی ئەو دەڤەرە بەدەست هێنا. ئەوە جگە لەوەی ژنان لەو کاتدا بەژیری و ئەزمونی خۆیان هاوفکرییان لەگەڵ هاوسەر و براکانیاندا کردووە و بیرۆکەی باشیان پێ پێشنیار دەکردن، هەروەها ئەوەی هەمیشە وای لە پیاوی کورد دەکرد کە باوەری زیاتری بەخۆی هەبێ و بێ باکبێ و بڕوا بۆ شەڕ دژی دوژمن و ژن و منداڵەکەی جێ بهێڵێ، بێشك داوێنپاکی ژنی کورد و وەفادارییەکەی بووە بە خێزان و هاوسەرەکەی. کە بێگومان ئەوە هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی جەنگاوەرانی کورد بێخەم بن لە ماڵ و منداڵیان، چونکە دوای شەهیدبوونی هاوسەرەکانیشیان ڕووسوورانە منداڵەکانیان پەروەردە دەکردن. ژنی کورد هەمیشە جێگای بایەخی خۆرهەڵات ناسان و نووسەرانی ڕۆژئاوابووە و ئەوەش لە نێو کتێب و نوسینەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. کلۆدیس جێمس ریچ لە کتێبی گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستاندا کە لەساڵی ١٨٢٠ز نووسیویەتی و هاوسەرەکی لە ساڵی ١٨٣٦ چاپی کردووە، باس لەوە دەکات کە پلە و پایەی ژن لە کوردستاندا زۆر لە پلە و پایەی ژنی تورکیا و ئێران بەرزترە. بەڵگەش لەسەر ئازایەتی ژنی کورد کەم نیە، نموونەی بەرچاو لە ئازایەتیی ژنانی کورد لەو سەردەمەدا دەگێرێتەوە. بۆ نموونە باسی کچێك دەکا کە لای فەیزوڵلا ئەفەنی کە والیی بەغدابووە (دیوان ئەفەندی) بووە کاری کردووە. ئەو کچە چەند جارێك هێرشی کردۆتە سەر تۆپچێکی، بێ ئەوەی بگەرێتەوە، یان ڕەمەکەی بهاوێ، تا گەیشتۆتە سەر





سەربازە تۆپچییەکە و کوشتویەتی.

بەڵام ژنان بەهێزبن یان بێ هێز، نەیانتوانیوە ناوی جەنگاوەر یا کە لەدوای کۆمارەوە ناوی پێشمەرگە کە رەسمەن بۆ جەنگاوەرانی گیان فیدای نیشتمان بەکارهێنرا، بەداخەوە ژنان ئەو نازناوەیان لەنێو دەقە مێژووییەکاندا بۆ بەکار نەهێنراوە.

بەڵام لە دوای شۆرشی نوێی گەلەکەمان بەتایبەتی لەدوای دەیەی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا ژمارەیەکی زۆری کچان و ژنانی ئەو هەرێمە هاتنە شاخەکان و بوون بە پێشمەرگە. ژنان لەو سەردەمەدا جگە لە بەرێوەبردنی ماڵ، چالاکتر لە جاران بۆ ئازادی و رزگاری نیشتمان، دەنگی دلێری خۆیان تێکەڵ بە دەنگی بەرزی هەمموو لایەنگران و ئۆگرانی دادپەروەری، بەکردەوە بەدژی دوژمنانی کوردستان و داگیرکەری دڵ پڕ لە قیندا چوونەوە. بە بۆچوونی من ئەو شۆڕشە سەربڵیند و سەرکەوتووە کە بێ باك لەبەرامبەر دوژمن راوەستاوە، هەروەها بەدەستهێنانی گەلێك دەسکەوتی فەرهەنگی، سیاسی و ئەدەبی بەشی هەر زۆری دەگەرێتەوە بۆ فیداکاری ژنانی نێو شۆڕش چ لە شاخ و چ لەشار و چ لە تاراوگەدا، ئەو ژنانە ژیان و تەمەنیان لە پێناوی بە ئاکام گەیشتنی شۆڕشدا داناوە.


ژنان بۆ ئەو مەبەستە بوونە پێشمەرگە کە لەلایەك ئازادی و سەربەخۆیی نیشتمان خەونی هەمیشەیی ئەوان بوو، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ سەلماندنی ئەو راستییەی کە ئەویش ژنە و مرۆڤە و بەتوانایە خەبات دەکا و چەك هەڵدەگرێ و لە درێژەدانی خەبات بەردەوامە.

ژنانی روناکبیر و ئازادیخواز لەو سەردەمەدا چ ئەو ژنە تێکۆشەرانەی کە خەباتی نهێنیان لەناو شارەکاندا دەکرد و پشتیوانی سەرەکی شۆڕش بوون لەشاخ، چ ئەوانەی راستەوخۆ لە مەیدانی جەنگدا بوون لەگەڵ برا پێشمەرگەکانیان شان بە شانی یەکتر بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێدەکۆشان. ئەوان بێباك بوون لەوەی گیان بەخت بکەن یان کەم ئەندام بن، کاتێکیش بەدیل دەگیران، لە پشت میلەکانی زیندان ورەیان بەرنەدەدا و بێباکانە بەرەو پەتی سێدارەچوون و بەرگەی ئازار و ئەشکەنجەیان گرتووە.

پێم خۆشە لێرەدا ئاماژە بە شتێك بکەم، ئەگەر دەڵێین لە پشت هەر پیاوێکی سەرکەوتوو ژنێکی لێهاتوو هەیە، دەبێ دان بەو راستییەشدا بنێین کە ئەگەر ژنانیشمان نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی بەرچاو ناوبانگ دەربکەن و لەسەر کارەکەیان بەردەوامبن هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەرێنمەوە کە پیاوێکی بەهێز لەپشتی ئەو ژنەدا نەبووە.

لەوانەیە بڵێین ژمارەی پێشمەرگەی ژنمان کەم بووە، سەرەتا زۆربەی کچان کە دەبوونە پێشمەرگە دواتر ژیانی هاوبەشیان پێك دەهێنا، بەراستی لەو سەردەمەدا کە هەموو کاتێك ماڵەکەت تەنیا لەسەر پشتی ولاغێك جێگای دەبووە، بۆ ژنێك سەخت بوو منداڵ بەخێوبکا و منداڵ پێ بگەیەنێ و درێژەش بەکارەکەی بدا لەژێر رەهێڵەی گوللە و تۆپباراندا. بەڵام جیاوازی چیە لەنێوان پێشمەرگە و ژنە پێشمەرگە؟ لەوانەیە زۆرکەس لەگەڵ ئەو بۆچوونەی مندا نەبن، بەڵام من پێم وایە ژنە پێشمەرگەکانمان بەئەندازەی ئەو پێشمەرگانە سەختییان بینیوە و خەباتیان کردووە. ژنان پشتیوانی پۆڵایینی پێشمەرگە بوون. ئەوان جگەرگۆشەکانیان بۆ پەروەردە دەکردن، ئەو ژیانە ناخۆش و پڕ ترس و نەبوونییەیان تەحەمول دەکرد. لەوانەیە بەچەندین ساڵ کەسوکاریان نەبینیبێ. هەر وەکوو لەسەرەتاشدا ئاماژەم پێدا پێشمەرگە هەمیشە دڵنیابوو کە خێزانەکەی لەپشتیەتی و وەفادارە پێی. ئەو بەدڵنیاییەوە شەڕی دەکرد و لە دوژمن نەدەترسا، چونکە بەدەگمەن هەبووە ژنێك هاوسەرەکەی بەرامبەر دوژمن فرۆشتبێ و ناپاکی لەگەڵدا کردبێ. بۆیە من پێم وایە ژنە پێشمەرگەکانمان دەبێت وەکوو پێشمەرگە دابنرێن و واتە لەو سەردەمەدا ئەوان بەیەکەوە خەباتیان کردووە کەواتە هاوبەشن.

بەڵام مێژوو، بەتایبەتی ئەدەبی بەرگری لە کوردیدا رۆڵی ئەو شێرە ژنانەیان بەکەم وەرگرتووە و کەمتر باسیان کردوون. هێمنی شاعیر لەچەند هۆنراوەیەکیدا باسی ئەو کچانە دەکا کە چەکیان هەڵگرتووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەو کاتەدا ناوی کچان لەنێو نووسین و هۆنراوەکاندا وەك پێشمەرگە و جەنگاوەرانی بەدەستهێنانی ئازادی گەل بەکەمی بەرچاو دەکەوێ. پێویستە ئەمرۆ حکوومەتی






بەدەسەڵات گەیشتووی کورد، پاداشتی لەخۆبردوویی ئەو ژنە تێکۆشەرانە بداتەوە کە پێشمەرگەبوون یاخود هاوسەری پێشمەرگەبوون. بەشداریی ژنان لە خەباتی چەکداریدا ڕێگاخۆشکەربوو کە ژنان بێنە نێو کایە سیاسییەکان و لەنێو ئۆرگانەکانی حیزب و ڕێکخراوەکاندا بەرپرسایەتی وەربگرن، ئەوەش ئەزموونێکی زیاتری بەو ژنانە بەخشی و لە هەمان کاتیشدا پیاوان دەرکیان بەو ڕاستیە کرد کە ئەگەر دەرەتانی لەبار و گونجاو بۆ ژنان بڕەخسێ و بەیەکسانی چاویان لێ بکردرێ، ئەوا کار دەوڵەمەندتر و دەسکەوت زیاترە. ژنی کورد ئەگەر بە کردەوەش نەهاتبێتە نێو سەنگەر واتە نەبێتە پێشمەرگە، بوونەتە پاڵپشتێکی قایم بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و پێشمەرگە.

لە دوای ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی بەشێك لە خاکی کوردستان، ئەمجارە پێشمەرگەکان شاخەکانیان کە سەنگەر و ماڵیان بوون جێیان هێشت و بەڵێنیاندا کە ئەگەر جاران شاخ تاکە هاورێی دڵسۆز و تاکە سەنگەری پێشمەرگەبوو، ئەمجارە پێشمەرگەکانی کوردستان بەهەر شێوەیەك و لەهەر بارودۆخێکدابێ نەهێڵن شاخەکان بکەونەوە دەستی داگیرکەران. خەبات گوازرایەوە بۆ ناوەندی شارەکان و سەرلەنوێ خەبات بەشێوەیەکی جیاواز لەپێشوو بەردەوام بوو. ئێستا لە کوردستان خەباتی مەدەنی و دیپلۆماسی سیاسەتی وڵاتەکەمانن و لەهەمان کاتیشدا هێشتا پێگە و شوێنی پێشمەرگە هەر لەجێگای خۆیەتی. هێشتا پێشمەرگە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە و هەموومان چاومان لە ئازایەتی ئەوانە کە ئەوو هەرێمەمان بۆ بپارێزن. ژنان ئێستاش لە پێشمەرگایەتیدا بەردەوامن. ئەوان پێشمەرگەن، پۆلیسن، بەرێوەبەری پۆستە گرینگ و هەستیارەکانی ئەو هەرێمەن. ڕۆڵی ژنان لە هەموو بڕیار و کارەکانی ئەو حکوومەتەدا دەردەکەوێ. ئەگەرچی چاوەڕوانی ئەوە لە ژنان دەکرا کە زیاتر لەوە بەرەوپێشەوەبچن و ڕێژەیەکی زیاتر لەنێو پۆستە گرینگەکانی حکومەت و پارت و ڕێکخراوەکاندا وەئەستۆبگرن، چونکە لە ئێستادا خەباتی ژنان گۆڕانی بەسەرداهاتووە، لەو بەشە لە کوردستان ژنان داوای مافە سنفییەکانیان دەکەن. بۆنموونە ئێستا تارادەیەکی زۆر کوردستان ئازادە و سەربەخۆیە، بۆیە ژنان داواکانیان کە جاران لەلایەك داوای ڕزگاری کوردستان و لەلایەکی دیکەشەوە مافەکانی خۆیانیان دەکرد، ئێستا پەرلەمان و حکومەتی کوردستان زۆر مافی ژنانیان لە دەستووری کوردستاندا چەسپاندووە و ژنان داوای مافی یەکسانی زیاتر دەکەن. مەسەلەن کارکردنی ژنان و پیاوان شان بەشانی یەکتر چ لە ماڵ و چ لە کار، یان مافی یاسایی و سیاسییەکانی کە پێشتر بەهۆی داب‌ونەریت و زۆر هۆکاری تر لە ژنان زەوتکرابوون. ئەورۆ ژنان دەبێ ڕاپەڕن بەرامبەر دیاردەی دزێوی نێو کۆمەڵ، نەترسن لە قوربانی دان. جیهان ئێستا لە قۆناغێکی نوێ و ئاڵوگۆڕی بنەرەتیدا تێدەپەرێ. دێموکراسی وردە وردە هەموو جیهان دەتەنێتەوە و بزووتنەوەکانی ژنانیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەهێزتر دەبن.

ڕۆڵی سەرەکی لە دروستکردن و بەگەرخستنی هێزی ژنان بەشی زۆری دەکەوێتە سەر ئەستۆی ڕێکخراوەکانی ژنان و چالاکانی مافی مرۆڤ. پێویستە ژنان وشیار بکرێنەوە و بەئاگابێن. ئەو کاتە کۆمەڵێکی وشیار و زیرەکمان دەبێ، کە هەموو ئەندامانی ئەو کۆمەڵە ئاستی وشیاری و فەرهەنگییان لەسەرێ بێ. هۆی ئەوەی کە زۆرجار شۆڕشی کورد لە هەرکام لە پارچەکاندا شکستی هێناوە، نەبوونی یەك هەڵوێستی و یەکریزی و نەبوونی وشیاری تاکەکانی بووە. بەهۆی لێکدانەوەی هەڵە و زوو هەست نەکردن و پەی نەبردن بە مەسەلەکان کەوتوینەتە نێو گێژاو و دوژمن بە ئاسانی توانیویەتی بیری بەشێك لە ئەندامانی ئێمە بگۆڕێ و سەنگەرەکانیان پێ چۆل بکا.

بەخۆشییەوە بەشێك لە پیاوان بەبایەخەوە دەڕواننە بەشداریی ژنان لە دەسەڵات و کارکردنیان لە نێو ڕێکخراو، پارت و NGOکاندا و هانیان دەدەن بۆ خەبات. دەبێ حیزبە سیاسیەکان و چالاکانی مەدەنی و سیاسی پشتگیریی ژنان بە کردەوە بکەن نەك لە چوارچێوەی دروشمی بریقەدار، ژنانیش بوێرانە بێنە مەیدان و توانا و لێهاتووییەکانی خۆیان بسەڵمێنن.

با بەیەکەوە بەرەو کۆمەڵێکی بەختیار، هێز و توانای خۆمان بخەینە کار.

# کۆماری ئیسلامیی ئێران و مافی ژن

موعته‌سه‌م نووراني

به چاوخشاندنێکی کورت به سه‌ر کارنامه‌ی ٣٥ ساڵه‌ی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، له‌سه‌ریه‌ك ئه‌گه‌ر بمانه‌وێ مافی ژن له ژێر سێبه‌ری ئه‌و حکومه‌ته‌دا بخه‌ینه روو، ده‌بینین ماف و ئازادییه‌کانی ژن پێشێلکراوه و ویست و داخوازییه‌کانیان پاش گوێ خراون و وه‌دیهاتنیان له چوارچێوه‌ی ئه‌و ڕێژیمه‌دا ته‌نیا خه‌یاڵه و به‌س. هۆکاریی ئه‌و هه‌لومه‌رجه‌ش بۆ نه‌بوونی ئازادی و دێموکراسی و هه‌روه‌ها نه‌بوونی فه‌زای کراوه‌ی سیاسی ده‌گه‌ڕێته‌وه. که به دوای هاتنه سه‌رکاریی ڕێژیمی ولایه‌تی فه‌قیهی بۆ جارێکی دیکه‌ش زه‌بروزه‌نگ و دیکتاتۆریی په‌رده‌ی شه‌وه زه‌نگی تاریکی به سه‌ر ئێران دا کێشایه‌وه.


له ڕاستی دا یه‌کێك له نیشانه‌کانی پێشکه‌وتنی هه‌ر وڵاتێك ئه‌وه‌یه که ژنانی ئه‌و وڵاته تا چ ڕاده‌یه‌ك له به‌ڕێوه‌بردنی کاروباری ئابووریی، کۆمه‌ڵایه‌تی، کولتوریی، سیاسی و چالاکییه‌کانی دیکه‌ی وڵاتدا به‌شدارن.

له لایه‌کی دیکه‌وه به‌شداربوونی ژنان له کاروباری ئابووریی و کۆمه‌ڵایه‌تی و به‌شداریی هه‌ڵسوراندنی به‌ڕێوه‌به‌ری وڵاتدا به‌ستراوه‌ته‌وه به ئازادی و جێگیربوونی دێموکراسی له‌و وڵاته‌دا. به کورتی کاتێك وڵات گه‌شه ده‌کا و پێش ده‌که‌وێ که ژنان له به‌ڕێوه‌به‌ری ده‌سه‌ڵات دا چالاك بن و بتوانن له‌گه‌ڵ پیاوان باڵانسی گه‌شه کردنی وڵات ڕابگرن. کاتێك ده‌توانن له به‌ڕێوه‌به‌ری ده‌سه‌ڵات و کاروباری وڵاتدا به‌شدار بن که له ژێر سێبه‌ری یه‌خسیری و له داب و نه‌ریتی کۆنه‌په‌رستانه ڕزگاریان بێت و له هه‌موو بارێکه‌وه مافی وه‌ك یه‌کیان له‌گه‌ڵ پیاوان هه‌بێ.

ده‌کرێ بڵێین خه‌بات و به‌رخۆدانی ژنان له ئێران دا له شۆڕشی مه‌شرووته‌وه ده‌ست پێ ده‌کا، ژنانی ئێران له سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی بیستم له‌گه‌ڵ کاروانی خه‌باتی ژنانی کۆمه‌ڵگاپێشکه‌وتووه‌کان که‌وتنه ڕێ و له قۆناغه جۆراوجۆره‌کانی ئه‌و خه‌باته‌دا له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی زۆر که‌ندوکۆسپ و ته‌نگ و چه‌ڵه‌مه‌یان هاته سه‌رێ به‌ڵام ئازایانه و کۆڵنه‌ده‌رانه ده‌سکه‌وتی زۆریان وه‌ده‌ست هێنا وه‌ك، په‌روه‌رده و فێر کردن، مامۆستایه‌تی، پزیشکی، ده‌رمانی، له‌ش ساغی، کاروباری ئیداری و به‌شداری له کاروباری سیاسی وڵاتدا به‌شێك له‌و سه‌رکه‌وتنانه بوو که ژنانی ڕووناکبیر و خوێنده‌وار له ئێراندا وه‌ده‌ستیان هێنا. به‌ڵام به هاتنه سه‌ر کاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بارودۆخی ژنان نه‌ك باشتر نه‌بوو به‌ڵکوو به ناوی دین و مه‌زهه‌ب، ژنانی ئێران به‌ره‌و دواوه گه‌ڕانه‌وه.

هه‌ر چه‌شنه حه‌ره‌که‌تێکی ڕه‌خنه گرانه و ئێعترازی ژنان به زیندان، ئه‌شکه‌نجه و ته‌نانه‌ت ئێعدام وڵام ده‌درێته‌وه.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی مافی ژن وه‌به‌ر چاو ناگرێ، به بیانووی به‌رگریی له په‌ره ئه‌ستاندنی فه‌رهه‌نگی ڕۆژئاوایی و پاراستنی «ئوسولی ئیسلامی» هه‌موو چه‌شنه ئازادییه‌کانی








ژنانی زەوت کردووە. ئەو ڕێژیمە بە گوێرەی ماهییەتی کۆنەپەرستانەی خۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنان دەکا و پێی وایە ژنان لە کۆمەڵدا خاوەنی هیچ چەشنە ماف و ئازادییەك نین پێی وایە نابێ وەك ئینسان سەیر بکرێن. ئەوە ئاشکرایە کە لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ژنان لە ئەو وڵاتە نەك هەر نابێ بە تەمای ئازادی و رزگاری بن، بەڵکوو لە ژێر ئەو قانوون و یاسا زاڵمانەی ویلایەتی فەقیە، دوو ژن بە پیاوێك دێتە هەژمار کردن. بەدوای هاتنە سەر کاری سەرۆك کۆماری نوێ، ژنانی ئێران زۆر چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕ بوون، چونکە لە کاتی بانگەشە بۆ هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی بە ژنانی ئێران دا کە ماف و ئازادی ژنان دەستەبەر بکا.

لە پۆستە گرینگەکانی حکوومیدا ژنان جێ پەنجەیان دیار بێ و نیوەی وەزارەتخانەکان بە ژنان بسپێرێ، بەڵام دوایی نەك هەر وڵامی نەدانەوە بەڵکوو هەمووو ئەو قەول و بەڵێنییانە لەگەڵ بەفری پار توانەوە. لە کۆمەڵگای ئێراندا، ئاخوندەکان بە هەمووو شێوەیەك ژنان دەچەوسێننەوە و بە چاوی سوك سەیری ژن دەکەن، بۆ نموونە سەرەتای بەهاری ١٣٩٢ لە شاری مەریوان، دادگای ئەو شارە بۆ سزادانی پیاوێکی تاوانبار حوکمی دا کە لیباسی کوردی ژنانە لەبەر ئەو پیاوە بکەن و لە ناو شاری مەریواندا بیگێڕن، هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەو حوکمەیان بەرێوە برد. ڕۆژێك دوای بەرێوەبردنی حوکمەکە ژنانی مەریوان بە هۆی ئەوەی کە دادگای کۆماری ئیسلامیی بێ حورمەتی بە لیباسی ژنان و کەسایەتی ژن کرد، خۆپیشاندانێکیان وەرێ خست. ڕوانگەی بەرێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیی سەبارەت بە مافی ژن لە ئێران ڕوانگەیەکی نادروستە و تەنانەت بە بیانووی نەپاراستن و پۆشینی جل و بەرگ بە دڵی ئەوان بە هەمووو شێوەیەك سووکایەتی بێ حورمەتییان پێدەکەن. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی حکومەت و نەبوونی ئازادی و دێموکراسی. بە کورتی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکان بۆ ژنان بۆتە دۆزەخ، کە لەودا یاسای کۆنەپەرست و دواکەوتووەکانی ڕێژیم لەسەر هەست و ئێحساس و ژیانیان قورسایی دەکا. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیادتر مافە ئینسانییەکان بەرەو لەناوچوون دەروات ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیادتر پەراوێز دەخرێن و زیاتر دەکەونە کۆتوبەند.

لە ڕاستیدا هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێگای کۆمەڵگای مەدەنی بەربەست کرد. ڕێکخراوە مەدەنییەکان یەك یەك لە مەیدان دەرکران، بە سەرکوت و لە ناوبردنی ئەو ڕێکخراوە مەدەنییانە فەزای سیاسی ئێران بە تەواوی بەرەو فەزایەکی تاریك و لێڵ چوو. ڕێگا لە چالاکی حیزبەکان بەسترا ڕۆژنامەکان کۆکرانەوە و بە گشتی میدیا لە دەستی دەسەڵات و ناوەندە بڕیاردەرەکانی سیاسی ـ دینی قۆرغ کران.

هەم لە دەورانی شەڕی ٨ ساڵە بە بیانووی شەڕ و هەم دوای شەڕ بە بیانووی دووبارە بنیادنانەوەی وڵاتدا لە ناوبردنی شوێنەواری شەڕ، ڕێگا نەدرا ڕێکخراوە مەدەنییەکان تێکۆشانی ئاشکرایان هەبێ.

لە دەورانی سەرۆك کۆماریی هاشمی ڕەفسنجانی، خاتەمی، ئەحمەدی نژاد، ئێستاش ڕۆحانی، لە هەمەوو هەلومەرجێکدا چالاکی ژنان ڕێگای لێ گیراوە، ژنان نەیانتوانیوە بە شێوەی مەدەنییانە بێنە شەقام و داوای ویست و داخوازییەکانیان بکەن. تەنانەت ژنان بە شێوەی تاك و لێرە و لەوێ گفتمانی بەرابەری مافی ژنانیان لە چوارچێوە ئیسلامیی میانەڕۆ هێنایە گۆڕێ بەڵام وڵامییان نەدرایەوە، لە لایەکی دیکە زۆر لە ژنانی سکۆلار باوەڕیان بە جیایی دین لە دەسەڵات بوو، بەڵام ڕێگایان پێ نەدراوە بە ڕاشکاوی نەزەری خۆیان دەربڕن و ئەگەر شتێکی ئاواشیان باس کردبێ لە چوارچێوەی مافی مرۆڤدا و گرینگیدان بە بزوتنەوەی ژنان بە بەردەوامی لە ژێر وردبینی هێزە ئەمنییەتیەکاندا بوون. زیندانەکانی ڕێژیم بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەو ڕاستییانەن کە بە دوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٨ بەشێکی زۆر لە چالاکانی ژن گیران و زیندانی کران.




بەڵام لە کوردستان هەر لە کۆنەوە بە هۆی ژیانی کۆچەری و هەڵکەوتوویی جوغرافیایی، رەوەندی کورد بە دایم گەرمین و کوێستانی کردوە ژنی کورد شان بە شانی پیاوان لە بەرهەم هینان دەغڵ و دان و موچە و مەزرا و بەروبوومی ئاژەڵداری ئازادتر و سەربەستتر بووە، لەگەڵ ئەوەش لە کۆڕی شایی دا وەك پیاو بەشداریی کردووە، بەڵام بەو حاڵەش ئەوە هۆکار نین بۆ ئەوە ژنی کورد مافی پێشیل ناکرێ. بەڵکو ژنی کوردیش بە هۆی نیزامی پیاوسالاری دەچەوسێتەوە، زوڵمی لێدەکرێ. بۆ یەکەم جار حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رەچەشکێنی کاری رێکخراوەیی بووە کە ژنان دەبێ لە تەشکیلات و رێکخراوێکی مودێرن دا بەشدار بن و قۆڵی هێمەت هەڵماڵن. یەکیەتیی ژنانی دێموکرات وەك رێکخراوێکی مودێرن و پێشکەوتوو لەو بوارەدا سێ ئەرکی گرینگی لە سەرشان بووە، یەکەم کۆ کردنەوەی ژنان لە دەوری ئەو رێکخراوە، دووهەم کاری تەبلیغی و سیاسی بەردەوام و سێهەم ئاگا کردنەوەی ژنان سەبارەت بە ئەرك و مافەکانیان. چونکە ژنی کورد دەبێ بەتایبەت لە سێ بواردا یەکەم بۆ یەکسانی مافی ژن و پیاو لە کۆمەڵگای کوردی دا هەوڵ بدا، دووهەم وەك ژنی کورد بۆ مافی نەتەوایەتی کورد خەبات بکا، ئەوە شتێکی حاشا هەڵنەگرە ژنی کورد دەبێ شان بە شانی پیاوان لە خەباتی رزگاریی نەتەوەیی دا کار بکا، سێهەم بە بەردەوامی دەبێ خەرێکی خوێندن و خوێندنەوە خۆ پێگەیاندن بێ. راستییەکە ئەوەیە لە کۆمەڵگایەکی ئاگا و وشیاردا ژنان کەمتر دەچەوسێنەوە، بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ ژنی کوردیش لە کۆماری ئیسلامیی دا مافی پێشێل دەکرێ، رۆژانە لە شار و گوندەکانی کوردستان شاهیدین کە چۆن بە هەموو شێوەیەك مافی ژنان لە ژێر پێ دەندرێ، بە هەموو شێوەیەك سوکایەتی بە کەسایەتیی ژن دەکرێ و لە کۆمەڵگادا پەراوێز خراون. تەنانەت ژنان ناتوانن بچنە پارلمان و بەرپرسایەتیە سەرەکییەکان بە ژنی کورد نادرێن. چالاکانی سیاسی، رێکخراوە مەدەنییەکان، ژنانی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر چ لە دەرەوەی ئێران و چ لە ناو شار و گوندەکانی کوردستاندا دەبینین کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی چۆن و چەندە بێ رەحمانە و بێ بەزەییانە مافی ژنی کورد پێشێل دەکات، سووکایەتی بە کەسایەتی و مەقام و کەرامەتی ژنان دەکا، بۆیە هەق وایە بە یەکریزی و هاوخەباتیی خۆیان بۆ وشیار کردنەوەی ژنی کورد سەبارەت بە ئەرەك و مافەکانیان لە ژێر سێبەری ئەو رێژیمە هەوڵی بێوچان بدەن. بەتایبەت ژنان کە نیوەی کۆمەڵگای کوردی پێك دێنن دەبێ لە هەموو قۆناغەکانی خەباتدا دەور و رۆڵی بنەرەتییان هەبێ ئەوەش بە کاری بەردەوام و حەرەکەتی بەردەوام و ماندوو بوونی زۆر دەکرێ.

سەرچاوەکان
١. رۆژنامەی کوردستان ١١٥
٢. مجله سیاسی ـ اقتصادی
٣. کتێبی ترجمە مدرنیتە



# «دایكم منی كرده یاریزان خەونی منداڵیمی هێنایە دی ڕاهێنەری منە» «دایكم تاكە پاڵنەری سەرەكیم بووە بۆ سەركەوتنم»

دیمانە: دینە




«نەرمین تاهیر محمد» ناسراو بە «نەرمین عوسمانی» لە دایك بووی ١٩٨٩/١/٣ زایینی لە شاری سلێمانی، قۆناغەكانی خوێندنی زۆر بە سەركەوتووی تەواو كردووە و چەند جارێكیش خەڵات كراوە كە بە پلەی زۆر باش لە وانەكانیدا سەركەوتوو بووە لە قۆناغەكانی خوێندنیدا، ئێستا خاوەنی بڕوانامەی بەكالۆریۆسە لە «زانكۆی كۆیە» لە «كۆلێژی پەروەردەی وەرزش». ناوبراو لە ئێستادا یاریزانی تۆپی دەستە لە نادی قەڵا لە شاری هەولێر، هەروەها ڕاهێنەری تواناى لەشی منداڵان و ژنانە لە هۆڵی وەرزشیی دێموكرات، هەروەها ژمێریاری كۆمپانیای «پاپا گرووپە» لە شاری كۆیە، لە بواری ڕاگەیاندنیشدا كار دەكات و ئێستاش هاوكاری بەرنامەی وەرزشییە لە ڕادیۆی دەنگی كوردستانی ئێران، كچێكی زۆر چالاك و دیارە وە بەردەوام لە هەوڵی سەركەوتنی زیاتر دایە.

دینە: سەرەتا چۆن هاتییە ناو دونیای وەرزشەوە؟ وەرزش لای تۆ مانای چی دەگەیەنێ؟

نەرمین: سوپاس بۆ ئەم چاوپێكەوتنە، دایكم زۆر جار باس لەوە دەكات كە من منداڵێكی زۆر بزێو و هاروهاج بوومە، وەستانم لە جوڵە لای ئەو سەخت بووە، دیارە ئەم بزێویەم هۆكار بووە تا ڕادەیەك، پاشان لە منداڵیدا لە كۆڵان یاری كردنی جۆراوجۆر و بەردەوام پێكهاتەی جەستەی منی زیاتر ئامادە كرد بۆ وەرزش، دواتر من لە قۆناغەكانی خوێندنمدا سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی ساڵانە فیستیفاڵی وەرزشی لە سەر ئاستی خوێندنگاكاندا دەكرا، من یەكێك لەو یاریزانانە بوومە كە بەردەوام بەشداریم كردووە و مەدالیە و كاسم بۆ خوێندنگاكەم بە دەست هێناوە، دوای ئەوەی ئەو قۆناغەم بڕی بۆ بەردەوام بوونم لە خوێندن ناوم لە (كۆلێژی پەروەردەی وەرزش)ی شاری كۆیە گەڕایەوە، بۆ ماوەی چوارساڵ بەردەوام بووم لە وەرزش كردن و تێكەڵ بوونی زیاترم بۆ ناو دونیای وەرزش.

دینە: وەرزشی ژنان بە گشتی لە هەرێمی كوردستان چۆن دەبینی؟ بە ڕای تۆ وەك یاریزانێك لە چ ئاستێك دایە لە ڕووی پێشكەوتنییەوە؟

نەرمین: لەئێستای هەرێمی كوردستاندا وەرزشی ژنان زۆر باشترە لە چاو ساڵانی ڕابردوو، زۆرگۆڕاوە، ساڵانی زوو لەبەر كۆمەڵێك هۆكار كە لە كۆمەڵگەی ئێمەی كوردا دیارە بە هۆی



دواکەوتوویی ئاستی کرانەوەی خەڵکی ئێمە بۆ وەرزش کە ببونە ئاستەنگ و کۆسپ لە بەر دەم ژنان بۆ تێکەڵ بوون بۆ نێو وەرزش، ئێستا تا ڕادەیەك باش بووە، ئەو هۆکارانە کەمتر دیارن و ئاستەنگی کەمتر دروست دەکەن، بێ گومان ڕۆژ بە ڕۆژ وەرزشی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا لە بواری پێشکەوتندایە لە وەرزشی جۆرا و جۆردا، ئەویش بە هۆی تەمرینی بەردەوام و گرینگی لایەنە پەیوەندیدارەکان بەو بوارە و بەشداری کردنی کچان لە پاڵەوانیەتی وڵاتانی تر و بە دەست هێنانی سەرکەوتنی زۆر باش.

دینە: نەرمین خان هەموو سەرکەوتنێك پشتێوان و هاندەری سەرەکی هەیە، کێ هاندەری دیاری تۆ بووە بۆ بوون بە یاریزان یان کێ زۆر پشتگیری کردووی تا بەردەوام بیت لەو بوارەدا؟

نەرمین: دایکم یارمەتی دەری سەرەکیی من بووە و هاوکاری من بووە تا ئێستا و لە داهاتووشدا بەڵێنی ئەو پەڕی هاوکاری داوە، دایکم ڕاهێنەری من بووە و زۆر باش پەروەردەی کردووم، ئەمە دەور و بەرەکەم بڕیاری لە سەر دەدا، ئەو خەونی منی بەدی هێنا، هەموو ئەو مامۆستایانەی کە لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی منیان فێری وشەیەك یان جووڵەیەك کردووە سوپاسیان دەکەم کە پشتیوانم بوون، (م.رحیم،م.چواس.م.ڕێبوار،م.هێرش) کە تا رادەیەك هاوکارم بوون لە سەرەتای هاتنم ناو دونیای وەرزشەوە، ئێستاش لە نادی (قەڵا) یاریزانم هاوکاری سەرەکی من ڕاهێنەرەکەمە (م.ڕەهینگ) (م.جەمال)کە هاوکاری سەرەکیمن لە بواری وەرزشی سوپاسی هەموو ئەو لایەن و کەسایەتییانە دەکەم کە ڕۆژانێك تا ڕادەیەکی کەمیش بووبێ هاوکارم بوون.

دینە: ئایا تۆ وەك یاریزانێك تا ئێستا بەشداریت کردووە لە چەند خول و پاڵەوانی هەرێمی کوردستان؟ ئاستتان چۆن بووە؟

نەرمین: من سەرەتا بۆ ماوەی چوار ساڵ لە زانکۆ لە کاتی خوێندن یاریزانی هەڵبژاردەی زانکۆ بووم لە یاریەکانی (تۆپی دەست، فوتساڵ، تۆپی سەبەتە، باڵە. بەشداری چەندین خولمان کردوە، لە هەرێمی کوردستان پلەی زۆر باشیشمان بە دەست هێناوە و سەرکەوتنی گەورەمان تۆمار کردوە بۆ مێژووی زانکۆی کۆیە، لە هەمان کاتێشدا سێ ساڵ یاریزانی نادی (هێرش) بووم بە پلەی (کابتن) لە شاری هەولێر، ئەو کاتیش بەشداریی زۆرم کردوە، لە ئێستادا کە یاریزانی تۆپی دەستی (نادی قەڵا)م لە مانگی (٣) دا بەشداریی پاڵەوانیەتی تۆپی دەست دەکەین لە وڵاتی (تونس) وەك نادی بەو هیوایەم کە سەرکەوتنی گەورە تۆمار بکەین.


دینە: چی بەو کچانە دەڵێت کە حەزیان لە بواری وەرزشییە و هەندێ کێشە و گرفت بووەتە کۆسپ لە سەر ڕێگایان و ناتوانن بێنە دونیای حەزی خۆیانەوە کە وەرزشە؟

نەرمین: من لە خۆمەوە دەست پێ دەکەم، هەموو حەزێکی تاك کۆمەڵێك کێشە و ڕێگر هەیە لەبەر دەمی دا، وەرزشیش یەکێکە لەو حەزانەی تاك کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا زیاتر لە هەموو خولیاکانی تری ڕێگری هەیە، چونکە وەرزش لای ئێمە دەتوانم بڵێم جێگای خۆی نەگرتووە یا خود نەگەیشتووە ئەو ئاستە تێگەیشتنە کە ئێمەی یاریزان دەمانهەوێ، داوا لە هەموو ئەو خانمانە دەکەم کە حەزیان لە بواری وەرزشیە، ئەو پەڕی هەوڵ و ماندوو بوونی خۆیان بە کار بێنن و نەهێڵن خولیاکەیان نەگاتە ئەنجامێك، کەندوکۆسپەکان زۆر بچووکترن لەو خولیایەی ئێمە، ئێمەی کچان هەر دەم براوە دەبین گەر هەوڵی تەواو بدەین و درێغی نەکەین بۆ لابردنی ئەو گرفت و کێشانەی ناو کۆمەڵگاکەمان.

دینە: دوا وتەت چیە بۆ ژنان؟

نەرمین: بە هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو ژنان بەتایبەت ژنانی کورد و خوێنەرانی بەرێزی گۆڤاری ژنان لە هەرجێگایەك بن لە هەر بوارێکدا کە کار دەکەن بتوانن بگەنە ئەو خولیایەی کە هەیانە و تا ئێستا نەهاتووەتە دی، بەو هیوایەم هیچ ڕێگرێك نەتوانی بیانوەستێنی، ئەو پەڕی هەوڵ بدەن تا سەرکەوتوو بن.

دووبار سوپاس بۆ ئێوە.



# خەڵک لە شاری کۆیە متمانەی تەواویان بە یاسا هەیە لە بواری توندوتیژی دژ بە ژنان

دیمانە: نەرمین عوسمانی

نەقیبی پۆلیس (دانا حاجی عەبدوڵا) لە دایك بووی (١٩٧١/٧/١) لە شاری کۆیە هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە، خاوەنی دوو بڕوانامەی پەیمانگای تەکنیکیی کۆیە بەشی کارگێڕی کار و کۆلێژی پۆلیسی تەواو کردوە. ئێستا پلەی نەقیبە و بەرپرسە لە «نوسینگەی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان» لە شاری کۆیە. ئەم نووسینگەیە لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٨ بە فەرمی دەستی بە کار و چالاکییەکانی خۆی کردووە، بەڵام لە مانگی ٣ی هەمان ساڵدا لە شاری هەولێر ناوبراو دەستی بەم کارە کردووە، بە پێویستمان زانی کە چەند پرسیارێك ئاراستەی نەقیب دانا بکەین بۆ ئاگاداری لە شێوەی کاری ئەو بنکەیە کە بە مەبەستی پشتیوانی لە ژنان دانداروە.

نەرمین: سەرەتا سوپاس بۆ قبوڵ کردنی ئەم چاوپێکەوتنە، وەك بەرپرسێکی تایبەت بەو بوارە توندوتیژی مانای چیە لای تۆ؟ چۆن ئەم دیاردەیە لە شاری کۆیە هەڵدەسەنگێنی؟

ن.دانا: سوپاس بۆ ئێوەش، توندوتیژی پێناسە ناکرێت بە شێوەی تایبەت، چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم دیاردە لە گۆڕانکاری دایە و بە شێوەی جیاواز ئەنجام دەدرێت، بەڵام توندوتیژی بە جووڵە و بە دەم دوو شتی لێك جیان، بۆیە هەر جووڵەیەك کە مرۆڤ بەرانبەر کەسی بەرانبەری بکات بە شێوەیەکی کەم یا زۆر کاریگەریی لە سەر جەستە یان دەروونی ئەو مرۆڤە هەبێت دەبێتە توندوتیژی، و یان هەر جۆرە دەربڕینێك لە دەم کە کاریگەریی لە سەر دەروون و ڕۆحیەی تاکەکەی بەرانبەرت هەبێت ئەوا دەچێتە قاڵبی توندوتیژی. بێ گومان کۆیەش دوور نیە لە چاو شارەکانی تری هەرێمی کوردستان لەو دیاردەیە، ئەم دیاردەیە تایبەت نیە بە نەتەوەیەك یان شارێك، ئەمە دیاردەیەکی بەربڵاوە لە جیهاندا، بەڵام بە پێ جۆری توندوتیژیەکە و ژمارەکەی جیاوازی هەیە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر.



نەرمین: هۆکاری سەرەکی چییە بۆ ڕوودانی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان بە تایبەت لە شاری کۆیە؟

ن.دانا: ڕوودانی هەر ڕووداوێك پەیوەندی بە کۆمەڵێك کێشە و گیروگرفت هەیە، توندوتیژیش یەکێکە لەو ڕووداوانە کە کۆمەڵێك هۆکار هەن بۆ ڕوودانی، بە ڕای من دوو هۆکاری زۆر دیار هەن. یەکەم، هاوسەرگیری پێش وەختە کە کچان و کوڕان لە تەمەنێکی زۆر کەم دا ژیانی هاوبەش پێك دێنن کە تەمەنێکی تەواویان نیە بۆ ئەو ئەرکەی لە سەر شانیان دەبێت بۆ قۆناغەکانی دوای هاوسەرگیری کە پێویستە پابەند بن پێوەی، هۆکاری دووەم بەکار هێنان و پێش کەوتنی تەکنۆلۆجی لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە ئەمە زۆر باوە کە بە بەردەوامی بەکار دەهێنرێت، جا بە ڕێگای جیاواز وەك مۆبایل، بەکارهێنانەکانی ڕێگای پەیوەندی گرتن بە ئەنترنێت... لە لایەن هاوڵاتییانەوە کە هەندێ جار بۆ مەبەستی خراپ و لێك تێنەگەیشتن ڕوودەدات تووشی توندوتیژی دەبن.

نەرمین: تا چ رادەیەك ڕێکخراوەکان و لایەنە پەیوەندی دارەکان بەو بوارە هاوکارتانن و کار و چالاکی هاوبەش دەکەن؟

ن.دانا: بەڵی بێگومان کۆمەڵێك ڕێکخراو و لایەنەکانی پەیوەست بەو بوارە هاوکارمانن، لە هەمان کاتیشدا ئێمە هاوکاری هەموو لایەنەکانی تایبەت بەو بوارەین بۆ زیاتر هۆشیارکردنەوەی خەڵك کە پەیوەست بوونە بەو بوارە کردوومانە، کۆمەڵێك کار و چالاکیمان کردووە بە هاوبەشی لە شاری کۆیە و لە ناحیەکانی دەوروبەری. کۆڕ و سمینار و محازرات لە مەدرەسە و لە شوێنە تایبەتیەکان، تویژەری کۆمەڵایەتیمان هەیە تایبەت بەم بوارەوە، پێم خۆشە ئاماژە بەوە بکەم کە زیاتر لە ناو شاری کۆیە توندوتیژی ئەنجام دەدرێت وەك لە ناحیەکان، هەروەها بەرنامەیەکی تایبەتی رادیۆمان هەیە لە رادیۆی مەشغڵان بۆ کار و چالاکیەکانمان.

نەرمین: جۆرەکانی توندوتیژی کە ئەنجام دراوە لە شاری کۆیە چۆن بوون؟ ئایا شوێنی تایبەت بە پاراستنی ئەو کەسانە هەیە کە توندوتیژی بەرانبەریان کراوە؟ زیاتر ئەو کەسانە تەمەنیان لە نێوان چەند دایە کە توندوتیژیان بەرانبەر دەکرێت؟


ن.دانا: توندوتیژی زۆر جۆری جیاوازی هەیە، بەردەوامیش لە گۆڕانکاری دایە، ئەوانەی لای ئێمە تۆمار کراون سوتان، لێدان (بە هەموو جۆرەکانی)، سێکسی، سەرخۆشی...هتد، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە ماوەی دوو ساڵە حاڵەتی کوشتن لە شاری کۆیە ئەنجام نەدراوە، بەڵام لە ئاماری ساڵی(٢٠١٣)دوو حاڵەتی دۆزینەوەی لاشەی ژن دۆزراوەتەوە لە دەوروبەری شاری کۆیە بە کوژراوی، بەڵام دانیشتووی شاری کۆیە نەبوونە تەنها لە ئاماردا تۆمار کراون، ئێمە کاتێك سکاڵاکەر دێتە لامان ئەوەی توندوتیژی بەرانبەر کراوە، ئێمە ئیش وکارەکانی تایبەتی خۆمانی بۆ ئەنجام دەدەین و پاشان ڕەوانەی دادگایی دەکەین، ئێمە تەنیا جێ بە جێ کاری یاساییین، مەبەستم (بڕیاری دادگا)یە، بەڵام هەندی جار کەسانێك دێنە لامان کە حەز ناکەن کێشەکانیان بچێتە دادگا، بۆیە بە چەند جارێك دانیشتنی تویژەری کۆمەڵایەتی لەگەڵیان، کێشەکانیان چارەسەر دەکرێت، بەڵی شوێنمان هەیە بە ناوی (شوێنی داڵدەدانی ئافرەتانی هەرەشە لێکراو) لە شاری هەولێر کە ئەو کەسانە لەوێ پارێزراو دەبن، لە شاری کۆیە شوێنی پاراستنمان نیە تا ئێستا، تەمەنی ئەو کەسانەی کە توندوتیژیان بەرانبەر دەکرێت زۆرتر ٢٥ ساڵ بۆ خوارەوەن.

نەرمین: چۆنییەتی ئیش کردنی ئێوە لەم نوسینگەیە پەیوەستە بە کاتەوە؟ ئایا تایبەتە بە توندوتیژی بەرانبەر ئافرەت یان ڕەگەزی بەرانبەریش؟

ن.دانا: نەخێر ئێمە شەو و ڕۆژ(٢٤)سەعات لە خزمەت هاوڵاتیان داین، ژمارە و ڕێگای تایبەتمان هەیە کە هاوڵاتیان لە کاتی ڕوودانی هەر توندوتیژیەك لە شاری کۆیە پەیوەندیمان پێوە بکەن، کاتی دیاری کراوی نیە بۆ ئیش و کارەکانمان و تەنیاش تایبەتە بە بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان نەك ڕەگەزی بەرانبەر، هەر چەندە هەوڵمان داوە ببێتە نووسینگەیەك بۆ توندوتیژی بەرانبەر خێزان، واتە هەر دوو ڕەگەز، بەڵام جارێ کاتی پێویستی دەوێ.

نەرمین: دواوتەتان بۆ خوێنەرانی گۆڤاری ژنان چییە؟

ن.دانا: سوپاسی گۆڤارەکەتان دەکەم بە هیوای سەرکەوتنتان و کۆتایی هێنان و بنبڕ کردنی توندوتیژی لە ناو کۆمەڵگەدا بە گشتی و لە شاری کۆیە بە تایبەتی، هیوام وایە ئاستی هۆشیاریی خەڵك ئەوەندە بەرز بێت کە توندوتیژی ببێتە شتێکی عەیبە و نەشیاو لە ناو کۆمەڵگەدا کە کەس بەرانبەر کەس بە کار نەهێنێ.



# ژیاننامەی ئامینە قادری

دیمانە: هاجەر قادری



ـ خاتوو ئامینە قادری دەکرێ بزانین تەمەنت چەندە و لە کوێ لە دایك بووی؟

ـ لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە شارۆچکەی قەڵادزێ کوردستانی عێراق لە دایك بووم.

ـ ئامینە خانم ڕادەی خوێندەواریت چەندە؟

ـ بە هۆی ئەو بوارە ناهەموارەی کە کوردستان بە گشتی پێیدا تێ دەپەڕێ وە خەڵکی کورد لەو ناوچانەی کە منی تێیدا دەژیام زۆر زەحمەت بوو ئینسانێك بتوانێ بە ئارەزووی خۆی بژی، هەر بۆیە لە تەمەنی یاسایی خۆمدا نەمتوانی بخوێنم تا ئەو کاتەی هاتمە نێو حیزبی دێموکراتەوە هەتا پۆلی چوارەمی سەرەتاییم لە قوتابخانەی گەورەساڵان خوێند.

ـ چۆن لەگەڵ هاوسەرەکەت ئاشنا بووی و چەند ساڵە ژیانی هاوسەریت پێکهێناوە؟

ـ بنەماڵەی ئێمە هەر لەو کاتەی حیزب خەباتی خۆی لە کوردستانی باشور دەست پێ کردووە لەگەڵ سیاسەتەکانی ئاشنا بووین و پەیوەندیەکی پتەومان دروست کرد. بە شێوازێکی دیکە دەکرێ بلێم ماڵەکەمان وەك بنکەیەکی حیزبی بوو، منیش لەو ڕێگایەوە لەگەڵ هاوسەرەکەم کە ناوی «ئەحمەد بیلال»ە ئاشنابووم و لە ساڵی ١٣٧٠ ژیانی هاوسەریم پێکهێناوە و ٢٢ساڵە بەیەکەوە دەژین.

ـ چەند ساڵە بووی بە ئەندام لە ریزەکانی حیزب و یەکیەتیی ژنان؟

ـ هەر وەکوو لە پێشدا باسم کرد ئێمە بنەماڵەیەك بووین زۆر حیزبی، بەڵام بە فەرمی لە ساڵی ١٣٧١ بووم بە ئەندامی یەکیەتیی ژنان و حیزب.

ـ چەند منداڵت هەیە؟

ـ سێ منداڵم هەیە کە کچن بە ناوەکانی بێخاڵ، شۆخان، گەشبین.

ـ ئامینە خانم یەکێك لە بیرەوەریەکانی خۆتمان بۆ باس بکە؟

ـ بیرەوەریەکان یەکجار زۆرن بەڵام بەداخەوە زۆربەیان تالن، کاتێك لەگەڵ هاوسەرەکەم بڕیاری هاوسەرگیریمان دا، پێش ئەوەی زەماوەند بکەین جەولەی کادر و پێشمەرگەکان لە وەرزی بەهاردا دەستی پێکرد کە ٣ هەتا ٤ مانگیان پێ چوو کە ئەو چاوەروانیە بۆمن زۆر سەخت بوو.

ـ خاتوو ئامینە بۆ بژێوی ژیانتان چیتان دەکرد؟

ـ هەر وەك بۆ خۆتان دەزانن پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لە ناو حیزبێکدا کە لە حاڵی شۆڕش و خەباتی بێ پسانەوەدایە، سەختە. هەر بۆیە ئێمەش وەك هەموو بنەماڵەکانی تر

سەرەتا ماڵێکی سادە و ساکارمان پێکهێنا، بەرە بەرە هەوڵمدا بژێوی ژیانمان باشتر بکەین، منیش بۆ پشتگیری کردن لە هاوسەرەکەم و لەو خەباتەی کە گەلی کورد قوربانی بۆی داوە دەستم کرد بە کار کردن و لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا چەندین کارم کردووە وەك (خەیاتی، ئاشپەزی، نان کرد) وە شانازیش دەکەم ئەگەر توانیبێتم تۆزقاڵێك لەو زەحمەت زۆرییەی کە بەرەڕووی ئێمە دەبێتەوە هاریکار بوو بم.

ـ ئامینە خان خۆشترین و تاڵترین بیرەوەریت چییە؟



ـ بیرەوەری یەکجار زۆرن، لە هەر دوولایەنەوە واتە خۆش و تاڵ، ئەو کاتانەی کە ڕادیۆ دەنگی کوردستان هەواڵی شەهید بوونی هاوڕێیەکی پێشمەرگەی دەخوێندەوە، هەمویان بۆمان بیرەوەریەکی زۆر ناخۆشن، چونکە بە شەهید بوونی هەر پێشمەرگەیەك هاوڕێیەکی دڵسۆزمان لە دەست دەدا و خۆشترین بیرەوەریشم کاتێك دەچوین بۆ قوتابخانە لەگەڵ هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستم دەرسی بیرکاریمان هەبوو، مامۆستاکەمان داوای لێ دەکردین هەریەکەمان چەند چیلکە دارێکی پێ کۆ کردینەوە بۆئەوەی باشتر سەرنجی وانە بدەین، ئەو هاوڕێیەم هەرچەند مامۆستا بە چیلکە دارەکان بۆشیدەکردەوە نەی دەزانی، بەڵام کاتێك نمونەکەی لە دارەوە دەگۆری بۆ قازەکان ڕاستەوخۆ دەیزانی وە ئێمەی هەموو دەهێنایە پێکەنین.

ـ هاوسەرەکەت تەمەنی چەند ساڵە؟

ـ هاوسەرەکەم لە دایك بووی ساڵی **١٣٣٦**ی هەتاویە واتە ٥٧ ساڵە.

ـ ئامینە خانم پەروەردە کردنی منداڵ لە وەها هەلومەرجێکدا و گەورە کردنیان چەندە گرانە، تۆ چۆن لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا منداڵەکانت گەورە کردووە؟


ـ دایك کەسێکی کاریگەرە لە ژیانی هەموو مرۆڤێکدا، هەر بۆیەش من بە تەواوی مانا هەوڵمداوە کە منداڵەکانم بە رۆحێکی مرۆڤانە و نیشتمانپەروەر گەورە بکەم وە شارەزایان بکەم بە مێژووی کورد و خەباتە رەواکەی.

ـ خاتوو ئامینە پەیامت بۆ ژنانی ئێران چییە؟

ـ داوا لە ژنانی ئێران بە تایبەتی ژنانی کورد دەکەم کە وەدوای زانست بکەون وە هەوڵی تەواو بدەن بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد وە هەروەها مافەکانی خۆیان.

ـ گەورەترین حەز و ئارەزووت چییە؟

ـ گەورەترین ئارەزووم سەرکەوتنی خەباتەکەمانە لە پێناو ئازادی و یەکسانی ژن و پیاودا.



# پێناسەی خەمۆکی منداڵان

وەرگێڕان: مەهتاب مەعروفی

کزی و داماوی لە ناو منداڵان و گەورەساڵان مانای جیاوازی هەیە.

بەگشتی دڵگران بوون بریتییە لە هەستی سەرگەردانی و بێ دەرەتانی، کاتی وایە لە بواری جەستەییەوە تووشی ئەم نەخۆشییە دەبین و هەندێك جار لە بواری رۆحی، زۆر جاریش جەستە و رۆحت داگیر دەکات. لێکۆڵینەوە کراوە کە لە کاتی ساواییش رەنگە داوێنگیرمان بێت، بۆ نموونە کاتێك منداڵ دایکی دەناسێت (شەش هەتا هەشت مانگ) ی جیابوونەوە لە دایکی دەبێتە هۆی پێکهاتنی پەشۆکاوی لە ناو رۆح و جەستەی.

نیشانەکانی: منداڵی دڵگران بێهێزی و هەست بە ماندووبوون دەکات و لە رواڵەتیشی ئەو حاڵەتە دەبیندرێ، هەروەها خۆی بە کەسێکی بێقابیل و بێبایەخ دەزانێت و بیر لە مردن دەکاتەوە.

ئەم منداڵانە هۆگریان بە خوێندن و دەرس و قوتابخانە نییە و



توانایی بیر و هزریان به رادەیەکی زۆر، کەم دەبێتەوە. هێندێك لە منداڵان دوای چەند ڕۆژ پشوودان لە چوونە قوتابخانە بێزار دەبن و وردە وردە وای لێدێ دەبێتە هۆی دروستبوونی ترس لە قوتابخانە. بەم پێیە لە وەها هەلومەرجێکدا دایك و باوکەکان وەدوای هۆکارەکەی دەکەون، لە حاڵێکدا ئەم چەشنە ترسە، دڵگرانی منداڵە، لە بەر هۆگربوونی منداڵەکە بە دایکی، لە ترسی ئەوەیکە نەکا لە دەستی بدا یان نەخۆش بکەوێت، خۆی لە قوتابخانە دوور دەکاتەوە. دڵتێکچوون و سەرسووڕان لە نیشانەکانی نەخۆشی جەستەیین.

لە بواری کردەوەش تووشی دزی و درۆکردن و کاری نالەبار دەبن.

هۆکارەکان

هۆکاری خەمۆکی دەتوانێت ئێرسی (لە باوانییەوە) و دەروونناسی، یان پەیوەندیدار بێت بە ژیانی خۆی و دەورووبەری. ئەگەر هۆکارەکە ئێرسی یان ژێنێتیکی بێت دەبێ سەرنج بدەنە ڕادەی تێکچوونی هۆرمۆنەکان و لە بواری دەروونناسیش پەیوەندی نێوان منداڵ و دایك و باوك، هەروەها حاڵەتی ڕۆحی و دەروونییان لە بەر چاو بگرین و چارەسەر بکرێن. نەخۆشی خەمۆکی بە مانای نەبوون یان نەمان و لە دەست دانە. منداڵانی گیرۆدە بەم نەخۆشییە کەسێك یان شوێن یان شتێکی خۆشەویستیان لە دەست داوە یان هەرگیز وەدەستیان نەکەوتووە. هەندێ لە دەروونناسان بە هاوسەنگی پرسەی دادەنێن کە منداڵ بۆ نەمانی کەس یان شتێکی ئازیز دڵ بە تەم دەبێت.

زۆرجار بووە کە منداڵ هیچی لە دەست نەداوە بەڵام لە ناو ئەو بوونانەی کە هەیبووە هەستی بە کەمی کردووە، بۆ نموونە دایکی هەیە بەڵام ئەوەی ئەو دەیهەوێ نییە واتە دڵخوازی خۆی نییە، کاتی وایە هەڵسوکەوتی دایك و باوکەکان ئازاردەرە و منداڵەکەی لەگەڵ دەورووبەری هەڵدەسەنگێنێو بە کەمی دادەنێت. بە هۆی ئەوەیکە منداڵ هاوسێ و هاوژیانی دایکیەتی، بێئەوەی کە خۆی بیهەوێ هەموو شێوە و کردەوەی ئەو بۆ خۆی هەڵدەگرێت، بە گشتی ئەگەر شوێنی ژیانی (لە بواری ئەوین و سەرنج و...) شیاوی ئەو نەبێت مەترسی توشبوون بە نەخۆشی خەمۆکی ڕوبەڕوویان دەبێتەوە. بارودۆخی ڕۆحی بنەماڵە بۆ پێشگیری لە نەخۆشیی خەمۆکی و دەرمان کردنی تووش بوو، کاریگەریی زۆری هەیە. بەڵام ئەوە کاتێك ڕاستە کە نەخۆشییەکە دەرئەنجامی دەروونی هەبێت، دەبێت منداڵەکە بۆ لای پسپۆڕی دەروونی ببەن و دەرمان بکرێت. پێکهێنانی شوێنێك کە هاودەردی و خۆشەویستی تێدا بێت، شوێنێك کە بۆ منداڵ بنکەی خۆشەویستی بێت و پێداویستییەکانی بۆ جێبەجێ بکرێت، ئەمە گرینگترین هۆکارە بۆ دووربوون لەم چەشنە نەخۆشیە کە بە شوێنی ژیانی منداڵ گرێدراوە.

منداڵ هۆگری دایك و باوکە و بوونیان بە تایبەت لە کاتی منداڵی زۆر پێویستە، کەوابوو نابێ لە پەیوەندییەکی پاك و ڕێك و پێك بێبەشیان بکەین. هەوڵ بدەین وڵامی پێداویستی و ئاواتەکانیان بدەینەوە، هەڵبەت ئەگەر ژیرانە و سرووشتی بن.

هۆکارگەلی دیکەی نەخۆشی خەمۆکی کە بۆ چارەسەرکردنی دەبێت سەرنجی زۆریان پێبدەین، بریتین لە:

- جیابوونەوە لە بنەماڵە و نەبوونی پشتیوانێکی بەسۆز.
- گۆڕینی قوتابخانە و دووۆرکەوتنی لە هاوڕێکانی.
- کۆچ کردن.
- گۆڕینی خانووبەرە و شوێنی ژیان.
- دوو چاوەکی و جیاوازی نێوان منداڵەکان و هەڵسەنگاندنیان.
- وتنی قسەی ناهۆمێدانە و دەرنەبڕینی سیفەتە باشەکانیان.
- مردنی ئازیزانیان (دیارە کە مەرگ لە دەست مرۆڤدا نییە) بەڵام مەبەست ئەوەیە کە لەو هەلومەرجەدا فێر بین خۆمان و منداڵەکانمان بە شێوەیەکی باش ڕووبەڕووی کارەساتەکە ببینەوە.
- ئاه و ناڵەی دایك و باوکەکان لە ئێشی ناساغی خۆیان و ترسی منداڵ لەوەیکە نەکا لە دەستیان بدەن.
- باسکردنی گرفتی ئابووری لە لای منداڵ.
- گێڕانەوەی ڕووداو و کارەساتی ناخۆشی کۆمەڵگا.
- دۆزینەوەی هۆکارەکان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی خەمۆکی زۆر گرینگە، هەر وەك پێشتر باس کرا دەبێ بۆ چارەسەرکردنی بیر لە وەدەستهێنانی شتی شیاو و خوازراو بکەینەوە.
- ئیزن بدەین منداڵەکە قسە بکات و هەستی خۆی دەرببڕێت. ڕێز لە هەست و کەسایەتی ئەو بگرین.
- هەوڵ بدەین بە گۆڕینی کردەوەی خۆمان ڕوانگەی منداڵ سەبارەت بە ڕووداوی دەورووبەری بگۆڕین.

منداڵ خۆی باشترین ڕاگەیەنەرە، یانی دەتوانین هەر لە منداڵەکەوە تێبگەین کە بۆچی دڵگرانە. کەوابوو چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی دایك و باوك، ئاڵوگۆڕی شوێنی ژیان، هەبوونی پشتیوان و دەرمانی دەروونی، وەدەستهێنانی شتی شیاو و خوازراو، خاڵی هەرە گرینگن کە دەبێ بۆ دەرمانی ئەم نەخۆشییە لەبەر چاوی بگرین.



# هەبوونی ترس لە منداڵدا

وەرگێڕان: ڕۆژنە

هەموو منداڵێك لە هێندێك قۆناغی تەمەنیەوە تووشی ترس و سامگرتوویی دەبن و ئەوەش بەشێکی ئاسایی لە گەشەکردنیان ئەژمار دەکرێت. ئەوترسانە کاتێك نائاسایی دەبن کە ماوەیەکی زۆر بمێننەوە یان درێژخایەن بن و بەتەواوی مێشکی منداڵ داگیرکات، کە ئەو ترسەش تێکەڵاوی هەموو هەڵسوکەوت و چالاکییەکانی ڕۆژانەیان دەبێت و شوێن دادەنێت و ئەگەر منداڵ نەیتوانی خۆی ڕزگار بکات تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبێت کە ئەوەش ترسێکی بێ مانایە.

ئایا ترسی بێ بنەما پەیوەندی بە قۆناغی گەشە کردنی منداڵ هەیە؟

بۆ نموونە ترسی دانیشتن لە سەر ئاودەست لە منداڵی ٢ساڵاندا ئاساییە، بەڵام هەر ئەو ترسە لە منداڵی ٨ ساڵاندا سروشتی نیە. منداڵانی تازە پێهەڵگرتوو لە (دووورکەوتن لە دایك یان باوك) دەنگی ئازاردەر، بەربوونەوە، دەعبا و ئاژەڵەکان، چوونەسەرئاودەست، حەمام کردن و تاریکایی لەکاتی نووستن دەترسێن.

ترسی منداڵانی پێش چوونی قوتابخانە، بریتین لە دێوەزمە و ئەرواح، ونبوون، تەڵاق و لەدەستدانی دایك وباوك و تاریکایی.

هەروەها منداڵانی سەرەتایی لەتەنیابوون، کەوتن، چوونە نێو شوێنێکی دیکە (بەتایبەت چوونە قوتابخانە) و تاریکایی لەکاتی نووستن (لەمنداڵانی بچووکتر) ناکۆکی، بە بێ‌بایەخ زانین لەلایەن کۆمەڵگا و (منداڵانی گەورەتر) لەئێش و ئازار دەترسێن.

تازە لاوەکان (کە باڵغ بوون) هێندێك جار لە بارودۆخی نوێ (وەك چوونە زانستگا و...) شەڕ و تەڵاق و پەیوەندی چاوەڕوان نەکرا و دەترسێن.

ڕەنگە ئەو چەشنە ترسانە لە بوارە جیاجیاکانی ژیانیان زیاتر بێت.

- لە دایك بوونی منداڵێکی تر لە بنەماڵەدا
- گواستنەوەی شوێنی ژیانیان بۆ شوێنێکی دیکە
- تەڵاق و مەبەستی تر...

کاتی وایە تەنانەت دوای ڕوودانی ڕووداوێکی هروژێنەر، ترسی منداڵان گەشە دەکات.



بۆ نموونە کەوتنە ناو ئاو، سووتان بە هۆی شتێکی زۆر گەرم یان هەڵاتن لە دەست سەگێك. ئەوەش لەناو منداڵان جیاوازە و هێندێك زۆرتر دەترسێن و هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە سەر خوو و ڕەوشتی منداڵ. ئەو دایك و باوکانەی دایم پەشۆکاو و نیگەرانن یان ڕووبەڕووی هەر شتێك کاردانەوەیان دەبێ، منداڵەکانیش زۆرتر هەڵگری هەمان کردەوەن و هەموو کاتێ ترس و دڵەڕاوکەیان دەبێت.

چۆنیەتی شێوازی ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ ترسی منداڵ :

١. هیچ کاتێك هەست و ترسی منداڵ بە کەم دامەنێن سەرکۆنەی مەکەن و ئەوەش بزانن کە سرنج نەدان بە



ترسی منداڵ یارمەتی چارەسەر کردنی گرفتەکە ناکات.

٢. هۆی ترسەکەی لێ بپرسن و قسەی لەگەڵ بکەن ئەم ڕێگە چارە زۆر بە سوودە ئەگەر سەرچاوەی ترسەکەی هەڵکەوتێکی هروژێنەر بێت.

٣. لەرادە بەدەر چاودێری مەکەن، لێی گەڕێن بۆ خۆی دووره پەرێزی لە ترسەکەی بکات و مەجبووری بە کارێك مەکەن کە لێی دەترسێت.

٤. هەوڵ بدەن لە کاتی پێویست هەڵوێست دەر ببڕن، چوونکە تێبینی زۆری ئێوە دەبێتە بە هێز کردنی ترسەکەی.

٥. بۆ ئەوەی منداڵ بە سەر ترسەکەی زاڵ بێ دەبێ دڵنەوایی بدەنەوە، بۆ نموونە ئەگەر لە چوونە قوتابخانەی نوێ ترسی هەیە دەبێ یارمەتی بدەن و بۆی ڕوون بکەنەوە، پێی بڵێن : «ئەمن دەزانم کە نیگەرانی و دەترسێی ڕووبەڕووی قوتابخانە و هاواڵی نوێ دەبییەوە بەڵام بە بۆچوونی من ئەو ساتە هەستێکی زۆر باشترت دەبێت».

٦. بۆ چوونە قوتابخانە هانی بدەن و وەبیری بهێننەوە کە پێشتریش هاواڵی زۆری پەیدا کردووە و هەروەها فێری بکەن چۆن ڕووبەڕووی خەڵك ببێتەوە و چۆن خۆی بناسێنێت.

٧. ئاگاداری کەنەوە کە جارێکی تریش شتێك هەبووە کە لێی دەترسا بەڵام پاش ماوەیەك تەواو بووە و ئیتر لێی ناترسێت.

٨. پشتگیری و یارمەتی لێبکەن کە بەربەرەکانی لەگەڵ ترسەکەی بکات. هەروەها وەك دارکوتە دایم لە مێشکی مەکوتن کە دووری لێبکات.

له ئاکامدا:

ئەگەر ترسەکەی ببێت بە نەخۆشی و بە هیچ شێوە نەتوانێت لە ناوی بەرێت، بەتایبەت ئەگەر لە سەر گەشە کردن و چالاکی رۆژانەیان شوێن دابنێت، دەبێ بۆ چارەسەری سەردانی پسپۆڕی دەروونی بکات.

دایك و باوکە خۆشەویستەکان لە هیچ بارودۆخێکدا، هەستی منداڵ بەکەم دامەنێن و بە هۆی ترسی سەرکۆنەی مەکەن و ئەوەش بزانن کە سەرنج نەدان بەو شتانەی کە منداڵ دەترسێنێت یارمەتی چارەسەرکردنی گرفتەکە ناکات.



# ژیاننامەی میناخانمی قازی

سەرچاوە وتەکانی بەرێز کاك جەلیلی گادانی
ئامادەکردن روناك فەتحی

میناخانم قازی له ساڵی ١٩٠٨ له شاری مەهاباد له بنەماڵەیەکی سەروەتمەند لەدایك بووە، ناوی باوکی حاجی حەسەن حەسەن خاڵی بووە، ناوی دایکی گوڵ ئەندام خانمی کاك ئاغا زادە، چونکە ئەوکات بۆ ژنان خوێندەواری باونەبوو میناخانم خوێندەواریەکی ئەوتۆی نەبوو. له تەمەنی ١٩ساڵیدا لەگەڵ قازی محەممەد ژیانی هاوبەش پێکدێنن. چونکە قازی محەممەد له بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و سیاسی پێگەیشتبوو، ئەهلی علم و مەعریفەت بوو بۆیە کاریگەریی زۆری له سەر میناخانم هەبوو. له بواری زانستی و کۆمەڵایەتی هەڵسووکەوتی ڕۆژانەی و تەعامل لەگەڵ خەڵك زۆر بەرەو پێشچووە. زۆر ساڵ و دەورە هاتن و چوون پێشەوا که تێکەڵی لەگەڵ خەڵك زۆربوو بە تایبەت لەگەڵ تویژی ڕۆشنبیری ئەوسەردەمە ماوەیەکیش بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد بوو بەم هۆیەشەوە لەگەڵ زۆر چین و تویژی جۆراوجۆری کۆمەڵگا تێکەڵاویان پەیدا کردووە هەر لەرێگای پێشەواوە میناخانم لەگەڵ هەموو ئەوچین و توێژانەی ئەوەدەمی کوردەواری تێکەڵ بووە و بەباشی ناسیونی و لێیان حاڵی بووە. بەتایبەت دوای ئەوەی پێشەوا بوو بە ئەندامی «ك ژ» وە دواتریش «ژك» بوو بە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەلومەرجەکە وای هەڵدەگرت که ژنانی کورد هێدی هێدی بێنە نێو کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی. پێشەوا بە باشی بۆی روون ببوو که کۆمەڵگای کوردەواری به بێ نیوەی کۆمەڵ که ژنەکانن ناتوانێ بەرەو پێش بچێت. لەسەر ئەو بنەمایە به پێشنیاری پێشەوا وەك دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات ژنان هێدی هێدی خەریکی کۆبوونەوە و خۆئامادەکردن بۆ ئەو بەشداریە بوون. کاری ژنان ئەوەندە چووە پێش که توانیان له ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاوی بەشێوەی ڕەسمی ڕێکخراوێك به ناوی (یەکیەتی یایانی کوردستان) پێك بێنن هەر لەیەکەم کۆبونەوەی ئەو ڕێکخراوەدا لەلایەن ژنەکانەوە میناخانمی قازی وەك یەکەم بەرپرسی یەکیەتی یایان هەڵبژێردرا. هەتا کۆمار مابوو ژنان زۆر چالاکانە بە پێی توانای خۆیان له بواری فەرهەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کاریان دەکردوو به شێوەیەکی بەرچاو لەو بوارانەدا چووبوونە پێش. هەروەها لەو سەردەمەدا که ئاستی خوێندن و خوێندەواری زۆر لاواز بوو ژنان کەلاسی خوێندنیان بۆ دانرابوو نەخوێندەوارەکان خوێندەوار دەکران که ئەمەش بە مقایسەکردنی ئەو سەردەمە دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ ژنان هەروەها ژنان ئەودەم له کۆبوونەوەکانی حیزبی میتینگ و خۆپیشاندانەکاندا بەشداریان دەکرد و رۆڵیان هەبوو. میناخانم لەگەڵ ئەوەی دوای نەمانی کۆمار عەزیزترین کەس وگەورەی ماڵییان لێ ئێعدام کرد، ورەی بەرنەدا و له هەموو مەرحەلەی دادگای نیزامی پێشەوا و هاورێیانی خەریکی سازکردنی هۆکاری بەرگری و ڕزگارکردنی پێشەوا و هاورێیانی بوو. دوای ئێعدامی پێشەواش هەموو هەوڵی ئەوە بوو ٧کچ و تاقە کورەکەی پێشەوا بێ ناز نەبن ئەوەندەی بۆی بکرێ هەستی کوردایەتی له هزر و دڵی منداڵەکانیدا جێگیر و بەهێز بکات. هەر گەورەکردن وپێگەیاندنی ئەو ٨منداڵە بوو بە یەکێك له کارە بەرچاوەکانی میناخانم که توانی لەژێر ئەو هەموو زەخت و نارەحەتییەدا منداڵەکانی گەورە بکات و بە کۆمەڵگای ببەخشێ، دوایەش که حیزب دەستی کردەوە بە چالاکی، میناخانم نە تەنیا بۆ خۆی ئەندامی چالاکی یەکیەتی ژنان بوو که بە نهێنی دامەزرابووە بەڵکوو عیسمەت خانمی کچە گەورەشی کردبوو بە یەکێك له ئەندامە هەرە چالاکەکانی یەکیەتی ژنان و حیزبی دێموکراتی کوردستان. عیسمەت خانم ماوەیەکی بەرچاو بە نهێنی بەرپرسی ئەو ڕێکخراوەیە بوو. بەڵام بەداخەوە زۆر زوو فەوتی کرد. دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ که جارێکی دیکە تێکۆشانی حیزبی و سینفی بە تەواوی نهێنی بووە میناخانم نەك هەر تێکۆشانی خۆی درێژە پێدایەوە بەڵکوو ماڵیشیان ببوو بە جێگای حەوانەوەی کادرە نهێنیەکانی حیزب، یەك لەوان شەهید دوکتور قاسملوو بوو که ماوەیەکی دور و درێژ لەماڵ ئەوان خۆی شاردووەتەوە و خەریکی درێژەدانی خەبات بوون. نیشانەیەکی دیکە له فیداکاری میناخانم ئەوە بوو که سەرەڕای هەموو زەخت و گوشارێك توانی بە یارمەتی کچەکانی و خزمەکانی کتێبخانەی پێشەوا و بەشێك له جل





و بەرگ و پێویستییەکانی ژیانی پێشەوا بپارێزێ. میناخانم زۆرجار لەلایەن ڕوکنی ٢ی ئەوکات و ساواکی دواتر پیلانی بۆ دانرا بێ حورمەتی پێ بکرێ مێرد بکاتەوە بەڵام مینا خانم هیچ کات نەچووە ژێر باری ئەم پیلانانە و هەرچەند زۆر جار هەڕەشەی لێدەکرا، بۆ ماوەیەکیش لە مەهاباد دورخرایەوە و بنەماڵەوە بردرایە تاران بەڵام هەر کورد بوو و بە ڕێبازی پێشەوا و حیزب وەفاداربوو. لە زەمانی کۆماری ئیسلامیشدا هەرچەند مەودای درایە بێتەوە مەهاباد بەڵام هیچ کات خەیاڵی ئاسوودە نەبوو، زۆر جار دەخرایە ژێر زەخت و گوشار، یەك دوو جاریش خرایە بەندیخانەوە. لەسەر مینا خانم کتێبێك لەلایەن (کاك شارئۆرسا)وە کە کوردی کرمانجی ڕۆژهەڵاتیە نوسراوە کە ئاکامی وتوویژێکە لەگەڵ خودی میناخانم کردویەتی.بەداخەوە میناخانم لە ١٧ی ڕەشەمەی ١٩٩٨ی زایینی لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد و هەر لە گۆڕستانی ئەو شارە لە ناو ئاپۆرای خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری بە خاکی کوردستان ئەسپێردرا.

نێوی منداڵەکانی میناخانم و پێشەوا بریتی بوو لە:

١- عیسمەت خانم
٢- عیفەت خانم
٣- پەروین خانم
٤- مونیرخانم
٥- سوهیلاخانم
٦- فەوزیە خانم
٧- مریەم خانم
٨- کاك عەلی

# ڕاپۆرتی ٦٨ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

وتووێژ: مەهاباد قاسمی

٢٤ی ڕەشەمە، دەستپێکی وەرزێکی نوێ لە خەباتی ژنانی کوردستان دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان، یەکێک لە خاڵە زێڕینەکانی کارنامەی کاریی کۆماری کوردستانە کە نە تەنیا ژنانی کورد، بەڵکوو سەرجەم کۆمەڵگای کوردستان شانازیی پێوە دەکەن. گرینگیی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەوە دایە کە لەو سەردەمەدا، نە تەنیا ڕادەی ژنانی شارەزا لە بواری سیاسەت کە بتوانن لە گۆڕەپانی خەباتدا ڕۆڵ بگێرن زۆر کەم بوو، بەڵکوو کۆمەڵگای کوردستان و بە تایبەت ژنان لە ژێر پەنجەی نەخوێندەواری و داب و نەریتی کۆنی پیاوسالارانەدا، کە بەرهەمی کردارە نامرۆییەکانی حکوومەتە دەسەڵاتدارەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بوو، توانایان بۆ هیچ چەشنە گۆڕانکارییەک لە بارودۆخی ژیانیاندا نەبوو. لە دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ژنانی کورد بە دڵگەرمی و پشتیوانیی دامەزرێنەکانی کۆماری کوردستان و لە سەرووی هەموویانەوە بنەماڵەی پێشەوا قازی محەممەد، وەک هاوسەری بەوەفا و کچەکانی کە لە دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەیە بەشدار بوون، بۆ یەکەم جار لەگەڵ چالاکیی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئاشنا بوون و دوای ماوەیەک چالاکی لەم ڕێکخراوەیە هەستیان بە گرینگیی خوێندەواری، فێرکاری لە بوارە جۆراوجۆرەکان، بردنە سەری ئاستی ئاگایی سیاسی و ناسینی مافە مرۆییەکانیاندا کرد و یەکەم هەنگاوەکانیان بەرەو گۆڕەپانی سیاسەت هەڵێنا.

لە داب و نەریتەکانی ئەو سەردەمەدا، جێگەی ژن نێو ماڵ و ئەرکی سەرەکیی پشتیوانی لە تاکەکانی بنەماڵە و خزمەت کردن بەوان بوو، دەتوانین بڵێین دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیە تێکشکاندنی تابۆیەکی چەندین و چەند ساڵە بوو، بۆیە ئەگەری دروستبوونی هەر چەشنە دژایەتی و بەربەرەکانێیەک لەبەرامبەر ئەم گۆڕانکارییە لەلایەن دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوەیەوە چاوەڕوان دەکرا، بۆیە وەک چارەسەرییەک و کەمتر کردنی ئەم کێشانە، شەهید قازی محەممەد هاوسەر و کچەکانی خۆی هان دا کەلەم ڕێکخراوەیەدا چالاکی بنوێنن و بە هۆی کەسایەتیی کۆمەڵایەتی و ئایینی و هەروەها ڕێز و خۆشەویستیی تایبەتی قازی محەممەد لە لای خەڵک، بەرە بەرە متمانە لە نێوان پیاوان و ئەم ڕێکخراوەیەدا دروست بێت و ڕێگا بۆ بەشداربوونی ژنان لە کاروباری ڕێکخراوەیی ئاسانتر بێت. هەر بۆیە دامەزرێنەرانی کۆمار بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی فەرهەنگی ـ کۆمەڵایەتیی ئەو کات، هەوڵیان دا کە:

١ـ هەر لە نێو ماڵەوە چاکسازی بۆ ژیانی ژنان دەست پێ بکەن

٢ـ ڕێکخراوێک بۆ داکۆکی لە مافەکان و بەرژەوەندییەکانی ژنان دامەزرێنن

٣ـ ئەمنییەت بۆ ژنان و پشتیوانیی کۆمەڵایەتی دابین بکرێت

ئەمە ڕێگە خۆشکەرێک بوو بۆ دروستبوونی بناغەی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستانی ئێران کە هەتا ئێستاش هەر درێژەی هەیە و بەردەوامە.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی خەبات و تێکوشانیان لە ساڵی ١٣٨٥ یەکەم کۆنگرە و ١٣٩٠ دووەم کونگرەی خۆیان بست.

ماڵپەڕی کوردستان میدیا بۆ زیاتر تاوتوێ کردنی چالاکییەکانی پێوەندیدار بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی بەڕێوەبەریی ئەو یەکیەتییە وتووێژی پێک هێناوە کە دەقەکەیان بەم چەشنەیە:



## رووناک فەتحی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان

کوردستان میدیا: ٢٤ی ڕەشەمە وەکوو یەکێک لە بە نرخترین دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان چۆن پێناسە دەکەن و دەستکەوتەکانی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان لە کاتی دامەزراندنیەوە هەتا ئێستا چۆن دەبینن، واتا قورسایی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان لە چ ئاستێک دایە؟

فەتحی: دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەرهەمی بیری نوێخوازی و مروڤ سالاریی پێشەوای گەورەی کورد قازی محەممەد و ڕێبەرانی کۆمار بوو. کە پێشەوا قازی محەممەد وەک سەرکۆماری کوردستان بوونی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان وەک پێوستی و زەرووتێکی ئەو قوناغە لە مێژووی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد دەزانێ. گرینگیی و شانازی ٢٤ ڕەشەمە دامەزراندنی یەکەمین ڕێکخراوی سینفی سیاسی تایبەت بە ژنان و دەسپێکی قوناغێکی نوێ بوو لە خەبات و تێکوشانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە راستای وەدیهێنانی ئامانجی ڕزگاری نەتەوەیی و ئازادی و بەرامبەری نێوان ژن و پیاو بوو لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەتا ئێستا دوو ئامانجی گەورە و بنەڕەتیی وەک ڕزگاری نەتەوەیی و یەکسانیی نێوان ژن و پیاو و عەداڵەتی کۆمەڵایەتیی کردووە بە ئامانجی سەرەکیی خۆی و لە پێناویدا شان بە شانی خەباتی ڕزگاریخوازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پێی قوناغە جیاوازەکانی خەبات بەردەوام لە تێکوشاندا بووە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بەرزانەی لەم راستایەدا یەکیەتیی ژنان ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاوی هەبوو و خزمەتی گەورەی بە جووڵانەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیی و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کردووە، دەیان و سەدان ژنی شۆڕشگێر و یەکسانیخواز لە ریزەکانی ئەم ڕێکخراوەدا بە بردنە سەری ئاستی هوشیاری و ڕۆشنبیری خۆیان پێگەیشتوون و خزمەتیان کردووە، لەوانە نەقش و ڕۆڵی مینا خانمی قازی کە وەک یەکەم بەرپرسی ژنان هاوکات لەگەڵ کومەڵێک لە ژنانی خوێندەوار و ڕۆشبیری ئەوکات وەک پەروین خانم، کوبرا خانمی عزیمی، عیسمەت خانی کچی مینا خانم بەرچا و بووە و خزمەتی زۆریان کرد بە پەروەردە و فێرکردنی ژنان و خوێندەوار کردنیان بە دانانی مەدرەسەی تایبەت بە ژنان و هاندانیان بۆ بەشداری کردن لە کاروباری سیاسی و کومەڵایەتی ئەو سەردەمە، بە گشتی یەکیەتیی ژنان بە درێژایی مێژووی خەباتی ٦٨ ساڵەی خۆی لە پێناو ڕزگاری نەتەوەیی و ڕزگاری ژنان لە دەست چەوسانەوە و نایەکسانی و زوڵم ستەمی ڕێژیمی شاهەنشاهی و کۆماری ئیسلامی خەبات و تێکوشان بەردەوامە تا گەیشتن بە ئامانج بۆ ڕزگاری.

کوردستان میدیا: جێگە و پێگەی ژنی کورد لە بزووتنەوەی ژنان لە سەرانسەری ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنن، پێوەندیی ئێوە لەگەڵ ئەو بزووتنەوە و ڕێکخراوەکانی ژنان لە جیهان چۆنە؟

فەتحی: یەکیەتی ژنان بە بەردەوامی لە هەوڵی دانانی بەرنامە و مێتودی نوێدا بووە بۆ پێشخستنی کار و تێکوشانی خۆی چ لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی و چ لەسەر ئاستی نێوخۆی لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان و مافەکانی مروڤ بە گشتی بە هێزتر بکات و لەم ڕێگاوە ئەو توندوتیژی و پێشلکارییانەی کە بەهۆی دەسەڵاتیدا سەپا و دژە ژنی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە ژنانی ئێران و کوردستانی بە تایبەتی دەکری ئەم پێشلکارییانە بەم کۆڕ و کومەڵانە بناسێنی و کار بکات بۆ پێشگیری لەم پێشڵکارییانە کە ڕۆژانە دژی ژنانی ئێران دەکرێ، لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانەی کار بۆ مافەکانی ژنان دەکەن کار و بەرنامەی هاوبەشی هەبێت.



لەسەر ئاستی ناوخۆییش یەکیەتیی ژنان هەوڵ دەدات لە ڕێگای ڕاگەیاندن و تەشکیلاتییەوە پێوەندییەکی بە هێزی هەبێ لەگەڵ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانی لە هەر بزووتنەوەیەکی ژنانی ئازادیخواز و مافویست دەکات کە بە خەبات و قوربانی لە دژی سیاسەتە دژی ژنیەکانی کۆماری ئیسلامی دەوەستنەوە و زوڵم و نابەرابەری قەبوول ناکەن، لە هەمانکاتدا یەکیەتیی ژنان هەوڵ دەدات زۆر بەرنامەی لەم ڕێگایانەوە بباتە نێو ژنانی کوردستان و کێشە و ئاریشەکانی ژنان دەست نیشان بکات و لەم ڕێگایەوە هوشیاری و ئاکامی بدات بە ژنان لە راستی دەستەبەرکردنی مافەکانیان بە بەرنامەی پەروردەیی ئەمرۆی لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە هوشیاریان بکاتەوە لەو توندوتیژی و ناعەدالەتییەی کە بەهۆی سیاسەت و یاسا دژی ژنیەکانی کۆماری ئیسلامی و داب و نەریت و کولتووری کۆمەڵگای بەرامبەریان دەکرێ.



**مەحبوبە ئیبتیکار، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان**

کوردستان میدیا: گۆڤاری یەکیەتیی ژنان هەتا ئێستا چەند ژمارەی لێ دەرچووە؟ و چ کاریگەریەکی لە هوشیارکردنەوەی ژناندا هەیە؟

ئیبتیکار: گۆڤاری یەکیەتیی ژنان هەتا ئێستا ٤٢ ژمارەی لێ دەرچووە، بە دڵنیاییەوە کاریگەری باشی بووە و زۆربەی ئەو بابەتانەی کەلە گۆڤارەکەماندا چاپ کراوە و پەیامێک بووە بۆ ئەو پرسیارانە کە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان بوویانە هەر بەو هۆیەشەوە زۆر جار دەسخۆشیمان لێ کراوە چونکە گۆڤارەکەمان زۆر هەوڵ دەدات زیاتر گرینگی بدات بەو بابەتانەی کە باس لە دەرد و خەم و ئازارەکانی ژنان و ئەو کێشانەی کە لەنێو بنەماڵە و کۆمەڵگادا هەیە.

کوردستان میدیا: وەکوو یەکیەتی ژنان بەرنامەتان بۆ داهاتوو چییە؟ و دەتانهەوێ چی بکەن؟

ئیبتیکار: ئێمە وەک یەکیەتی ژنان دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرنامەی داهاتوومانندا دەمانهەوێت بۆ بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگا و تاکی نێو کۆمەڵگا تێدەکۆشین و بۆ لە ناو بردنی ئەو داب، فۆرم و عادەتە نێگەتیڤانەی کە لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا هەن و کۆمەڵگای ئێمە بەرەودواکەتوویی دەبەن بەربەرەکانێ دەکەین و هەوڵ دەدەین بۆ هوشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی مرۆڤەکان و ئاشناکردنیان بە مافە ڕەواکانیان و هەروەها بە کەڵک وەرگرتن لە ئامووزش و پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵ بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی یەکسان و بێ جیاوازی و هەوڵ دەدین بۆ لە بەین بردنی ئەو یاسانەی کە لەنێو یاسا دژ مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران تەسویب کراوە و کار دەکەین بۆ ئەوەی باوەر بە خۆبوون لە نێو ژناندا زیاد بکەین بۆ ئەوەی ژنان بتوانن لە دەرەوەی ماڵ کار بکەن و بتوانن لە سیاسەتدا و دەسەڵات بەشدار بن.

کوردستان میدیا: هەتا ئێستاش وشەی «داب و نەریت و عەیبە» گەورەترین کۆسپی بەردەم پێشکەوتنی ژنانی کوردە، چ قسەیەکتان هەیە بۆ ئەمە؟

ئیبتکار: نەریت، یان سوننەت، یان عورف و عادەت و عەیبە ئەم وشەیە کەلە ناو کۆمەڵگادا باوە و دەبێتە هۆی هێشتنەوەی بیری مرۆڤەکان لە چوارچێوەیەکی تەسک و داخراودا و دەرەتان و ئێزن بۆ هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی جیاواز روانینێک بۆ داهاتوویەکی گەش و بینینی راستییەکان لە نێو کۆمەڵگادا نادات و مرۆڤەکان بەرەو کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو دەبات.

بە داخەوە ئەم وشانە دەبێتە هۆی ئەوە کە مرۆڤەکان نەتوانن دەرد و ئازارەکانیان لای کەس باس بکەن و بۆ حەلی کێشەکانیان پەنا بە شوێنە پێوەندیدارەکان ببەن.

کوردستان میدیا: لەش فرۆشی، یان ئیعتیاد و دەستدرێژیی جینسی دەرنجامی چ سیاسەت گەلێکن لە کۆمەڵگای ئێمەدا؟ ئایا شێوازێک بۆ پێشگیری یانکەمکردنەوەی ئەم دیاردەگەلە هەیە؟

ئیبتکار: لەش فرۆشی، یان ئیعتیاد و دەستدرێژیی

جینسی دەتوانێت هێندیک سیاسەت یان تاکتێکی دڕندانە لە پشت بێت بۆ ترساندن و تۆقاندنی مرۆڤەکان لە ڕێگەی لەش فرۆشی دەتوانێت کەرامەتی مرۆڤەکان بکرِدرێت، و لە ڕێگەی ئیعتیاد دەتوانرێت دەنگە جیاوازەکان کپ بکرێت و ئیسقلال و سەربەخۆیی مرۆڤەکان لە بەین بچێت و کەسایەتی مرۆڤەکان خەوشەدار بکرێت و لە ڕێگەی دەستدرێژیی جینسی دەتواندرێت وەکوو ئامرازێکی شەری دەروونی بۆ لە بەین بردنی مرۆڤەکان و سووک کردنیان لە نێو کۆمەڵگا بە کار بهێنریت.

بۆ پێش‌گرتن لەو دیاردەگەلە دەبێت لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و کەسانی پسپۆر و شارەزا هوشیاری بدرێت بە کۆمەڵگا و لەو دیاردانە ئاگادار بکرێنەوە، و بە ئاگاهێنانەوەی تاکی کۆمەڵ بۆ ئەوی نەکەوێتە داوی ئەو شێوە سیاسەتانە و هەروەها لەقاودانی ئەو سیاسەتانەی بە نیسبەت گەلەکەمان دەکرێت بۆ لە نێوچوونمان و هەروەها پەنا بردن بۆ ڕێکخراوەکانی داکۆکی کار بە مافی مرۆڤ و ئەو یاسا نێو نەتەوەییانە کە دژی ئەو سیاسەتانە دەرچوون.




سەفیە مەحموودی، ڕاوێژکاری بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان

کوردستان میدیا: سەرەڕای بوونی ئەم هەموو بزووتنەوە و ڕێکخراوانەی تایبەت بەژنان، کەچی ژن بەردەوام لەلایەن یاسا و بنەماڵەوە پشتیوانیی لێ ناکرێ، لێرە ڕۆڵی یەکیەتیی ژنان چییە بە گشتی؟ پێتان وایە بە گرتنی سمینار و کۆبوونەوە و... هتد ئەم دیاردانە کەم دەبێتەوە؟

مەحموودی: یەکیەتی ژنان لەپێناو یەکسانی تەواو و بێ‌قەید و شەرتی ژنان و پیاوان لە هەموو ڕوویەکەوە، تێدەکۆشێت و هەوڵ بۆ نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی لە نێو کۆمەڵگا بەگشتی و بنەماڵە بە تایبەتی دەدات بە مەبستی پەرەپێدانی زانیاری و کولتووری لەسەر مافی ژنانی کورد و پشتگیری لەمافی ژنان لە کومەڵگای کوردەواریدا، چونکە وەک ئاشکرایە ئەو پرسە لە بنچینەدا لەسەر دوو کۆڵەکەی (دین ـ چ وەک دەق چ وەک ڕەفتار ـ و داب و نەریتە کۆنەپەرستەکان) بونیاد نراوە. یەکیەتییەکەمان ژنان بە ماف و ئازادییەکانیان دەناسێنێ و لەو پێوەندییەشدا هاوکاری لەهەموو کەس و لایەنێک وەردەگرێ و پەردە لەسەر سیاسەتە دژ بە ژنەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵدەماڵێت و هەستی باوەڕ بەخۆبوون لای ژنان دروست دەکات و هانیان دەدا بۆ بردنە سەری پلەی خوێندەواری و کار کردن لە دەرەوەی ماڵ. ئێمە چالاکییەکانمان تەنیا سیمینار و کۆبونەوە گرتن نییە جگە لەمەش پیاوانیش لە کارەکانماندا بەشدار دەکەین و بە بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری هەر دوولا باشتر ئامانجەکەمان دەپێکین.

کوردستان میدیا: کوشتن بە ناوی شەرف (ناموس) تایبەت نییە بە ناوچەیەک، یان وڵاتێکی دیاریکراو، ئەو دیاردەش لە کوردستان زۆر بەرچاوە، کە هەندی جار بە سوڵحی عەشیرەیی و پارە وا دەکەن تاوانباران ڕزگاریان بێت، ئێوە وەکو و ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان چ هەنگاوێکتان هەڵگرتووە سەبارەت بە ئەو کێشەیە؟

محمودی: دیارە ئەو پرسەی کە باستان کرد بەداخەوە لەنا و کۆمەڵگای ئێران و بەتایبەت کوردستان هەیە، بەڵام لەبیرمان نەچێ ئەو دیاردەیە زیاتر لە هەرێمی کوردستان پەرەی سەندووە، ئەگەریش مەبەستتان کۆمەڵگای کوردستانی ئێرانە ئەوە یەکیەتیی ژنان بە تەنیا ناتوانێ ئەو ئەرکە وەئەستۆ بگرێ و ئەوە زیاتر پێوەندیی بە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان و پارڵەمانەوە هەیە و لەلایەکی دیکەوە کوشتنی ژنان ئەوەندەی پێوەندیی بە عەقڵەوە هەیە، پێوەندیی بە شوێنەوە نییە پرسی توندوتیژیی دژ بە ژنان ئەوەندە پرسێکی ئاسایی و ئاسان نییە لێی بێدەنگ بین و قسە و کاری لەسەر نەکرێ و بەرەنگاری نەبینەوە، بەڵام بەپێی دەسەڵات و توانای ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان.



# دیواری جیایی

ئاسـۆ

یاساکان بێ بەزەیین
بۆ لێکترازانمان
شوورەیەکیان هەتا کەشکەڵانی ئاسمان هەڵچنیوە
تا بێبەشم کەن
لەهەستی ڕاموسینت
لەو موچڕکانەی پێمدەبەخشی
لە نەغمەی ئەو دەنگە بلاوێنەت کە رایەڵی
رووحمی تەنیوە
لە ناسینی هەموو و سووچ و کەلێنەکانی دڵت
لە حەیرانی هەموو ئەو جوانییە کە خودا لە تۆدا
کۆی کردۆتەوە
بەڵام من
دەمێکە دژی یاساکان ڕاوەستاوم
دەمێکە دەنگی دەرز تێکەوتنی ئەو دیوارە دەبیسم
دڵنیام هەرەس دێنێ
گەش دەبینم
رۆژێ بە یەك دەگەینەوە
بۆ جارێکی دیکەش
خونچەکانی دڵمان شکۆفە دەکەنەوە
بە یەکەوە گۆرانی دڵداریی دەلێینەوە
ورەت دانەبەزێ خاتوونەکەم
ئەو رۆژە زۆر نیزیکە هەردێ

# ترپەی دڵی ئاوێنە

شاهۆ میرانی

تەمەن وەك باڵندەیەكی كۆچەری ڕۆیی قەفی

چیاكانی بڕی هەرگیز نەگەڕایەوە هێلانەی

بەڵام وەرزی بەهارم سەر لەنوێ بە ترپەی
گەرمترین

یادەوەری یەكانت چرۆی دەكرد، گەشایەوە
ساڵەكانی ژیان بێڕەحمانە تێپەڕین بوون بە
قانگەلاشك و قاوتی بەربا بەڵام سێوی دڵم بە
زایەڵەی پێكەنینەكانت خوێنی خۆشەویستیی
تێگەڕایەوە بزانە: بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانەی
دووریت مەلی بیرم بۆساتێكیش نەیتوانی بۆ لات
نەفڕێ بیر لە سەمای ئەو چركە و ساتانە كە
ئاوێتەی تەزووی ماچ بوون بیر لە بێ ئۆقرەیی
دلێكی حاسێ لە نێو بەرداشی خۆشەویستی و
نامۆیی دا دڵێك كە بێڕەحمانە دەرزی برد، شكا
وەرەوە هەمیسان: ببەوە بە نمەی باران بباری بە
سەر نەمامی شەكەتی ئەوینم دا ببەوە بە ئاور
تا ئاگردانی بێ ئاوردووی دڵم سەر لە نوێ
داگیرسێنێتەوە ئەمجارەشیان وەرەوە ببە بە ڕووبار
دڵی كەیلم سواری هەناسەی گەرمی شەپۆلت كە
تا پەیوەستی گێژەنی ئۆقیانووسی ئەشقت ببێتەوە
وەروە دیسان

باوەڕ بەوە بێنە خۆشەویستیی: ترپەی دڵی
ئاوێنەیە ئەمجارەیان كە هاتییەوە سۆمای
چاوەكانمت لە بەر پێ

رادەخم بۆئەوەی بۆ هەمیشە

ببییەوە بە جوانە بووكی ئاوێنەم

# ڕاگەیەندراوی هاوبەشی ٦ ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن

خەڵکی ئازادیخواز و شۆڕشگێری کوردستان!

ژنانی خەباتکار و یەکسانیخوازی کورد!

ڕۆژی ٨ی مارس کە بە ڕۆژی جیهانیی ژنان ناسراوە، لەهەموو تێکۆشەران و ئەو مرۆڤەخاوەن هەڵوێستانە پیرۆز بێت کە ژیانی خۆیان لەپێناو بەرابەری و مرۆڤایەتی بەخت کردووە. پیرۆز بێت لە ژنانی خەباتکار و پیاوانی مرۆڤ دوست کە ئێستا سەرسەختانە و بە بێ گوێدان بە کێشە و لەمپەرەکانی سەرڕێگا، ڕەوتی خەباتی بەرابەری درێژە پێدەدەن و ئەم ڕێگا پڕ هەوراز و نشێوە دەبڕن. بێگومان ژنانی یەکسانیخواز بە پاڵپشتی پیاوانی مرۆڤ دوست و هۆگرانی ئازادی بۆ دەستەبەر کردنی ژیانی باشتر بۆ چینەکانی کۆمەڵگا، مێژوویێکی زێرینیان لەم پێناوەدا دروست کردوە و بەگیانبازی و قوربانیدان لاپەرەکانی دیرۆکی ئەم قۆناغەیان نەخشاندوە. یەکێك لە و ڕۆژ و قۆناغە مێژوویییانەی کە بەرهەمی خەباتی ژنانە، تۆماری ڕۆژی ٨ی مارسەکە دروشم و ئامانجەکانی ژنان تێدا نەخشاوە. ئەم ڕۆژە کە لوتکەی شۆرش و موبارزەی ژنانە، هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندییە کە باس لە مافی یەکسانی، ئازادی، دێموکراسی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی، فرە ڕەهەندی و جیهانێکی نوێتر و باشتر دەکات و ڕەد کەرەوەی هەموو جیاوازیەکانی نێوان مرۆڤەکانە، کە دەتوانین بڵێین سەمبۆلێکە لە وێنەی ژیان و هەوڵ و بیر و کردەوەی ژنانە، کە بە باوەر بەم چەمك و سیستمانە، بەبێ کینە و تۆڵە، هەوڵیانە بۆ دەستەبەرکردنی مافی مرۆڤ و جیهانێکی خۆشتر بە بی جیاوازی

ژنانی تێکۆشەری کوردستان!

دیارە کێشەی ژنان لە وەڵاتێکەوە بۆ وەڵاتێکی دیکە جیاوازی هەیە و بەداخەوە ئێمە لە جێگەیێکدا هەڵکەوتوین کە جیاوازیەکی زۆر لە نێوان ئێمە و زۆربەی وڵاتاندا هەیە. ئێمە بێجگە لە کێشە گشتگیرەکان، لەگەڵ ستەمی چینایەتی و ئەوپەری جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکان، ستەمی نەتەوایەتیشمان لەسەرە. لەگەڵ ئەوەی کە پێکهاتە و شیرازەی وەڵاتەکەمان لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەگەزی بونیاد نراوە، لەباری نەتەوەییشەوە چەوساوەترین نەتەوەین و لەم پێوەندیەدا گرێ وگۆڵێکی زۆرمان لەبەردەم دایە. سیستمی سونەتی کۆمەڵگا و هەوڵی داگیرکەران بۆ هێشتنەوەمان لە تاریکیدا، ئەرکی ئێمەی ژنانی چەندقات کردوە. ئێستاش لە کاتێکدا کە بەرە و پیری ڕێز گرتن لەو ڕۆژە جیهانیە دەچین بە داخەوە ژنانی کورد لە ژێر دەسەڵاتی دواکەوتوو و دژە ژنی کۆماری ئیسلامیدا، لە هەموو مافێکی ئینسانی بێبەشن و ڕووبەڕووی سەخترین سزا و پێشلکاریەکان دەبنەوە. بەڵام بە خۆشییەوە کەم نین ئەو ژنە ئازا و شۆڕشگێرانە، کە ئەمرۆکە تاویان داوەتە خەباتێکی چەن ڕەهەندی و بە شکاندنی پێکهاتەباوەکان کە مرۆڤی لە تاریکیدا ڕاگرتوە، ڕەوتی چوونە پێش دەپێون و بە بێ ترس لە مەترسیەکانی پێشهاتوو، ڕێچکەیێکیان گرتۆتە بەر کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لایەنگرانی پەرە دەستێنێ.

بەم بۆنەیەوە سلا و لە پێشڕوان و ڕێبوارانی ڕێگەی بەرابەری و هەموو ئەو کەسانەی کە لە پێناو نەهێشتنی جیاوازی و خەباتی یەکسانیخوازی هەنگاوێکیان هەڵگرتووە.

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان

کومیتەی ئافرەتانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەلات

ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد

ڕێکخراوی ئازادی ژنانی کوردستان - نینا

٨ی مارسی ٢٠١٤ی زایینی

١٧ی ڕەشەممەی ١٣٩٢ی هەتاوی

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ یەکەمین کۆنفڕانسی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان

لاوانی ئازادیخواز!
کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنفڕانس!
به بۆنەی بەستنی یەکەمین کۆنفڕانسی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش به ئەندامانی هێژای کۆنفڕانس دەکەین. له هەمان کاتدا هەنگاوی یەکڕیزی و یەك دەنگیتان له ژێر دروشمی «یەکڕیزی لاوان بەرەو داهاتوویەکی گەش» بەرز دەنرخێنین و هیواداڕین یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان به هاوفیکری و خستنه سەریەکی تواناکانی لاوانی شۆڕشگێڕ ببێت به بنەمایەکی تۆکمه له پێناو دەستەبەر کردنی داخوازه رەواکانی لاوان و گەیشتن به مافه نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد له رۆژهەڵاتی کوردستان.

لاوان وەك توێژێکی ئەکتیڤ و هۆشمەندی کۆمەڵگا هەردەم پێشەنگ بوون له پرسه گرینگ و چارەنووسسازەکانی نەتەوەکەمان. لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەم پێناوەدا خاوەن رابردوو شانازییەکی پڕ له خەبات و تێکۆشان بوون و به سەدان لاوی شۆڕشگێڕ گیانیان فیدای گەیشتن به رزگاریی کوردستان کردووه و له بەرانبەر نادادپەروەری و نایەکسانی سیستمه سەرەڕۆکانی زاڵ بەسەر ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا به لەخۆبردوویی و به هەست کردن به شعووری نەتەوەیی کاریگەری و شوێندانەری خۆیان هەبووه. له خەبات و بەربەرەکانیدا و رەساڵەتەکی مێژووییان بۆخۆیان و نەتەوەکەیان تۆمار کردووه.

بەڕێزان هیواداڕین کۆنفڕانسەکەتان به لەبەرچاو گرتن و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستای لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرنامه و مێتۆدی بەپێز و سەردەمیانه، بابەتەکانی کۆنفڕانس دەوڵەمەندتر بکەن و له راستای دەستەبەرکردنی هەموو ویست و داخوازەکانی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەنگاوی باشتر و گەورەتر هەڵ بگرن.

وێڕای پیرۆزبایی دووباره، هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنفڕانسەکەتان و گەیشتن به ئامانجه بەرزەکانی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەخوازین.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی
١٣٩٢/٩/٢٠



# پەیامی یەکیەتیی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ٦٨ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

خەڵکی تێکۆشەر و ماف ویستی کوردستان

ژنان، لاوان و خوێندکارانی خۆڕاگر و دێموکراسیخواز

٦٨ ساڵ بەر لە ئێستا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموونی دەسەڵاتێکی دێموکراتیکی کوردیی جوانەمەرگ بەڵام پڕ دەسکەوتی نموونە و سەردەمیانەی دەست پێکرد. دەسەڵاتێکی دێموکراتیکی نەتەوەیی، کە دوای تێپەڕبوونی نزیك بە حەوت دەیە، هەنووکەش مۆدێلێکی شیاو، مۆدێڕن و پێشکەوتوو بۆ دەسەڵاتداریەتی لە کوردستاندا بە ئەژمار دێت.

ئەگەر لە تێڕوانینی فەلسەفەی سیاسی کۆندا، دێموکراسی تەنیا وەکوو شێوازێکی دەسەڵاتداریەتی چاوی لێ کرا، لە کۆماری کوردستاندا بە ئیلهام وەرگرتن لە ئەندێشەی سیاسی نوێ و بە پشت بەستن بە تێڕوانینە نوێەکانی فەلسەفەی سیاسی لەمەڕ دێموکراسی، دێموکراسی هەم شێوازێك و مۆدێلیك بۆ دەسەڵاتداریەتی بوو و هەمیش شێوازێك بۆ ژیان. هەر بۆیەش دێموکراسی هەم لە دەسەڵاتدا پێناسە کرا و هەمیش لە کۆمەڵگادا. واتا کۆمەڵگایەکی دێموکراتیك و دەسەڵاتێکی دێموکراتێك گرێدراوی یەکتر و تەواوکەری یەکترن. بەڵگەی سەلمێنەری وەها بیرۆکەیەك لە پشتی ئەندێشەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، کارنامەی ١١ مانگەی دەسەڵاتداریەتی کۆمارە.

دامەزرانی NGOکانی وەکوو ژنان و لاوان، دەرکردنی گۆڤار و نامیلکە و پەرتووك، لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، فرەچەشنی و ڕێزگرتن لە بیروڕا جیاوازەکان وەك نموونە،کەلیمییەکانی مەهاباد، تێڕوانینی یەکسان بۆ ژنان و هەوڵدان بۆ بەشداریی ژنان لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و بەتایبەت ڕۆڵی ئەکتیڤی «مینا خانمی قازی» سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان، بیرۆکەی دامەزراندنی هەم دەسەڵاتێکی دێموکراتیکیان هەبوو و هەمیش کۆمەڵگایەکی دێموکراتیك.

٦٨ ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستاندا تێدەپەڕێت، بەڵام خەڵکی کورد لە هەر چوار پارچە و بەتایبەت کوردستانی ئێران، ئەو سەردەمە وەکو و سەردەمێکی زێڕین سەیر دەکات و خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستانی ئێران تا هەنووکەش بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیك لەسەر بنەما و بایەخەکانی کۆماری کوردستانە.

ئاسۆی خەباتمان نزیکە تا وەدیهاتنی ئامانجەکانی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان.

هەزاران سڵاو و لە ڕۆحی پاکی شەهیدانی کوردستان

یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی

# پەیامی یەکیەتیەکانی خوێندکاران و ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٣٠ی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەڕێز، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ٦٨مین ساڵۆەگەڕی دامەزراندنی یەکیەتیەکان لەسەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوەکەتان و خەڵکی کوردستان پیرۆزبایی دەکەین.


٦٨ ساڵ بە سەر ئەو ڕۆژەدا تێدەپەڕێت کە لاوانی خوێن گەرمی کوردستان لە ژێر ڕێنوێنی پێشەوای مەزنی کوردان، قازی محەممەد و بەڕێوەبەرانی کۆمارە ساواکەی کوردستان، بەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دێموکراتیکیان بە دامەزراندنی یەکیەتی جەوانانی دێموکرات دانا، تاکوو دێموکراسی پێناسەی خۆی هەم لە دەسەڵاتدا ببینێتەوە وە هەمیش لە کۆمەڵگا و کولتووری خەڵکدا. دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە و یادکردنی ساڵرۆژی دامەزراندنی لەو سۆنگەوە گرنگە کە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە مێژ ساڵە بە پەرۆشن بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیك و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیك و تا هەنووکەش باوەڕمەندی بە بنەماکانی دێموکراسی بۆ ئێمەی کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات باوەڕێکی نەگۆڕە و هەر بۆیەش یادکردنەوەی ٣٠ی ڕێبەندان بەڵێن نوێ کردنەوەیە لەگەڵ ئەو ئامانجە پیرۆزانەدا.

هاوڕێیانی خۆشەویست لە یەکیەتیی لاوان هیواداریـن بە لە بەرچاوگرتنی ئەو باگراوەندە مێژووییەی ڕێکخراوەکەتان و فەلسفەی دامەزراندنی یەکیەتیی لاوان، هەوڵ و تێکۆشانتان زیاتر و بەربڵاوتر بکەن و ببنە دەنگی لاوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و خواست و ئازارەکانیان بە گوێی بیروڕای گشتی و نێونەتەوەیی بگەینن و ئەرکی وشیار کردنەوەی ئەوان بە نیسبەت خاك و ماف و گەلەکەیان تەوەری خەبات و چالاکیتان بێت.

تاوەدیهاتنی ئامانجەکانی دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەکەتان، درێژەدەری ڕاستەقینەی ڕێگایان بن و ئاسۆی خەباتتان زۆر نزیکە.

پیرۆز بێت ٣٠ ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

یەکیەتییەکانی ژنان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی



# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٨ی مارس

ئەمڕۆ بۆ جارێکی دیکە پێشوازی لە ڕۆژی مێژوویی ٨ی مارس دەکەین کە وەک ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن ڕاگەیەنراوە و ڕێزی لێ دەگیرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای ڕێزگرین لە ڕۆژی هاوپێوەندی لەگەڵ ژنان، گەرمترین پیرۆزبایی خۆی پێشکەش دەکا بە سەرجەم ژنانی جیهان، ئێران و کوردستان. بەو هیوایە کە ژنانی تێکۆشەر لە هەوڵ و خەباتی پیرۆزیاندا دژی ئیستبداد، کۆنەپەرستی و چەوسانەوە و هەروەها بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان، سەرکەوتوو بن.

ژنان بە تێکۆشانی بێوچان و پڕ لە قوربانیی خۆیان لە کۆمەڵێک لە وڵاتانی جیهاندا دەسکەوتی پڕبایەخیان وەدەست هێناوە بە بەشێکی بەرچاو لە ئازادی و مافەکانیان گەیشتوون.

بەڵام دوای تێپەڕبوونی پتر لە سەدەیەک لە ڕاگەیاندنی ڕۆژی جیهانیی ژن، ئێستاش لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا ژنان هەروا بەشێوەی جۆراوجۆر دەبنە قوربانیی هەڵاواردن و بیروباوەڕی کۆنەپەرستانە و لە بێ بەشیدا دەژین.

یەک لەو وڵاتانەی کە مافە سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتییەکانی ژن تێیدا بە ئاشکرا پێشێل دەکرێ و ژنان بەهۆی کولتووری هەڵاواردن و دواکەوتووانەی حکوومەتییەوە لە مافە سروشتی و ئینسانییەکانیان بێبەشن، ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە.

لە کۆماری ئیسلامیدا چەوساندنەوەی ژن لە کۆمەڵگادا باری یاسایی ڕێگا پێدراوە و هەڵاواردنی هەمەلایەنە، ماف پێشێلکردن و سووکایەتی پێکردن بە ژن بە گوێرەی یاسای بنەڕەتیی وڵات ئاسایی و نەهادینە کراوە! لە فەرهەنگ و عەقلییەتی دەسەڵات بەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیدا ژنانی ئێران بەگشتی بە مرۆڤی دەرەجە دوو دەژمێردرێن و هەر بەو شێوەیەش هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێ.

بێجگەلەوە، ژنانی کورد لەژێر باری قورسی ستەمی نەتەوەییشدا دەچەوسێنەوە و سەرکوت دەکرێن.

ڕێژیمی ئازادیکوژی ئێران لەوە ئاگادارە کە ژنانی کوردستان بەدرێژایی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، لە خەبات بۆ وەدیهێنانی ئازادیی نەتەوەکەیاندا بەشدار بوون و بەشدارن.

ژنانی کورد سەلماندوویانە کە تێکۆشان بۆ ئازادی و ڕزگاریی خۆیان لە چەوسانەوە و بێبەشی، بە بەشێکی جیانەکراوە لە خەباتی گەلەکەیان بۆ ئازادی و دابینکردنی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی دەزانن، هەربۆیەش لە ریزی حیزبە سیاسییەکانی کورد ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و بەگشتی لەهەر مەجالێکدا بۆیان بگونجێ، شان بە شانی پیاوانی کورد فیداکاری دەکەن و قوربانی دەدەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو شانازییەی بۆخۆی تۆمار کردووە کە هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە پرسی ژنی بەلاوە گرینگ بووە و خەبات بۆ دابینکردنی مافی بەرابەر بۆ ژنانی کوردی لە بەرنامەی سیاسیی خۆیدا گونجاندووە.

بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەهەمانکاتدا ئەو راستییەی لەبەرچاو بووە کە ئەوەی هەتا ئێستا لەو پێوەندییەدا کراوە، بەس نییە و دەبێ هەوڵی زیاتر و بە بەرنامەتر بۆ بەشداریی بەرینتری ژنان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بدرێ. چونکە لەو بڕوایە دایە کە خەبات بۆ ئازادی نەتەوەیەک بەبێ بەشداریی ژنان و دابینکردنی مافەکانیان، خەباتێکی ناتەواوە و بە ئاکامی دڵخواز ناگا.

دیارە ژنی کورد بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی ژنانی خەباتکاری نەتەوە رزگاربووەکان ئەو راستییەی لەبەرچاوە کە گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی و رزگاریی لە چەوسانەوە تەنیا بە هەوڵ و تێکۆشانی چالاکانە و لێبڕاوانەی خودی ژنانەوە دابین و دەستەبەر دەکرێ، بەڵام سەرەڕای ئەو راستییە، ئەرکی پیاوانی یەکسانیخواز و دێموکراتە کە لەو بوارەدا یارمەتیدەری ژنان بن.

لەو خەباتە دژوارە بەڵام بەرحەق و رەوایەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خۆی بە یارمەتیدەری ژنان دەزانێ و لە خەباتی رەوایان بۆ گەیشتن بە یەکسانی و رزگاری لە هەڵاواردن پشتیوانیان لێ دەکا.

سە رکەوێ خەباتی ژنان بۆ ئازادی و یەکسانیی

پیرۆز بێ ٨ی مارس رۆژی هاوپێوەندی لەگەڵ ژنان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دە فتەری سیاسی

٧ی مارسی ٢٠١٤


١٦ی رەشەمەی ١٣٩٢

# پەیامی ناوەندی ٣ی کوردستان، بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەممە

هاورێیانی خۆشەویست!

ئێستا لە کاتێکدا لە دەوری یەک کۆبووینەتەوە ٦٨ مین مۆمی تەمەنی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دادەگیرسێنین کە جیهان ئاڵوگۆڕێکی بنەرەتی لەچاو ئەو سا بەسەردا هاتوە. گەلێك ڕێکخراوی ژنان لە جیهان و رۆژهەڵاتی ناوین و ئێران و کوردستاندا پێك هاتوون بەڵام گرنگی لە دایك بوون و خەباتی ئەم یەکیەتیە کاتێك بایەخ پەیدا دەکا کە لە ڕەهەندەکانی مێژووە سەفەرێکی خێرا بۆ کات و ساتی دامەزراندنی ئەم رێکخراوە بکەین. دەبینین کە بەشێوەیەکی مۆدێرن لە ژێر ساباتی کۆماری کوردستان و حیزبی پێك هێنەری کۆمار و کەسایەتی تاقانە و پێشەوای کورد قازی محەمەد پێك هات. یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ژێر ڕێنمایی کۆمارێکی دێموکراتدا لە هەل و مەرجێکی هەستیار و لە ناوچەیەکی جوغرافیایی ئاستەم و پڕ مەترسی و لەناو فەرهەنگێکی سوننەتی و پیاوسالاردا چالاکیی خۆی دەست پێکرد. بەڵام پاش هەرەس هێنانی کۆمار تێکۆشانی ئەم یەکیەتیەش بە پێی هەل و مەرج و قۆناغەکانی جۆراوجۆری خەباتی نەتەوەکەمان لەگەڵ هەوراز و نشێوێکی زۆر بەرەورو بوە. بەڵام ئەو ئەندێشە و ئەو پتانسیەلە ناو ژنانی کورددا هەمیشە بەشێوەیەکی ئەرێنی پارێزراوە.

لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی گەلانی ئێران، جموجۆلی بەرچاو و ئاشکرای ئەندامانی ئەم یەکیەتیە سەر لە نوێ خۆی دەنوێنێ و پێ بە پێ لەگەل خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەنگاو دەنێ و لە شەری سێ مانگە، کە کۆماری سێدارە بەسەر گەلی کوردیدا سەپاند و هەروەها لە تەواوی قۆناغەکانی خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمە هەتا ئەمرۆ لە سەنگەری پێشەوەی خەباتدا سنگیان قەلغانی گوولەی دوژمنانی خاك و نیشتمان بووە و شەهیدانی بێ ئەژماری ژن نمونەی بەرچاو و بەلگەنەویستی ئەم ئیدیعایەن. لە قۆناغی ئێستای خەباتیش، یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دوو بواردا بەخەستی چالاکییان نواندوە. لە لایەك لە سەنگەری یەکەمی بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنانی داگیر کەری خاك و نیشتیمان دا بونە و لە لایەکی تر لە گۆڕەپانی دژی نەریتی چەوت و نالەبار و سەقەتدا خەباتیان کردووە و



لەو گۆڕەپانەشدا هەولەکانیان لە زۆر شوێندا بە ئاکام گەیشتوە و گەلێك دەسکەوتی باش و وەجیان دەستەبەر کردوە و گەلێك ئاسەواری فەرهەنگی دواکەوتوو کە لە کۆمەلگادا ریشەی داکوتابوو، لە بەین بردووە. ژنانی تێکۆشەری دێموکرات و هاورێیانی ماندویی نەناسی یەکیەتی ژنان، مێژوویەکی تریان لەشانازی و شکۆ و فیداکاری و بەرخۆدان نەخشاندووە و لە ئاستەمترین کات و سات و شوێنی جیهاندا چالاکییان نواندوە و هەولیان بۆ نۆژەن کردنەوەی پێکهاتەی نەریتی کۆمەڵگا داوە و هەمووی کات لە دوو سەنگەردا ئازایانە بەشدارییان کردووە. سەنگەری یەکەم دژی داگیرکەرانی نیشتمان بۆ دامەزراندنی دەستەلاتێکی دێموکراتیك بۆ پالپشتی و پشتیوانی لە بزوتنەوەی ژنان و خەباتی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد وهەروەها لە سەنگەری دووهەمدا داکۆکی لە مافی یەکسان و دادپەروەری و دژایەتی لەگەڵ فەرهەنگی چەوت و ناعادلان بووە. بێ گومان ئەکسیۆنی ژنانی دێموکرات داینەمۆی بزوتنەوەی یەکسانی خواز و مافویستی ژنانی کوردە کە هەموو کات بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخ بەخەستی لە دوو جەمسەری خەباتی نەتەوەیی دژی داگیرکەرانی نیشتمان و خەبات دژی کلتوری نادادپەروەرانە تێکۆشاوە و لە هەردوو بەرەدا بۆ دەستەبەرکردن و مسۆگەر کردنی ئامانجی بەرزی مرۆڤایەتی و مەبەستی سەرەکیی بزوتنەوە تێکۆشاوە. یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەدەرکی ڕاستەقینە لە خەباتی ڕەوای نەتەوەکەی و فەرهەنگی کۆمەڵگا تێکۆشاوە هاوهەنگاو و هاوشان لەگەڵ حیزبی پێشرەو دێموکراتی گەلی کورد ڕێگە ببرێ و هەمیشە لە سەنگەری دژایەتی لەگەڵ دەسەلاتدارانی داگیرکەر و خۆداسەپێن دا بووە و هەوڵی بۆ دامەزراندنی دەستەلاتێکی دێموکراتیك داوە هەتا پشتیوانی ئاکسیۆنەکانی یەکسانی خواز و ماف ویست بێت. لە کۆتاییدا هیواداریین کە هەموو ژنانی جیهان بەتایبەت ژنانی کورد بە ئاواتە لەمێژینەکانیان بگەن.

سەرکەوێ بزوتنەوەی یەکسانی خوازی ژنانی کورد

ناوەندی ٣ی کوردستان

٢٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی

# پەیامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی بەستنی چوارەمین کۆنگرەی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ئەندامانی بەڕێزی چوارەمین کۆنگرەی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

خوێندکارانی خۆشەویست

لەلایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی بەستنی چوارەمین کۆنگرەکەتان گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سەرجەم ئەندامانی کۆنگرە و خوێندکارانی کوردستان دەکەین و ئاواتەخوازین کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو و پڕ دەسکەوتتان هەبێت و بە هێنانە بەرباس و قسە کردن لە سەر بابەتە پێوەندیدارەکان بە پرسی خوێنکاران و دارشتنی بەرنامە و دانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆ کاری داهاتووی ڕێکخراوەکەتان بتوانن وڵامدەری ویست و داخوازییەکانی خوێندکارانی کورد بن و سەرکەوتوانەتر لە جاران لەو مەیدانەدا رۆڵی ئەکتیڤ تر بگێڕن.

خۆێندکاران وەکوو توێژێکی وریا، چاونەترس و ڕێ نیشاندەر، هەست بەو زوڵم و زۆرداریییەی کە لە لایەن رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرحەق بە نەتەوەی کورد و خوێندکارانی کورد دەکرێت، دەکەن و بە عەقڵیەتێکی زانستی و واقیعبینانە و بەوپەڕی تواناوە بەرپەرچی سیاسەتە نامرۆڤانەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەدەنەوە هەر لەو ڕێگایەشدا گیانی شیرینیان بەخت کردووە و یان لە لایەن پاسدارانی ڕێژیم قۆڵبەست و رەوانەی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی کراون یا لە خوێندن لە زانکۆکاندا بێبەش کراون. بۆیە بەستنی چوارەمین کۆنگرەکەتان بە درووشمی «یەکگرتوویی گوتاری بزووتنەوەی خوێندکاری کورد»، نیشاندەری ئەو راستییەیە کە یەکیەتیەکەتان توانیویەتی پێوەندییەکی بەهێز لە نێوان یەکیەتیەکانی خوێندکاری کورد لە کوردستان دروست بکات و بە هەڵگرتنی دروشمی یەکگرتوویی هەنگاوەکانتان پتەوتر لە جاران بۆ دابین کردنی ماف و داخوازیەکانی خوێندکاری کورد بەرەوپێشەوە هەڵگرن.

لە کۆتاییدا جارێکی تر پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سەرجەم ئەندامانی بەشداریی کۆنگرە دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

کۆمیتەی بەرێوبەری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

۱۳۹۲/۹/۳۰ی هەتاوی





# یەکیەتیی ژنان بۆ ئەندامانی کۆمیتەی یایان کۆبوونەوەیەکی ڕێک خست



دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ١ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە درێژەی کار و چالاکییەکانی خۆیدا، بۆ باس لە سەر پرس و ئەرکەکانی ژنان، کۆبونەوەیەك بۆ بەڕێز هێرۆ جەلدیانی، جێگر سکرتێری یەکیەتی ژنان ڕێك خست.

بەڕێز جەلدیانی لەم کۆبوونەوەیەدا، کە بە بەشداریی ئەندامانی کۆمیتەی یایان ڕێك خرابوو، باس لە ئەرك و کێشەکانی ژنان لە ژیانی سیاسی و دوور لە نیشتیمان کرد و ئاماژە بە مەترسیەکانی هێندێك ئامرازی پێوەندی گرتن و تێکنۆلۆژی و شێوازی بەرەورو و بوونی هەر تاکێك لەگەڵ ئەم کێشانە کرد کە ڕۆژانە بۆ ژنان و بە تایبەت مندالان دێتە پێش.

شایانی باسە کۆبوونەوەکە ٢ کاتژمێری خایەند.





# بەشداری نوێنەری یەکیەتیی ژنان لە کۆبوونەوەیەکی ڕێکخستنی پەروەردەیی



لە ڕێکەوتی ١٢ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی، لە هۆڵی نەجیبە خان، کۆبوونەوەیەك لە لایەن مامۆستا ڕەعوف، سەر بە ڕێکخراوی پەروەردەیی خێزانی بە بەشداریی بەرپرس و نوێنەرانی ڕێکخراو مەدەنییەکانی شاری کۆیە، بەڕێوەچوو.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە بە ئامادەبوونی بەڕێز ئێلهام چایچی بەرپرسی گشتیی یەکیەتی ژنان بەڕێوەچوو، باس کە چۆنییەتی ڕێکخستنی بەرنامەیەکی پەروەردەیی بۆ ڕێکخراوەکانی سەر بە فێدراسیۆنی ڕێکخراو مەدەنییەکانی شاری کۆیە کرا. لەم پێوەندییەدا هەر کام لە ڕێکخراوەکانیش تێبینی و پێشنیارەکانی خۆیان پێشکەش کرد و قەول درا لە داهاتوو کۆمەڵێك سمینار و وۆرك شۆپ لەسەر چەندین تەوەر و بواردا بەڕێوەبچێت.





# کۆچی دوایی دایکی شەهید حوسێن خاڵ ئاقایی لە مەهاباد





مریەم مێران «ناسراو بە مریەم چاوشین»، کچی حاج ئەحمەد عەبدوڵا میران، کە ماوەیەك بوو تووشی نەخۆشیی فرامۆشی ببوو، بەداخەوە ڕۆژی ١٦ی بەفرانبار، کاتژمێر حەوت و نیوی سەر لە بەیانی، بۆ هەمیشە چاوەکانی لە سەر یەك دانا و ماڵئاوایی لە نیشتمانەکەی کرد.

مریەم میران «چاوشین» یەکێك لەو ژنە تیکۆشەرانە بوو کە بە حەق خاوەنی کەسایەتی تایبەتی خۆی بوو. دڵسوزی، ئەمەگناسی، وەفاداری، ڕازداریی ئەو دایکە خۆشەویستە سنوری نەدەناسی و تا ئاخرین ساتەکانی ژیانی وەفادار بە ئامانجەکانی حیزب و گەل بوو. مریەم چاوشین سەربازیکی بێ ناو نیشان بوو کە جێگای متمانەی خەڵك و پێشمەرگە بوو، ئەو، عاڵقەی پێوەندی ڕۆژە سەختەکانی خەبات لە نێوان هێزی پێشمەرگە و تەشکیلاتی نهێنی حیزب بوو. مریەم چاوشین بە هۆی تایبەتمەندیکانی خۆی خۆشەویستیەکی لە ڕادە بەدەری هەبوو لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی مەهاباد و ناوچە.

مەریم چاوشین یەکێك لە سەدان دایکی شەهید و ژنی تێکۆشەری کورد بوو کە ئەرك و فیداکاریەکانیان لە بیر ناچێتەوە و مێژوو شانازیان پێ دەکا.

شایانی باسە شەهید حوسێن خاڵ ئاقایی کوری مریەم چاوشین، لە ساڵی ١٣٦٣ لە شەڕی ناوخۆیی دا لە سەرشێوی سەقز شەهید و لە ئاژەوان بە خاك سپێردراوە.

لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دەستەی بەڕێوەبەریی سایتی ژنان، سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی سەربەرزی مریەم خانم دەکەین و هیواداریین نموونەی ژنانی فیداکار و چاوەنترس وەك مریەم خانم زیاتر بێت.

# سەردانی کومیتەی یەکیەتی ژنانی جیژنیکان بۆ بارەگای یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان



رۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢٠١٣/١٢/٥ بەرامبەر بە ١٤ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی، کۆمیتەی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە جێژنیکان، بە سەرپەرشتی ئامین قادری، بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی کومیتەی جێژنیکان، هەروەها هانا مەنگوری و کەوە نەبی، لە هەولێر سەردانی بارەگای یەکیەتی ئافرەتانیان کرد کە لە لایەن خاتوو شنۆ ئەمین مەنسور، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت و بەرپرسی بەشی پێوەندییەکان و هەروەها بەرێزان خاتوو فریشتە ئیبراهیم و خاتو ئارەزو محەممەد بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا. شایانی باسە هەردوو لا باسیان لە کار و چالاکییەکانی ڕێکخراوەکەیان کرد. پاشان خاتوو ئامین قادری باسی لە خەباتی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها هەوڵدان بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی ژنان لە نێو کۆمەڵگادا کرا. هەردوو لا هاورا بوون لەسەر ئەوەی کە ژنان هەموو یەك دەرد و ئێش و ئازاریان هەیە. لە کۆتاییدا هەردوو لا جەختیان کرد کە بەردەوام پێوەندیان هەبێت.





# هەیئەتێکی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان سەردانی یەکیەتی ژنانیان کرد







رۆژی دووشەممە، ڕێکەتی ٥ی ڕەشەممەی ١٣٩٢ی هەتاوی، هەیئەتێك لە ڕێکخراوی «کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان» بە سەرپەرەستیی خاتوو ڕووناك ئەحمەد محەممەد، سەردانی یەکیەتیی ژنانیان کرد.

لەم دانیشتنەدا وێرای باس و گفتگۆ لەسەر گۆرانکاریەکان و شوێندانەریی ئەم ئاڵۆگۆرانە لەسەر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا، بە تایبەت ژنان کرا و ڕۆڵی ژنان لە پەروەردەی کۆمەڵگا بۆ هەر چی باشتر بەرەوروو بوون لەگەڵ هەر چەشنە کێشە کە لە ئاکامی ئەم بارودۆخەوە دێتە ئارا، تاوتوێ کرا.

هەروەها هەیئەتی میوان لەلایەن هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی بەرێز ئێلهام چایچی بەرپرسی گشتیی ڕێکخراو، بە گەرمی پێشوازیان لێ کرا و قەرار و بەڵێنی دوولایەنە درا بۆ کاری هاوبەش لەنێوان ئەم دوو ڕێکخراوەدا.


# بەڕێوەچوونی ٨ی مارس لە ئاڵمان







ناوەندی کولتوریی کورد، لە نورنبێرگ ٨ی مارسی پیرۆزکرد و پەردەی لە سەر پەیکەری لەیلا قاسم لادا و کۆڕێکی بۆ خاتوو هۆزان محمود سازکرد، سەرەتا خاتو و تریفە کۆڕەکەی بەڕێوەبرد و لە لایەن خاتوو نەشمیلەوە کورتەیەك لە ژیان و جوامێری لەیلا قاسمی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد و دوای ئەوە داوا لە کەسایەتی سیاسی و تێکۆشەر دایکی ئەستێرە کرا کە پەردە لەسەر پەیکەرەکە لابدات و بەڕێزیشیان دوای دەست خۆشی لە ناوەند و هونەرمەند کاك ئاری بۆ ئەو ئەرك و ماندووبوونە، پەردەی لەسەر پەیکەرەکە لادا و ئامادەبوانیش وەك ڕێزلێنان لە گیانی پاکی بە چەپڵە ڕێزان بە پێوە وەستان و سەری ڕێز و نەوازشیان بۆ کەسایەتی لەیلا قاسم دانواند. پاشان بەڕێز خاتوو هۆزان محمود کۆڕەکەی پێشکەش کرد و ئامادەبوان بە بۆچوون و سەرنجەکانیان بەشداریان کرد، پاشان بروسکەی پیرۆزبایی کەرتی ڕێکخستنی نورنبێرگی ی.ن.ك خوێنرایەوە. هەروەها لە لایەن خاتوو سوعدا حەسەنزادە نوێنەری کومیتەی یەکیەتی ژنان لە ئاڵمان پەیامی ٦ ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێنرایەوە و لە کۆتایدا لە ئێوارە خوانێکدا هەمووان نانی ئێوارەیان پێکەوە خوارد.



# دامەزرانی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی هوڵەند ڕاگەیەنرا



بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن، سمینارێك لەلایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی هوڵەند بەڕێوەچوو.

ئەم سمینارە لەژێر ناوی «ڕۆڵی ژنانی کورد لە کۆمەڵگادا» ڕۆژی شەممە رێکەوتی ١٧ی رەشەمە، بۆ «کەژاڵ نەقشبەندی» بەرپرسی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنان لە دەرەوەی وڵات بەڕێوەچوو.

سمینارەکە بە خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای رزگاریی کوردستان دەستی پێ کرد و پاشان پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ هوڵەند، لەلایەن جەعفەر مەردانبەیگی بەرپرسی کۆمیتەوە پێشکەش کرا.

لە و سمینارەدا کە بۆ کەژاڵ نەقشبەندی پێکهاتبوو، خەباتی ژنان بەگشتی و ژنانی کورد بە تایبەتی باسی لێ کرا و ئاییننامەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشێکی دیکەی لە باسەکانی نەقشبەندی پێکهێنابوو.

لە کۆتایی ئەو ڕێوڕەسمەدا دامەزرانی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی هوڵەند راگەیەنرا و لەلایەن بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە و کۆمیتەی حیزبەوە لەو وڵاتە پیرۆزباییyan لێ کرا.



# ڕێوڕەسمی ۲۴ی ڕەشەممە له لایەن یەكیەتیی ژنان بەڕێوەچوو

بەبۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە، ٦٨ەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران، ڕۆژی شەممە ڕێكەوتی ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێك بە بەشداریی مستەفا هیجری، سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران و ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموكرات، ئەندامان و لایەنگرانی یەكیەتیی ژنان، بەڕێوەچوو.

سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەكێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاكی شەهیدانی كوردستان و كورد دەستی پێ كرد.

پاشان پەیامی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران بەبۆنەی ٦٨ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ئەو یەكیەتییە لەلایەن «ڕووناك فەتحی» ئەندامی بەڕێوەبەرییەوە پێشكەش كرا.

دواتر سروودێك لەلایەن كۆڕی مووزیكی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانەوە پێشكەش كرا و دوابەدوای ئەوەش پەیامی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە لایەن «لەیلا محەممەدی» ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی یەكیەتیی لاوانەوە خوێندرایەوە.


لە بڕگەیەكی دیكەی ئەو ڕێوڕەسمەدا گۆرانیبێژ بەیان سەلیمی گۆرانییەكی پێشكەش كرد و پاشان كورتەیەك لە ژیاننامەی «مینا خانمی قازی» لەلایەن «هاجەر قادری» ئەندامی بەڕێوەبەریی یەكیەتیی ژنانەوە پێشكەش كرا.

دواتر پەیامی یەكیەتیی خوێندكارانی دێموكراتی كوردستانی ئێران لەلایەن «نەرمین عوسمانی» ئەندامی یەكیەتیی خوێندكارانەوە پێشكەش كرا.

پاشان خەڵاتی ساڵانەی «مینا خانم» كە هەموو ساڵێك لە ڕۆژی دامەزرانی یەكیەتیی ژناندا پێشكەش دەكرێت، ئەمساڵ لەلایەن «هێرۆ جەڵدیانی» جێگری سكرتێری یەكیەتیی ژنانی دێموكراتەوە پێشكەش بە ٥ ئەندامی دێرینی یەكیەتیی ژنان كرا.

ئەو ئەندامانە بریتی بوون لە نەسرین قاسملو كە بە نوێنەرایەتی نەسرین خانم، خەڵاتەكەی لە لایەن ئیلهام چایچی سكرتێری گشتیی یەكیەتیی ژنان وەرگیرا، ئامینە شێرزاد، مروارید مەجنوونی، خەدیجە لاهیجانی و هاوڕێ ئیسماعیلی.

دواتر گۆرانییەك لەلایەن «مەهتاب مەعرووفی»یەوە پێشكەش كرا و ڕێوڕەسمەكە بە شایی و هەڵپەڕكێی بەشداران كۆتایی پێهات.











# ڕێورەسمی ٨ی مارس لە واشینگتۆن لەلایەن یەکیەتیی ژنان بەڕێوەچوو

ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٨ی مارسی ٢٠١٤ی زایینی، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەمریکا، بە بۆنەی هەشتی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان، ڕێورەسمێکی بەشکۆ بە بەشداریی ڕەوەندی کوردی دەڤەری واشینگتۆن پێکهێنا. ڕێورەسمەکە کاتژمێر ٧ی سەر لە ئێوارە بە سرودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی یەك خولەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان مەحبووبە حوسێنی ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان لە ئەمریکا، وێڕای ڕاگەیاندنی ڕیزبەندی بەرنامەکە، چەند کۆپلە شێعری یەکسانیخوازانەی خوێندەوە. لە درێژەدا ڕەحیم ڕەشیدی سەبارەت بە خەبات و تێکۆشانی ژنان چەند ووتەیەکی پێشکەش کرد. لە بەشێکی دیکەی ڕێوورەسمەکەدا، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی هەشتی مارس پێشکەش کرا. لە درێژەدا سەیران شەرەفی بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەمریکا، پەیامی کۆمیتەی ژنانی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد. ناوبراو لەسەر خەباتی ژنانی کورد بۆ ئازادی و یەکسانی پێداگری کرد و ڕۆژی جیهانی ژنانیشی بۆ دەستەبەر بوونی مافەکانیان بەرز و گرینگ وەسف کرد. دواتر مەعسومە شێوەسەڵی یەکێك لە بەشدارانی ئەو ڕێورەسمە، بیرەوەریەکی خۆی گێڕایەوە کە بۆ یەکەمین جار لە ڕۆژی هەشتی مارس دا ڕێبەری نەمر دوکتور قاسملووی لە نزیکەوە دیتوە. ناوبراو وتی کە ئەمە خۆشترین و پڕ بایەخترین بیرەوەری ژیانیەتی و هەرگیز لە بیری ناکات.



# ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان لە دانمارک بەرز ڕاگیرا





ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٣/٨ کاتژمێر ١٧.٠٠ لە شاری ئالبۆرگ "وولاتی دانمارك"، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاهەنگێك بە بۆنەی ڕۆژی هەشتی مارس کە تایبەتە بە ڕۆژی ژنان بەڕێوە برد.

سەرەتای ئاهەنگەکە بەم شێوەیە دەستی پێ کرد.

بەرپرسی کومیتەی دانمارکی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران سەعدیە پەهلۆسای بە خێر هاتنی ئامادەبووانی کرد.

پاشان پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە لەلایەن خوشکە شەیدا صالح زادە خوێندرایەوە و کورتەیەکی بچووک لە سەر مێژووی ڕۆژی ژنان و بوون بە بۆنەیەکی جیهانی باس کرا. دوایش تیشکی خستە سەر بزوتنەوەی ژنان لە کوردستان بە تایبەت لە کۆماری کوردستان کە یەکەم ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەردەمی کۆماردا لە سەر دەستی خانمە شۆڕشگێڕی کورد، مینا خانمی قازی هاوسەری پێشەوا دامەزرێنرا. برگەی دیکەی ئاهەنگەکە، پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران «هەیئەتی ئیجرایی دەرەوەی وولات» لەلایەن سەحەر حیسامی خوێندرایەوە، لەو پەیامەدا زیاتر تیشك خرایە سەر بزوتنەوەی ژنان لە کوردستان بە گشتی و لە ڕۆژهەلات بە تایبەت کە هەر چەندە دنیای دەرەوە و ژیانی مرۆڤایەتی بۆتە ژیانی تەکنۆلۆژی هێشتا چەوساندەوە و دەستدرێژی کردنە سەر ژنان بەردەوامە و هێشتا ژن نەگەشتۆتە ئەو ئاستە کە مافی بەرامبەر لەگەڵ پیاوی هەبێ. هەروەها سەحەر حیسامی بە ناوی یەکیەتیی لاوانەوە چەپکە گوڵێکی پێشکەش بە یەکیەتیی ژنان کرد.

شایەنی باسە ئاهەنگەکە بە کۆمەڵێك چالاکی (پرسیار و وەلام نوکتە و قسەی خۆش و هەروەها هۆنراوەی نەتەوەیی ) هەروەها بە هەڵپەڕکێ و گۆرانی تا کاتژمێر ٢٣.٠٠ بەردەوام بوو.

# یەکیەتیی ژنان، بە بۆنەی ٢٤ی رەشەممە کێبەرکێیەکی وەرزشیی بەڕێوەبرد

رۆژی سێشەممە، رێکەوتی ٢٠ی رەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی، بە بۆنەی نزیك بوونەوەی ٢٤ی رەشەمە، سالڕۆژی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کێبەرکێیەکی وەرزشی بۆ ئەندامانی کۆمیتەی یایان، ژنانی کەمپی ئازادی و هەروەها مندالان (کچ وکوڕ) بەرێوە چوو.

ئەم کێبەرکێیە کە بە بەشداریی بەرچاوی ژنان بەرێوەچوو، بە دوو بەشی «تەناب کێشی» و «هەلاتنی خێرا» دابەش کرابوو.

نەرمین عوسمانی، مامۆستای وەرزش و ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەرپرس و چاوەدێری سەرەکیی بەرێوەچوونی کێبەرکێیەکان بوو.

یەکیەتیی ژنان دیاریەکی بچووك بۆ سەرکەوتووانی وەرزشی دیاری کردبوو کە پاش بەرێوەچوونی هەر دوو بەش، سەرکەوتووان لە لایەن پەروانە دانشوەر ئەندامی لە مێژینەی یەکیەتیی ژنان و هەروەها هێرۆ جەلدیانی، جێگر سکرتێری یەکیەتی ژنان، خەلات کران.




















# ئاگری جەژنی نەتەوایەتی نەورۆز لە شاری نورنبێرگی ئاڵمان، بە بەشداریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرایەوە

رۆژی پێنجشەممە،٢٠ی مارسی ٢٠١٤ی زایینی، بە بەشداریی کوردانی دانیشتووی نورنبێرگ لە ئاڵمان و لە ژێر دروشمی «بە یەکەوە بۆ کوردستان» جەژنی نەتەوەیی نەورۆز پیرۆز کرا و ئاگری نەورۆز لە نێو کۆڕی شادی و خۆشی کوردانی ئەو دەڤەرە کرایەوە.

لەو رێورەسمەدا کە بە بەشداری کوردانی هەرچوار پارچەی کوردستان بەرێوەچوو، زۆربەی حیزب و رێکخراوەکانی کوردستانی بەشداریان تێدا کرد.

ئەمساڵ، «بەیەکەوە بۆ کوردستان»، دەنگی هاوبەشی کوردانی نورنبێرگ بڕیاری ئەوەی دا کە ئاگری پیرۆزی نەورۆز لە دەوری ئەم دارەدا بکرێتەوە. وە لە هەر پارچەیەکی کوردستان خانمێك ئاگری نەورۆزیان کردەوە:

لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە بەڕێز دڵڤین

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەڕێز سۆعدا حەسەنزادە

لە باکووری کوردستانەوە بەڕێز ڕۆزا

لە باشووری کوردستانەوە بەڕێز شێران

شاندێکی کومیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشداری ڕێورەسمەکە بوون.

شایانی ئاماژە پێدانە کە هەر بە بۆنەی جەژنی نەتەوایەتی نەورۆزەوە، لە لایەن ناوەندی کولتووری کوردانی نورنبێرگەوە، نمامێکی ئاشتی و برایەتی چێندرا و تابلۆیەکیش کە بە دوو زمانی کوردی (سۆرانی و کورمانجی) و ئاڵمانی لەسەری نووسرابوو، لە شوێنی ناشتنی نمامەکە دانرا.

لەسەر تابلۆکە برگەی ٢٠ی یاسای بنەڕەتی تایبەت بە مافی مرۆڤ بە شێوەی خوارەوە نووسرا بوو:

١-هەموو مرۆڤێك مافی هەیە، بە ئاشتیانە لە گرووپ و ڕێکخراوەدا خۆی ڕێکبخات

٢- هیچ کەس نابێ بە زۆر بکرێ بە ئەندامی ڕێکخراوەیەك







# سەردانی کۆمیتەی جیژنیکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کەمپی گردەچاڵ





ڕۆژی سێ شەممە، ڕێکەوتی ٨ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لە و کەمپە هەیئەتێک لە کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە جیژنیکان سەردانی ئەو کەمپەیان کرد، شایانی باسە لەم سەردانەدا بابەتێک لە ژێر ناوی پرسی ژن لە کۆمەلگای کوردیدا لەلایەن هاجەر قادری ئەندامی بەرێوەبەری و بەرپرسی کومیتەی جیژنیکان پێشکەس بە ئامادەبووانی کۆبوونەوە کرا. پاشان هەریەک لە بەشداربووانی کۆبونەوە را و سەرنج و تێبینی خۆیان بەرامبەر بەو پرسە خستە روو.

# بەڕێوەچوونی شەوی یەڵدا لە ناوەندی ١ی کوردستان

لە ڕێکەوتی ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی لەلایەن بەشی پەروەردە و بە هاوکاریی کۆمیتەکانی لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوەندی ١ی کوردستان، بە بەشداریی ئەندامی یەکیەتیی ژنان، کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێوڕەسمی شەوی یەلدا، ڕێورەسمێکی تایبەت بۆ شەوی لە دایك بوونی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و درێژترین شەوی ساڵ بەڕێوەچوو.





# کردنەوەی پێشانگای کاری دەستی به بۆنەی ٨ی مارس






هەموو ساڵێك لە بەرەبەرەی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن. ریکخراوەکانی تایبەت بە ژنان ریز لەم ڕۆژە دەگرن و چالاکی جۆراوجۆر بەرێوە دەبەن. بۆ ئەم مەبەستە لەیادی ١٠٣ەمین ساڵرۆژی رۆژی جیهانی ژن کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانیی رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی ١٤ی ڕەشەممەی١٣٩٢ی هەتاوی بەرامبەر بە ٥ی مارسی ٢٠١٤ی زائینی، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوبەش لەگەڵ کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان «لقی کۆیە» بە مەبەستی ریزگرتن و پێشوازی لە ٨ی مارس رۆژی نێونەتەوەیی ژن، پێشانگایەکی کاری دەستی بۆ کۆمەڵێک لە ژنانی بەهرەمەندی هونەری کاری دەستی بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی ئەم دوو رێکخراوە و چەندین کەسایەتی و خوازیارانی هونەری کاری دەستی لە شاری کۆیە کردەوە. پێشانگاکە لەچەند بەشی کاری هەمەرەنگ و سەرنجراکێش پێک هاتبوو کە بوو بە جێگای دەستخۆشی و پێشوازی ئامادە بووان، ئەوەی کە زیاتر جێگای سەرنج بوو لە کارە دەستییەکاندا گرنگی درابوو بە لایەنی هونەروکلتووری کوردەواری و پاراستنی ئەو پیشە دەستیانەی کە لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا وەک سامانێکی کلتووری و نەتەوەیی تا ئێستاش ماونەتەوە. لە لایەکی دیکەوە پێشانگاکە دەرخەری دەست ڕەنگینی و هونەرمەندی ژنی کورد بوو کە لەم بوارەدا توانیویەتی بەکارایی و لێهاتوویی بەهرەکانی خۆی بخاتە ڕوو. پێشانگاکە بۆماوەی دوو رۆژ بەردەوام بوو. لە کۆتاییدا لە لایەن ئامادە بووانەوە دەستخۆشی لە ژنانی دەست ڕەنگین و رێکخەرانی پێشانگاکە کرا.



# وتوویژ لەگەڵ نوێنەری ٦ ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵات، بە بۆنەی ٨ی مارس ـ کوردستان میدیا

ڕاپورت و وتوویژ/ مەهاباد قاسمی

میژووی ڕۆژی‌جیهانیی ژنان بۆ ساڵی ۱۸۵۷ی زایینی دەگەڕێتەوە، لەو ساڵەدا هەزاران ژن لە شاری‌نیویۆرک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە کۆمەڵێک داواکارییەوە هاتنە سەرشەقامەکان هەتا دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی‌ویلایەتە یەکگرتووەکانی‌ئەمریکا لەو داواکارییانە ئاگادار بکەنەوە، کە بەرەڕووی وەڵامدانەوەیەکی‌نەشیاوی پۆلیس بوونەوە.

لەو ناڕەزایەتییانەدا خۆپیشاندەران توانییان کاریگەری لەسەر سیاسەتمەداران دابنێن هەتا داواکارییەکانیان بخەنە بەرنامەی کاری سیاسی و کۆبوونەوە ڕۆژانەکانیانەوە.

داواکاریی ژنان لەو خۆپیشاندانەدا بریتی بوون لە: زیادکردنی کرێی کار و کەمکردنەوەی کاتی کارکردن.

بەهۆی بەردەوامی و سووربوونی ژنان لەسەر داواکارییەکانیان، یەکەم سەندیکای تایبەت بە ژنان لە کارگەی ڕستن و چنین دامەزرا.

مانگرتن و ناڕەزایەتیی خۆپیشاندەران هەموو ساڵێک بە شێوەی نهێنی و ئاشکرا بەردەوام بوو هەتا ڕۆژی ٨ی مارسی ۱۹۰۷ی زایینی بۆ جارێکی دیکە ژنانی ئەمریکا بە نیشانەی ناڕەزایەتی لەهەمبەر «۱۰ کاتژمێر کاری ڕۆژانە» خۆپیشاندانیان کرد کە هەمدیس لەگەڵ کاردانەوەی توندی پۆلیس ئەمریکا بەرەوڕو و بوونەوە و کۆمەڵێکی زۆریان دەسبەسەر کران.

ساڵێک دواتر واتە ساڵی ۱۹۰۸ ژنانی ئەمریکا وێڕای ئەوەی کە نانی «وشک و گوڵ»یان پێ بوو، بە کۆمەڵێک داواکاریی نوێوە وەکوو «کەمکردنەوەیکاتی کارکردن، دوورخستنەوەی منداڵان لە ناوەندەکانی کارکردن و مافی دەنگدانی ژنان» هاتنەوە سەر شەقامەکان.

خۆپێشاندان و مانگرتنی ژنانی ئەمریکا، دروستبوونی بزاڤێکی گشتگیری جیهانیی لێ کەوتەوە و داواکارییەکان گەیشتە ئاستێک کە داوای یەکسانیی ژن و پیاو بوو بە ڕۆژەڤ. بزووتنەوەیی جیهانیی ژنان ناویی «سۆفرا گیستیس»ی لێ نرا.

لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی سۆسیالیستەکان کەلە ساڵی ۱۹۱۰ لە کۆپنهاک، پایتەختی وڵاتی دانمارک بەڕێوە چوو «کەلارا زتکین» سەربە حیزبی سوسیال دێموکراتەکانی ئەڵمان، ڕۆژی ٨ی مارسی بۆ «ڕۆژی خەباتی ژنان لە سەراسەری جیهان» پێشنیار کرد و لەلایەن کۆنگرەوە پەسند کرا.

ڕۆژی٨ی‌مارس کە وەک ڕۆژی‌ژنان ناسرا زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خۆپێشاندان و ڕێپێوانەی‌ساڵی۱۹۰۹ کە لە نیۆیۆرک بەڕێوەچوو، خۆپێشاندانەکانی ژنانی ئەمریکاش بووە پاڵنەر و پشتیوانییەک بۆ ژنانی‌ئورووپا هەتا ئەوانیش ئەو ڕۆژە وەکوو ڕۆژی ژنان بناسن، هەرچەندە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەتا ساڵی ۱۹۷۷ بەشێوەیەکی فەرمی‌دانی‌بە و ڕۆژەدا دانەنا.

ماڵپەڕی کوردستان میدیا، بۆ زیاتر تاوتوێی ٨ مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان، لەگەڵ نوێنەری ٦ ڕێکخراوی ژنانی کوردستانی ئێران وتووێژی پێک هێناوە کە دەقی وتووێژەکە بەم چەشنەیە:



**زینەب حوسێنی کۆمیتەی ئافرەتانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران**

زینەب حوسێنی کۆمیتەی ئافرەتانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

کوردستان میدیا: بۆ چی دەبێ ڕۆژێک هەبێ بە ناوی ڕۆژی ژن؟ وەکو و ژنێک چۆن چاو لە ٨ی مارس دەکەی؟ ئایا بە بڕوای ئێوە ٨ی مارس ڕۆژ جیهانیی ژن تەنیا ئەو ڕۆژەیە کە ژنان دەنگی ناڕەزایەتیی خویان دەربڕن؟

زەینەب حوسێنی: مێژوو پێک دێت لە ململانێی نێوان چین و نەتەوە و ئایین و ئاینزاکانی دونیا. بەدرێژای تەمەنی مرۆڤایەتیی چەوسانەوە و هەروەها چەندین قۆناغی پڕ لە نەهامەتیی وەک کۆیلایەتی و نیزامی فیوداڵی و هەتا هەوڵی چینی حاکم بەسەر مەحکومدا، ئەم ڕەوتە درێژەی هەبووە و ئێستاش هەر هەیە. ئێمە لە کۆمەڵگایەکی بەرابەر و یەکسان نین، یان بەگشتی بڵێم جیهان

نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی مرۆڤەکان وەک یەک بن و هیچ کاتێکیش وەک یەک مافی بەرابەریان نەبووە. کەوایە شۆڕش و بەرخودان هەبووە و هەتا زوڵم و ئیستبدادیش هەبێت خەبات بەردەوامە و دەبێت گیانبازی بکرێت. ئەم گۆڕانکارییەی ئێستا و ئەم نیمچەکرانەوە لە ئازادی، بەرهەمی خەبات و فیداکاری کۆمەڵێک خەڵکە کەلە پێناو مرۆڤایەتی و دادوەری و هاوکات هێنانەی ئارای مافی ژنان وەک نیوەی کۆمەڵگا، گیانی خۆیان فیدا کرد. ئەوانە بوونە هۆی ڕۆشن بوونەوەی بیر و هۆشی بەشێک لە مرۆڤایەتی و ڕێگەیەکی سەختیان بۆ خۆش کردین. دەبێت ڕێزیان لێ بگرین و نەک لە ساڵدا ڕۆژێک بەڵکوو پێویستە هەمیشە لەیادمان بن. لە جیهاندا زۆر ڕۆژ و بۆنە هەن کە ڕۆژیان بۆ دیاری کراوە. دیاری کردنی ئەو ڕۆژی ٨ی مارسیش بۆ ژنان یەکێک لەو ڕۆژانەیە کەلە مێژوودا بەرجەستە کراوە و بەرهەمی چەندین دەیە تێکۆشان بووە. لەگەڵ ئەوەی دیاری کردنی ڕۆژێک بۆ ژنان کۆتایی بە زوڵم و ستەم نەهێناوە، بەڵام تا ڕادەیەک ژنان لەو ڕۆژەدا توانیویانە کێشەکانیان و ماف و ئەرکەکانیان بەڕووی کۆمەڵگادا باس بکەن. ئەو ڕۆژە بۆ ئێمەی کورد و ژنان کە بە درێژایی مێژوو چەوساوینەتەوە و دەردی بێ‌مافی و زوڵم و ستەممان زۆر چەشتووە گرینگی زۆرە. ئەو واتایەی هەیە کە خەبات بۆ دەستەبەرکرانی ماف و ئازادی و قوربانیی گەرەکە و ئەگەر سوور بین لەسەر داواکانمان سەرکەوتن بۆ ئێمەیە و هەر سەردەکەوین.

من وەک ژنێک کە زادەی ئەم کۆمەڵگایەم و بە بەردەوامی تێکەڵ بەکێشە و ئازاری بێ‌بڕانەوەی ئافرەتانم، بە گرینگیەکی زۆرەوە دەڕوانمە ٨ی مارس و تەواوی ئەو ڕۆژانەی کە ژنان لەپێنا و دەستەبەرکردنی مافەکانیان هەوڵیان داوە. هەوڵدان بۆ نەهێشتنی نابەرابەری بە ئەرکێکی ئایینی و مرۆیی دەزانم و هەر کەسێک لەم پێناوەدا بەردێک بخاتە سەر بەردێک لای من جێگەی ڕێز و پێزانینە. ئێمە وەک کۆمیتەی ئافرەتانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران کە مێژووی دامەزرانمان دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە دەیەیەک، هەموو ساڵێک ئەم ڕۆژەمان بە گەرم و گوڕی یاد کردۆتەوە و ڕێزمان لەو چالاکانەمان گرتووە کە تێکۆشاون. لاشم وایە چونکە ئافرەتی کورد لە بێ‌مافیدا دەژین و قوربانیی کۆمەڵگان، دەبێت زیاتر ئەم یادە بەرز ڕابگرن و گرینگیی زیاتری پێ بدەن.

بەنەزەری من پێویستە لەم ڕۆژەدا ژنان چالاکییەکانیان بەرفراوان بکەن و زیاتر خەڵکانی ئەو وەڵاتانە هان بدەن کە ڕۆژی ٨ی مارس و باس لە مافی ئافرەتان لەلایەن قەدەغە و بقەیە. هاوکات دەبێت ببێتە ڕۆژی هەموو ئازادیخوازان و ڕێز لەو پیاوە ئازا و مرۆڤ دۆستانە بگیردرێت کە چالاکی بواری ئافرەتانن و بە بێ گوێدان بە فەرهەنگی دواکەوتوو، لەم پێناوەدا کار دەکەن. هەروەها دەبێت ببێتە ڕۆژی هاوپێوەندی و وێکڕا لەم ڕۆژ و بۆنە پیرۆزەدا پەیمان نوێ‌بکەینەوە کە خەبات لەپێناو مافەکانمان درێژەی هەیە و تا



گەیشتن بە و ئامانجە بەردەوام دەبین. هاوکات لە دژی دەسەڵاتداران و هەموو ئەوانەی کە دژی مافەکانمانن دەنگ هەڵبڕین و هەوڵ بدەین دەنگی نارەزایەتی خۆمان بگەیەنینە ئەوپەڕی جیهان و ئەوە بە تێکرای مرۆڤایەتی بڵێین کە ئێستاش کوشتن بەردەوامە و هەموو ڕۆژێک لە پەنامانداندا ئەم کارەساتە ڕو و ئەدات.



**گوڵیپەریزاد ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات**

گوڵیپەریزاد ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات

کوردستان میدیا: بارودۆخی ژنانی کورد لە ڕووی فەرهەنگی و کۆمەلایەتی و پێشکەوتنیان لە و بوارانەدا چۆن دەبینن؟

گوڵیپەریزادی: کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگەیەکی زیندو و لە حاڵی گەشە دایە. بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێ و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکانی جیهان کاریگەریی لەسەر دادەنێت ئاستی پێوەندیی خەڵک لە چاو ساڵانی ڕابردوو چوەتە ئاستێکی دیکەوە خەڵک بەگشتی بەهۆی تۆڕە کۆمەلایەتییەکانی ئینترنێتی و لەلایەکی دیکەشەوە میدیاکان ئاگاداری گۆڕانکارییە ناوچەیی و جیهانن. ئەمە لەکاتێک دایە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک و بە هەر ڕادەیەک توانیبێتی بە پارازیتی میدیاکان و فیلتێرکردنی سایت و تۆڕە کۆمەڵاتییەکان هەوڵی داوە بەر بەگەشەی زانیاری و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی بگرێ‌لە کۆمەڵگەی کوردستان بە تایبەتی،

پێوەندییە جیهانییەکان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ توانیویەتی لەسەر ژنی کوردیش وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردستان کاریگەریی هەبێ. ئاستی زانیاریی ژنی کورد قۆناغی باشی بڕیوە و ژنان وەک نیوەی کۆمەڵ سەرەڕای هەموو بەربەستە سیاسی و کولتوورییەکان هەوڵیان داوە لە کاروانی پێشکەوتن و زانست دوا نەکەون.

لە کوردستان ئێستا ژنان بە ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو دەچنە زانکۆکان و ئاستی خوێندەواریی ژنان چۆتە سەرێ و هەوڵ دەدەن لە باری زانستییەوە قۆناغی تازەی پێشکەوتن و گەشەی زانستییەوە. ئەگەر لە دەیەکانی ڕابردوو ژنی کورد لە دەرس خوێندن و وەدەیهێنانی زانیاری بەشێکی زور کەمی هەبو و ئێستا و بە پێی زانیارییەکان و ڕێژەی چوونە زانکۆ خوێندنی ژنان لە چاو پیاوان زیاترە و هیوادارم ئەم ڕێژەیە لە ساڵانی داهاتووشدا هەروا لە گەشەدا بێت.

بە لە بەر چاو گرتنی ئەو هەلومەرجەی سەرەوە دەبینین ژنی کورد بە تایبەت لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئێستا ملکەچی بڕیاری باوک و برا ئەبن، لەباری کۆمەلایەتییەوە شتێک بە ناوی گەورە بە بچووک، یان ژن بە ژن هەر نەماوە زۆر دەگمەن و کەمە، ژنی کورد زیاتر لە چالاکیی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەلایەتییەکاندا بەشداری دەکات بە جۆرێک بڕیاریان داوە بە کولتووری باوکسالاری و ئێستا ئیتر تەنیا باوک و برا ناتوانێ چارەنووسی ژن دیاری بکات. ژنان خۆیان هاوسەری داهاتوویان هەڵدەبژێرن و زوربەی بەربەستە کۆمەڵایەتیی و مەزهەبییەکانیان وەلا ناوە.



**لیلا دیوبەند ڕێکخراوی نینا**

لیلا دیوبەند ڕێکخراوی نینا

کوردستان میدیا: ئێوە وەکوو ڕێکخراوەکانی یەکیەتیی ژنان چ هەنگاوێکتان هەڵگرتووە بۆ ناساندنی مافەکانی ژن و ناساندنی چوارچێوەیەک هەتا ژنی کورد مافی خۆی بە دەست بێنێ؟

لیلا دیوبەند: ئێمە وەک ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان ـ نینا، بەپێی ئەو دەرفەت و ئیمکانەی بە شێوەی گشتی لە بەردەم ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە، کارمان بۆ ناساندنی پرسی ژنی کورد کردووە. کار و چالاکییەکانمان لە چوارچێوەی کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار و خولی پەروەردەیی و کۆمەڵێک هەنگاوی دیکە بووە، هەروەها پێوەندیمان لەگەڵ کۆمەڵێک لە ژنانی چالاک و تێکۆشەری بواری ژنان لە نێوخۆی وڵات هەیە؛ هەڵبەت بە هۆی دۆخی سیاسی و داگیرکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نە ئێمە و نە هیچ ڕێکخراوێکی دیکەی ژنانی سەربە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، توانا و دەرفەتی چالاکی و هەڵسووڕانیان بە شێوەی ئاشکرا لە نێو ژنانی وڵاتەکەمان نییە، بۆیە پێوەندییەکانمان لەگەڵ ژنانی وڵاتەکەمان سنووردارە. هۆیەکانی ڕاگەیاندن بە هەموو لق و بەشەکانییەوە کاناڵێکی گونجاوە بۆ چالاکییەکانمان و گەیاندنی دەنگمان بە ژنانی وڵاتەکەمان.

ئێمە بەختەوەریی ژن و خێزان و کۆمەڵگای کوردستان لە هاتنەدی کۆمەڵگایەکی مرۆڤسالاردا دەبینین کە تیایدا ژن و پیاو لە هەموو بوارە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکان و... مافی وەک یەکیان هەبێ، ئێمە لەگەڵ بەیەکدا دانی ئەو دوو ڕەگەزە لە دژی یەکتر نین و پێمان وایە هاوکاری و لێک گەیشتن لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە ماف و ئیرادەی بەرانبەر، کلیلی ژیانێکی ئارام و ئاسوودەیە لە نێوان ژن و پیاوی کورددا.

دیارە دۆخی ژنی کورد جیاوازە لەچاو دۆخی ژنی ئەو نەتەوانەی کێشەی داگیرکراوی وڵات و سەروەریی سیاسییان نییە. بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەدا کەسوورین لە خەبات دژ بە هەڵاواردنی ڕەگەزیی و کولتووریی پیاوسالاری لە کوردستان، پێ لەسەر گرێدانی ئەو خەباتەبە خەباتی نەتەوەیی کورد بۆ گەیشتن بە سەروەریی سیاسی و دەوڵەتی نەتەوەیی دادەگرینەوە.



**حەلیمە ڕەسوڵی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان**

حەلیمە ڕەسوڵی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

کوردستان میدیا: سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران

سەبارەت بە مافی ژن لە ماوەی هاتنە سەر کاری ڕۆحانی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا نیسبەت بە جاران هیچ گۆڕانکارییەک لە مافی ژن ڕووی داوە؟

حەلیمە ڕەسووڵی: لە سەروبەندی هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا لە ئێران دیتمان کە سەرکۆماری ئێستای ئێران لە ستادە تبلیغاتییەکانی خۆیدا بەردەوام باسی لە بەرابەری تەواوی نێوان ژن و پیاو دەکرد و لە ڕۆانگەی جوراوجۆرەوە بۆ نموونە لە نەزەر ئیسلام و لە نەزەر یاسا و هتد هەڵسەنگاندنی دەکرد و دەیگوت کە دەوڵەتی داهاتوو دەوڵەتی دەرفەتی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان دەبێت و بەم جۆرە زیهنییەتێکی تەقریبەن هیوابەخشی بۆ هێندێک لە ژنان و چالاکانی ژن ساز کردبوو.

دوای هاتنە سەرکاریشی چەند خانمێکی لە کابینەکەی خۆیدا هەڵبژارد و نەیهێشت یەک جینسیەتی بە روخساری کابینەکەیدا ببینرێت. بەڵام بەو حاڵەش پێم وایە بارودۆخی ژنان لە ماوەی دەسەڵاتی ڕۆحانیدا زۆر نەگۆڕاوە هەر وەک چۆن لە پرسەکانی دیکەش گۆڕانێکی بەرچاوی بە خۆیەوە نەدیتووە بۆ نموونە ئێعدامکردن لەم ماوەیەدا نەک کەم نەبۆتەوە بگرە زیادیش بووە. بارودۆخی ژنانیش بە هەمان شێوە گۆڕانێکی بەرچاوی بە خۆیەوە نەدیتوە و ژنان ئێستاش لە بارودۆخێکی نایەکساندا کار دەکەن و ئەمنییەتی شوغڵییان نییە و هەروەها تا ئێستاش هەنگاوێکی عەمەلی و جیدی بۆ لابردنی تەفکیکی جینسییەتی کەلە زانکۆکاندا دەکرێ هەڵنەگیراوە و ژنان لە مەسائیلێکی وەک تەلاقیشدا هەر وا لە ڕێگای یاساوە زوڵمیان لێ دەکرێت و تا ئێستاش لە دەوڵەتی تەدبیر و ئومێدی ڕۆحانیدا بە کردەوە هەنگاوێکی جیدی لەسەر باشتربوونی بارودۆخی ژنان نەدیتراوە و پێم وایە هەڵبژاردنی چەند خانمێک بۆ پۆستی وەزارەت چارەسەری کێشە ڕیشەییەکانی ژنان ناکا.



سنوور حەنیفیپوور ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد


سنوور حەنیفیپوور ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد

کوردستان میدیا: سەرەڕای هەبوونی ئەو هەمووو ڕێکخراو و NGO و چالاکانی مەدەنی لەمەڕ هوشیارکردنەوەی ژنان، کەچی زیاتر لە جاران گوێ بیستی هەواڵی خۆکوژی و بەتایبەتی دڵتەزێنترین شێوە واتا خۆسووتاندن و هەروەها کوشتنی ژنان دەبین، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێننەوە؟

سنوور حەنیفیپوور: ڕاستە لە ساڵانی ڕابردوو چەندین ڕێکخراوی داکۆکیکاری مافی ژنان سەریانهەڵداوە و سەرەڕای هەمووو گرفت و لەمپەرەکان کارەکانیان بۆ بەرگری لەژنان دەست پێکردوە، بەڵام وەک ئاماژەت پێداوە سەرەڕای ئەمەش کوشتنی ژنان هەر بەردەوامە و ڕۆژانە لانیکەم لەم بەشەی کوردستان کە ئێمەی لێی نیشتەجێین نموونەکانی دەبینین.

بەبڕوای من زۆربوونی ئەم دیاردەیە ناکرێت هەمووو هۆکارەکەی بخرێتەسەر شانی ڕێکخراوەکانی ژنان، ئەگەرچی ئەمە پاکانەش نییە بۆ ئەوان و لە چەندین حاڵەتدا کەمکاری، یان کەمتەرخەمیی ئەوان هۆکاری کوشتنی ژنان بووە. بەڵام بەگشتی دەکرێت لەچەندین خاڵدا هۆکارەکانی زۆربوونی کوشتن و خۆکوژیی ژنان دەستنیشان بکەین.
با لە پرسیارەکەوە دەستپێبکەین و ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان. بە بڕوای من ڕێکخراوەکانی ژنان بەگشتی نەیانتوانیوە بە ڕۆڵ و ئەرکی خۆیان بگەن و بەرگری لەمافەکانی ژنان بکەن ئەویش بە چەندین هۆکار. یەکەم ئەوەی ڕێکخراوەکانی ژنانیش لەهەمان کۆمەڵگای پیاوسالار و عەشایەری سەرهەڵدەدەن و مەودا و دەرفەتی کارکردنیان زۆر بەرتەسکە و ڕەنگە نەتوانن بەنا و هەمووو کەل و قوژبنەکانی ژیانی ژنان ڕۆبچن و یاسا و کولتوور و داب و نەریت ڕێگەیان پێنەدات دەست لە هەمووو کارێک وەربدەن. بەڵام سەرەڕای ئەوەیش لەو حاڵەتانەی کە بووە زۆرجار دەور و نەقشی خراپی ڕێکخراوەکانی ژنان هۆکاری کوشتن، یان گیان لەدەستدانی ژنان بووە. نزیکترین نموونە ئەو کچە تەمەن ١٦ساڵەیە کەلە ڕۆژانی ڕابردوو لەلایەن باوکیەوە بە ١٥ فیشکە کۆتایی بە ژیانی دێت. ئەم کچە پێشتر سکاڵای تۆمار کردبوو لەسەر کەسێک کە دەستدرێژی سێکسی کردووەتە سەری، پاشان پەنا بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان دێنێت و ئەوانیش لە یەکێک لەشێلتەرەکانی تایبەت بە ژنان جێگیری دەکەن، بەڵام بەهۆی ناجێگیربوونی باری دەروونی ئەو کچە و نەسازانی لە شێلتەر، بەرپرسانی شێلتەر و ڕێکخراوی ژنان ناچار دەبن ڕادەستی پۆلیسی بکەن و پاشان بە کەفالەت ئازاد دەبێت و ڕادەستی باوکی دەکرێت کە پاش سێ ڕۆژ دەکوژرێت. لێرەدا ڕێکخراوەکانی ژنان تۆمەتبارن بەوەی کە دەیانزانی ئەو کچە لەمەترسی کوشتن دایە بەڵام نەیانتوانی لە شێلتەرەکان بیهێڵنەوە و ڕەوانەی شوێنی کوشتنەکەیان کرد.

ڕێکخراوەکانی ژنان ئەوەندەی خەریکی سەرفکردنی پارە بۆ وۆرک شۆپ و سیمینار لە شوێنە ڕاقیەکانن بۆ کەسە بەناو بانگەکانەوە، ئەوەندە بە دوای هوشیار کردنی ئەو کەسانەی کە عەشایەرن و لە



شوێنە دوورەکانن هیچیان کردووە، هەروەها وەک پێویست نەیانتوانیوە کاریگەری باشیان بێت لەسەر دەسەڵات و یاسا بۆ چارەسەرکردنی پرسی ژن لە بوارە جیاجیاکانە.

بێجگە لەمانە چەندین هۆکاری دیکەش هەن کە جێگەی قسەکردنە و زۆر گرنگە لە زۆربوونی دیاردەی کوشتنی ژنان، ئەوەیش ئەوەیە کە ناهۆشیاری کۆمەڵناسییەکی بەهێز سەبارەت بە خزم و بنەماڵە و خێڵ لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، ناهوشیاری سەبارەت بە چەمکەکانی شەرەف و نامووس لە کولتووری پیاوسالاری کۆمەڵگای کوردی، ناهوشیاری رەگەزی نێر سەبارەت بە مافاکانی ژن وە هەر وەها قبووڵنەکردنی ئەو مافانەی کە لەلایەن پیاوانی کورد و چۆنییەتیی مامەڵە کردن لەگەڵ کێشەکانی ژن هۆکاری ئەم ژن کوشتنەن.

هەروەها نائۆمیدی و بێ هیوایی و بوونی فشار و نەبوونی پەناگە و لاوازیی پۆلیس و دادگاکان و دامەزراوە حکوومییەکان هۆکارێکی ترن. ئەو شتانەی کە پاڵپشتن بۆ ئەم خۆکوشتنە و کوشتن ئەم خاڵانەن یەکەم شت کە زۆر گرنگە یاسایە کە بەرامبەر بە پرسی ژن زۆر لاوازە. ئەوەی کە لەلای من زۆر گرنگە حکومەت یان باشتر بڵێم هەر دوو وەزارەتی ناوخۆ و کۆمەڵایەتیە کە وەک پێویست هەڵنەسان بە ئەرکی خۆیان، وەزارەتی ناوخۆ و کۆمەڵایەتی ئەرکێکی زۆر گرنگیان لەسەر شانە، ئەبوایە وەک پێویست پسپۆر و شارەزای لە بواری پەروەردە کردن دابنایە بۆ ئەوەی ئەم کولتورە کۆنە پرستانەی کە لە ناو کوردەواری داب و نەریتە بسرایەتەوە. هەروەها بە پەروەردە کردنی منداڵەکان لە بواری نە بوونی جیاوازی مافەکانیان لەنێوان نێر و مێ، هوشیاری پێویست بۆ بنەماڵەی خوێندکار و قوتابیان.

بەگشتی بۆ نەهێشتن یان لانیکەم کەمکردنەوەی دیاردەی کوشتن و خۆکوژی ژنان پێویستە هەموو جوومگەکانی کۆمەڵگا بە یاسا و رێکخراوە مەدەنییەکان دەست بە دەستی یەکتر بدەن و پاش فەرهەنگسازی و هۆشیاری تەواوی کۆمەڵگا رێگە لە دووپاتبوونەوەی دیاردەی کوشتنی ژنان بگرن.



ئیلهام چایچی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ئیلهام چایچی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کوردستان میدیا: لە ٨ی مارسی ئەمساڵدا ئێوە وەک و هەر (٦) رێکخراوی یەکیەتی ژنانی رۆژهەڵات راگەیەندراوی هاوبەشتان درکردوە؟ مەبەستان لەم راگەیەندراوە هاوبەشە چییە؟ یان ئێوە وەک و رێکخراوەکان چێتان پییە بۆ ژنی کورد و دەتنانهەوەی لەم رۆژە چی بە ژنی کورد بڵێن؟

ئیلهام چایچی: بە پێی مێژووی ٨ی مارس زیاتر لە یەک سەدەیە لە دەسپێکی خەباتی ژنان بۆ لەنێوبردنی پەت و زنجیری کۆیلایەتی تێدەپەڕێ. ئەم خەباتە لە هەر شوێنێک و وڵاتێک بە پێی بارودۆخی جوغرافیایی و فەرهەنگی ئەو شوێن یان وڵاتە، بە شێوازێک و شکڵێکی تایبەت بەرێوە دەچێت. بەڵام داخوازییەکانی ژنان لە شکڵێکی بازنەیی بە یەک دەگات و لە زۆر بواردا وەک یەکن، خەبات بۆ مافی مرۆڤ، خەبات بۆ رزگار بوون لەژێر دەستی، وەدەست هێنانی مافی ژیان، مافی هەڵبژاردن و...

ئێمەش وەک رێکخراوەکانی ژنان، بە لەبەر چاوگرتنی جیهانی بوونی کێشەی ژنان و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستای خۆمان کە بە داخەوە بە و شێوەیە کە پێویستە ناتوانین لە ئاستی جیهانی حوزوورمان هەبێت و داخوازییەکانی خۆمان وەک ژنانی کوردستانی ئێران مەترەح بکەین، هەوڵدەدین لە خاڵە هاوبەشەکان یەکتر بگرین و بە هاودەنگی و هاوکاری کاری زیاتر لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنانی کوردی کوردستانی ئێران بکەین. بە خۆشی و شانازییەوە لەگەڵ هەموو پێشداوەرییەکان کە بە نیسبەت ژنان و رێکخراوەکانی ژنان هەیە ئێمە لەم کارە سەکەوتوو بووین و تا ئێستاش توانیومانە چەندین کاری هاوبەش ئەنجام بدەین.

ئەوەی کە ئێمە تەنیا ئەم رۆژەی تەرخان بکەین بۆ ئەوەی کە پەیامی خۆمان بە ژنانی کوردستان بگەیەنین و یان خەباتەکەمان تەنیا لەم رۆژە و لە چوارچێوەی چەندین سمینار و چالاکی بێت، شتێکی دروست نییە. لانیکەم بۆ رێکخراوەکانی ژنان کە بەردەوام لەگەڵ ئەم ئێتیهامە بەرەورووە دەبن بە دوور لە ئینسافە. رۆژی ٨ی مارس رۆژێکی بۆ ژنانی هەموو جیهانە، کە لەم رۆژەدا بە نیسبەت پرسی ژن هەستیارتر بجووڵێین و لە رێگای چالاکییەکانی ژنان و رێکخراوەکان بەم بۆنەیەوە، هێندێ زانیاری نوێ لە بوارەی پرسی ژن و یان دەستکەوتەکانی ژنان لە یەک ساڵی رابردوو بە دەست بێنن. دەنا رێکخراوەکانی ژنان لەساڵدا ٣٦٥ رۆژ وەک ٨ی مارسییان هەیە کە ئەرکدارن بۆ بەرێوەبردنی بەرنامەکانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانیان..

# سەردانی بەشی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنان لە چەند کۆمیتەی ئەو ڕێکخراوە



ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی خاتوو هێرۆ جەڵدیانی جێگری سکرتێری یەکیەتیی ژنان و هاوڕێیەتی مەحبوبە ئیبتکار و مونیرە کانی سەیرانی ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان و حەلیمە عەلیزادە ئەندامی یەکیەتیی ژنان بەمەبەستی گرتنی کۆبوونەوە بۆ ئەندامان سەردانی کومیتەی یەکیەتیی ژنانیان لە سۆران کرد.

سەرەتای کۆبوونەوەکە لە لایەن خاتو و هێرۆ جەڵدیانی دەستی پێکرد، بەڕێز جەڵدیانی باسێکی لە سەر وەزعییەتی ئێستای ژنان لە جیهان و هەروەها ئێران و بەتایبەت کوردستان کرد و هەروەها باسێکی لە سەر ئەو داب‌ونەریت و سوننەتە نەگەتیڤانەی کە کۆمەڵگای کوردەواری پێیەوە دەناڵێنیت و ئەرکی ئێمە وەك ئەندامێکی یەکیەتیی ژنان لە بەرانبەر ئەو کێشانە چییە پێشکەش بە بەشدار بووان کرد.

تەوەری دووهەمی کۆبوونەوەکە تەرخان کرا بۆ لێپرسینەوە لە کاروچالاکی کومیتەکە و هەروەها ئەندامگیری و پێداچوونەوە بە کارەکان، پاشان هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتە کە لە ژێر چاوەدێری و ڕێنوێنی محبوبە ئیبتکار بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنان بەڕێوە چوو.



شایانی باسە ڕێژەیەکی بەرچا و لە ئەندامان بەشداری کۆبوونەوە کە بوون و را و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە کۆبوونەوە دەربڕی.

هەروەها ڕۆژی سێشەممە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، لە ڕێکەوتەکانی ٦و٧و٨ی ڕەشەممەی ١٣٩٢ی هەتاوی نوێنەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، محبوبە ئیبتکار ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی ژنان و بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی ئەم ڕێکخراوەیە، لەگەڵ هەیئەتی بەشی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب و ناوەندی ١ی کوردستان و نوێنەری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئیران لە سەر داخوازی بەشی تەشکیلاتی ئاشکرا سەردانی کۆمیتەکانی حیزبیان لە شێرەوەن و کەلار و باریکە و سلێمانیان کرد.

مەبەست لە بەشداری کردنی نوێنەری ڕێکخراوەکان لەو سەردانەدا تاکید کردنەوە و پاڵپشتی و پشتیوانیی حیزبی دێموکرات لە ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان و هەروەها دەربڕینی هەستی هاوکاری و پشتیوانیی زیاتر بۆ بەرەوپێش چوونی کارەکانی ئەو ڕێکخراوانە لە کەمپەکانی حیزبی و گرینگی ئەو ریکخراوانە بۆ حیزب و هاوکاری کردنی کۆمیتەکانی ژنان لەو کەمپانە بوو. هەروەها هێندێك لە بەرنامەکانی ئەو سەردانە پەیوەندی بە بەشی تەشکیلاتی ئاشکراوە بوو کە لە لایەن هاوڕێیان بەڕێوەچوو.



# یەکیەتیی ژنان بە بۆنەی ٨ی مارس، سەردانی چەند ئۆرگانی حیزبیان کرد

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٨ی مارس، سەردانی چەند ئۆرگانی حیزبیان کرد.
لەم سەردانانە بەڕێز هێرۆ جەڵدیانی، جێگرسکرتێری یەکیەتیی ژنان، وێڕای باس لە مەبەستی سەرەکیی یەکیەتیی ژنان لەم سەردانانە کە بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن رێك خرابوو کردی و گوتی: «خەباتی ژنان لەپێناو دەستەبەر کردنی مافی یەکسان لەگەڵ پیاو، بە بێ پشتیوانی و هاوکاریی ئێوە مومکین نیە». پاشان بە وردی باسی ئەو هاوکارییانەی کرد کە هاورێیانی پێشمەرگە دەبێ بۆ هاوکاری و پشتیوانی لە خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان لەبەرچاو بگرن.





# بەشداریی شاندێکی کومیتەی هۆلەند، لە سمیناری پارتە سیاسییەکان



لەسەر بانگهێشتنی پارتی کاری هۆلەند، ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٣ی مارس ٢٠١٤ شاندێکی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ هۆلەند، بە سەرپەرەستیی خاتوو گوڵێ حوسێنی لە سمینارێکدا کە بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و بەرنامە و ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە بواری سیاسی، ئابۆری و کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگای هۆلەند و بە تایبەت لە سەر هەڵبژاردنەکانی ئەم مانگەی شارەوانیەکان، پێکهات بوو، بەشداریان کرد.
لەم سمینارەدا جگە لە پارتی کار، پارتی سەوز، پارتی سۆسیالیست، پارتی دێموکرات ٦٦، پارتی ئازادی بۆ دێموکراسی و حیزبە کوردستانیەکانی تێدا بەشداربوون، هەر یەك لەم پارتانە بە باس کردن لەسەر بەرنامە و کاری خۆیان جەختیان خستە سەر هێندێك خاڵی گرینگ وەك بێکاری و دۆخی ژنان و خوێندن تا رادەی سەرەوە و ئەمنیەت لە نێو کۆمەڵگادا.





# یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٨ی مارس، سمینارێکی ڕێک خست

ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١٧ی ڕەشەممەی ١٣٩٢ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٨ی مارسی ٢٠١٤ی زایینی، کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆ، یەکیەتیی ژنان بۆ هەرچی زیاتر تاوتوێ کردنی بارودۆخی یەك ساڵی رابردووی ژنان و ئێستا، بۆ بەڕێزان تروسکە سادقی، چالاکی بواری ژنان، کیهان یوسفی، بەرپرسی یەکیەتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها ئیلهام چایچی، بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سێ تەوەری «پێناسەی کوردی لەسەر فمینیستی گشتی»، «دۆخی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەرکەکانیان» و هەروەها «هەڵسەنگاندنێکی گشتی لەسەر چالاکییەکانی ژناندا و چەند ڕەخنەیەك لە خۆمان» بەرێوەچوو.

ئەم سمینارە کە بە بەشداریی ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنان و هەروەها کادر و پێشمەرگەکانی حیزب پێك هاتبوو، نزیکەی ٢ کاتژمێری خایەند.





# بەڕێوەچوونی سمینارێک بە بۆنەی ۸ی مارس لە وێسترۆس



یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە هاوکاریی کۆمەڵەی کوردی لە شاری وێسترۆسی سوئێد بە بەڕێوەبردنی سمینارێك، ڕێزیان لە ۸ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان گرت. لەم سمینارەدا، سەرەتا لە لایەن بەڕێز ماریا خاتوون ئەندامی کۆمەڵەی کوردی بەخێر هاتنی بەشداربووان کرا و بە دانی شاخە گوڵێك پێشوازیان لێ کرا. سمیناری ۸ی مارس بە باسێك لە لایەن دوکتوور «مریەم ئەفشاری» لە ژێر ناوی «نا بۆ توندوتیژی بۆ سەر ژنان» سەرنجی زیاتری بەشدارانی سیمیناری بۆ لای خۆی ڕاکێشا، شایەنی باسە کە سمیناری ۸ی مارس لە ژنانی کورد و بەلوچ و فارس و نەتەوەکانی تر پێك هاتبوو کە شێوازێکی نوێ بەخۆیەوە بینی. شایانی باسە سمینارەکە تا کاتژمێر ۲۱:۳۰ درێژەی هەبوو.

# بەشداریی یەکیەتی ژنانی دێموکرات، لە یادی هەڵەبجە لە وڵاتی ئاڵمان



لە ساڵرۆژی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کوردانی هەر چوارپارچەی دانیشتووی شاری نورنبێرگ و دەوروبەری و لایەنە سیاسیەکان لە ژێر دروشمی بەیەکەوە بۆ کوردستان لە ناوەڕاستی شاری لۆرنس کرشە بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و گشت شەهیدانی کوردستان، جارێکیتر وەفا و سۆزی خۆیان دووپات کردەوە و هیوایان خواست لە سەرانسەری جیهاندا ئەو مەرگەساتە بە جینۆساید بناسێنرێ.

# بەڕێوەچوونی وۆرکشۆپێک بۆ توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە پەیوەندیدارەکان بە ژنان

ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١ی ڕەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی بەرامبەر بە ١ی مارسی ٢٠١٤ی زایینی، لە ناوەندی یەکی کوردستان وۆرکشۆپێك لە ژێر نێوی توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە پەیوەندیدارەکان بە ژنان لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانی ژن بە بەشداریی ئەندامانی کۆمیتەی دێگەڵەی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەڕێوەبردن و پێشکەشکاری و سەرپەرەستی شۆڕش گوڵکار، بەڕێوەچوو کە پتر لە سێ کاتژمێری خایاند.

سەرەتا باسێك لەمەڕ ئامانجەکانی بەڕێوەبردنی وۆرکشۆپ و هەروەها گرینگی تاوتوێکردنی پرسەکانی ژنان بەم شێوازە بۆ گەیشتن بە چارەسەریەك لە لایەن شۆڕش گوڵکارەوە پێشکەش بە بەشداربووانی وۆرکشۆپەکە کرا و پاشان فەریدە محەممەدزادە سەرگرووپی، گرووپی کانی مژارێکی لە ژێر ناوی توندوتیژی ژنان پێشکەش کرد و بە وردی ئاماژە بە هۆکارەکانی ئەم دیاردەیەکرد و و هەروەها ئەوەشی پێ زیادکرد کە توندوتیژیی ژنان تەنیا لە لایەن پیاوانەوە ناکرێ بەڵکوو هەندێك لە ژنانیش بۆخۆیان پێڕەوی دەکەن.

پاشان تاژان عەلیرەمایی سەرگرووپی، گرووپی هەتاو باسێکی لە ژێر نێوی ژنانی سەرشەقام پێشکەش کرد و ئاماژەی بەوەکرد کە نەبوونی ڕێکخراوەکانی پەیوەندیدار بە ژنان بووەتە هۆی پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە.

پاشان بەهار ڕۆستەمی سەرگرووپی، گرووپی وەنەوشە باسێکی لە ژێر ناوی ژنانی زیندان پێشکەش کرد و ئاماژەی بەم مژارە کرد کە مەخابن لە زیندان هیچ مافێکی ژنان ڕچاو ناکرێت و هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکیان لەسەر تاقیدەکرێتەوە و بارودۆخی ژنانی دووگیانیش لەوپەڕی خراوی خۆیدایە و هیچ جۆرە ئاسانکاریەکیان بۆ ناکرێت لە زیندان و بە چاوی سووکیشەوە سەیر دەکرێن.

بڕگەی چوارەم گوڵاڵە ڕەزایی سەرگرووپی، گرووپی چنوور بوو کە بابەتێکی لە ژێر ناوی توندوتیژی نێو بنەماڵە باسکرد و ئاماژەی بەوەکرد کە توندوتیژی بنەماڵەیی لەلایەن هەر کەسێکەوە پێڕەو بکرێت هەر توندوتیژیە، ئیدی هیچ جیاوازیەکی نیە مێرد بێ یان باوك یان برا و خزم و کەسووکار. هەڵسووکەوتی پیاوان بە شێوەی گوماناوی لەگەڵ ژنان جۆرێك لە توندوتیژیە بەرامبەر بە ژن. جێگای ئاماژەیە کە گوڵاڵە ڕەزایی زاڵ بوونی ئایین و پەروەردەکردنی نادروست بە هۆکاری توندوتیژی ناوزەدکرد.

پاش کۆتایی پێشکەش کردنی ئەم باسانە ژنانی بەشداربووش تێکڕا چالاکانە ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە مژارە پەیوەندیدارەکان بە ژنانەوە هێنایە بەرباس و لە ئاکامدا کۆبەندی باس و ڕاوبۆچونەکان لە لایەن شۆڕش گوڵکار بەڕێوەبەری وۆرکشۆپەکەوە لێکدانەوەی لەسەر کرا و بەم جۆرە کۆتایی بە وۆرکشۆپەکە هات.





# سمینارێک بە بۆنەی ٨مارس، روژی جیهانیی ژنان لە شاری کارلستاد بەرێوەچوو




سمینارێك به بۆنەی ٨ مـارس، رۆژی جیهـانیی ژن، له لایەن یەكیەتیی ژنانی شـاری كارلستاد بە بەشداری رادەیـەكی زۆر لە ئەندامانی یەكیەتیی ژنـان بە رێـوە چـوو. سەرەتا فاتمە پالانی بە خێرهـاتنی بە شداربووانی سمینارەكەی كرد و پاشان پەیامی یەكیەتیی ژنانی بەم بۆنەیەوە پێشكەش كرد. لە بەشی دیكەی سمینارەكەدا، خاتوو حیدە حەمەدی، چالاكی سیاسی، وتارێكی پێشكەش بە ئامادە بووان كرد، لەو وتارەكەدا هاتبوو كە چۆن ژنان لە سایەی حوكمەكانی ئیسلامی و لە ژێر دەسەڵاتی كۆماری ئیسلامی رۆژانە دەچەوسێنەوە. هەروەها خاتوو پەتول حەمەدی چالاكی بواری سیاسی، هەر بەو بۆنەیەوە وتارێكی پیشكەش بە ژنان كرد. بەرێزیان لە ووتارەكەی دا ئاماژەی بەوە كرد كە ژنان بە داخەوە چ لە لایەن دەسەڵات و چ لە لایەن كۆمەڵگاوە ستەمیان لێكراوە، ناوبراو ئاماژەی بە چەند خاڵێكی گرینگ وەك دەستدرێژیی جینسی، حیجابی زۆرە ملی، بەرد بارانكردن، شاهیدیی دوو ژن بەرانبەر یەك پیاو، سیغە كردن، بە زۆر بە شودان و زۆر شتی دیكە كرد كە لە ژێر سێبەری رەشی كۆماری ئیسلامی بە رێوە دەچێت.

سمینارەكە بە پەزیرایی لە بەشداربووان كە لە لایەن یەكیەتیی ژنان ئامادەكرابوو و هەروەها هەلپەركێ و شایی كۆتایی پێهات.





# پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٦٨ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان


خوشك و برایانی هێژا
ژنانی ئازادیخوازی کوردستان
بەشداربووانی خۆشەویست

سەرەتا ئیزن دەخوازم بە ناوی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەممە ٦٨ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان پێشکەشی هەموو خەڵکی کوردستان بەتایبەتی ژنانی مافخوازی کوردستان و هەموو ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنان و ئێوە بەشداربووانی خۆشەویست بکەم.



بەڕێزان، ٦٨ ساڵ بەر لە ئێستا لە هەلومەرج و قۆناغێکی سیاسی ـ مێژوویی تایبەت دا کە بۆ جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ڕەخسا، بەرهەمی ئەو قۆناغە دامەزراندنی یەکەمین کۆماری دێموکراتیکی کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشوای نەمر قازی محەممەد بوو. کۆماری کوردستان لە ماوەی تەمەنی ١١ مانگی دەسەڵاتداری پڕ ئەزموونی خۆیدا گەلێك دەسکەوتی گەورە و بەنرخی لە مێژووی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەماندا تۆمار کرد.

یەکێك لە و دەسکەوتە زێڕینانە دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو لە سەر بنەما فیکری و سیاسییەکانی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان بەتایبەتی پێشەوا قازی محەممەد کە بە بیر و ڕامانی پێشکەوتنخوازی و ئینسانییەوە هەستی بەو بۆشاییە مێژووییە لە بەشداری ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتیی و کولتووریدا کردبوو. هاوکاتیش لەو قۆناغەدا هەستی بە پێویستی دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانی کوردی کردبوو بەتایبەتی دەیزانی بە بێ بەشداری و چالاك کردنی ژنان لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵگای کوردستان بۆشاییەکی گەورەی تێ دەکەوێت و بەرەو پێشکەوتن ناڕوات. چون کۆمەڵگای ئەو کات، کۆمەڵگایەکی داخراو و نەریتی بوو بۆ ژنان، ژنان لەو دەورانەدا لەگەل نەخوێندەواری و نەبوونی دەرەتانی ئازاد بۆ خۆ پێگەیاندن و خۆرۆشنبیرکردن ڕووبەڕوو بوون. ئەمەش ئاستەنگێکی گەورەی لە بەردەم ژناندا دروست کردبوو، هەر بۆیە لە لایەن ڕێبەرانی کۆمارەوە بەستێنەکانی پێویست بۆ دامەزراندنی یەکەمین ڕێکخراوی ژنانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ئامادە کرا و بە فەرمی لە ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ڕاگەیەندرا و دەستی بە تێکۆشانی خۆی کرد. میناخانمی قازی هاوژینی بەئەمەگی پێشەوا قازی



محەممەد وەك یەكەمین بەرپرسی ئەم ڕێكخراوە دیاری كرا.

دامەزراندنی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران لەو هەلومەرجە سیاسی و كۆمەڵایەتییەی ئەوكاتدا بە وەچەرخانێكی مێژوویی گرینگ و نوێ لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی كورد و بەتایبەتی خەبات و تێكۆشانی ژنان دێتە ئەژمار. ئامەنجەكانی دامەزراندنی ئەم ڕێكخراوەیە هەوڵدان بوو بۆ ڕێكخستن و گەشەپێدانی بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی ژنان و هاندانیان بۆ بەشداریكردنی چالاكانە لە پرسە نەتەوەیی و كۆمەڵایەتییەكاندا. ئەمەش نیشانەی بە مۆدێرن بوونی بزاڤی نەتەوەیی و یەكەمین دەسەڵات و قەوارەی سیاسی كورد لەژێر ئاڵای كۆماری كوردستاندا دەر دەخات.

لەو قۆناغەوە هەتا ئێستا یەكیەتیی ژنان لە ڕەوش و هەلومەرجە تایبەتییەكانی هەر قۆناغێكی خەبات و تێكۆشانی نەتەوەكەماندا شان بە شانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە كوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە خەبات بۆ ئازادی و دێموكراسی و دابینكردنی كۆمەڵگایەكی دادپەروەر و یەكسانیخواز دانبڕاوە و لەو پێناوەدا نەقش و ڕۆڵی مێژوویی خۆی بە سەربەرزییەوە تێپەڕاندووە. لەم ڕێگایەش دا دەیان و سەدان ژنی شۆڕشگێڕ و مافویستی كورد لە ڕیزەكانی ڕێكخراوەكەماندا لێ نەبڕاوانە درێژەیان بە ئامانجە بەرزەكانی كۆماری كوردستان و بزووتنەوەی ئازادیخوازی ژنان داوە و تا هەنووكەش خەبات بۆ دەستەبەركردنی ئەو ئامانجانە هە بەردەوامە.

بەشداربووانی خۆشەویست لە كاتێكدا یادی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی ڕێكخراوەكەمان دەكەینەوە كە بارودۆخی نێونەتەوەیی و ناوچەیی بە قۆناغێكی هەستیاری سیاسیدا گوزەر دەكات، بەتایبەتی بارودۆخی ئێران و كوردستان. لێرەدا پێویستە ئاوڕێكی كورت لە ڕەوشی ژیانی ژنانی ئێران و كوردستان لەژێر دەسەڵاتی دواكەوتوو و داسەپاوی كۆماری ئیسلامیدا بدەینەوە. هەر وەك هەمووو ئاگادارن بەدوای هاتنە سەركاری دەوڵەتی ئاغای ڕووحانی ناوبراو وەعدە و بەڵێنێكی زۆری بە خەڵكی ئێران دا لە ڕاستای ئاڵوگۆڕ و باشتركردنی ڕەوشی ئاڵۆزی سیاسی، ئابووری و كۆمەڵایەتیی خەڵكی ئێران بە گشتیدا و لەو نێوانەشدا باشتركردنی بارودۆخی توێژی ژنان و چاكسازی یاسایی، كۆمەڵایەتیی و بەشداری پێ كردنی ژنان لە هەموو بوارەكانی ژیانی كۆمەڵایەتیی دا بوو. بەڵام بینیمان ئەو وەعدە و بەڵێنانە تەنها تاكتیكێكی ئاغای ڕووحانی بوو بۆ ڕاكێشانی ژنان بۆ سەر سندۆقەكانی بەناو هەڵبژاردن و دەنگدان. نەتەنها ئاڵوگۆڕێك لە باشتركردنی دۆخی ژیانی ژنانی ئێراندا نەكرا بەڵكوو چەوساندنەوە، هەڵاواردن و چوونەسەری ڕێژەی تەڵاق، زیندانی كردنی چالاكانی بواری مافەكانی ژنان و دەیان پێشێلكاری دیكە دژ بە مافەكانی ژنان هەروا بەردەوامە. دەوڵەتەكەی ئاغای ڕووحانیش درێژەپێدەری هەمان سیاسەتی دژە ژنی كۆماری ئیسلامییە. لێرەدا ئەوەی جێگای سەرنجە خراپ بوونی بارودۆخی ژیانی ژنانی كوردستانی ئێرانە، بەداخەوە لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا لە كوردستان دا دیاردەی خۆ كوژی ژنان بە شێوەی جۆراوجۆر ڕوو لە پەرەسەندن بووە، ئەم دیاردەیە لە لایەكەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سیستم و یاسایەكی ئازاد و دێموكراتیك كە پشتیوانی لە داخوازەكانی ژنان بكات. لە لایەكی دیكەشەوە بارودۆخی خراپی ئابووری و داب و نەریتی كۆمەڵایەتیی هۆكارێكی دیكەبوون بۆ خراپ بوونی ژیانی ژنانی كوردستان. نموونەی تازەی ئەم پێشێل كارییانە مەرگی گوماناوی كچە كوردی زانكۆی ورمێیە شەیدا حاتەمی بوو كە بە شێوەیەكی گوماناوی گیانی لێ ئەستێندرا. كاربەدەستانی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی هەوڵیان دا بە خۆكوژی لە قەڵەمی بدەن، لێرەدا جارێكی دیكە وەك ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆمان بۆ بنەماڵەی شەیدا حاتەمی دوویات دەكەینەوە.

ژنانی تێكۆشەر، یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە ژنانی ئێران و بەتایبەتی ژنانی مافخوازی كوردستان داوا دەكات كە بە لەبەرچاو گرتنی گۆڕانكارییەكان بە بردنە سەری ئاستی هۆشیاری و داخوازە ڕەواكانی خۆیان هەوڵ بدەن هێز و پۆتانسیلی بزووتنەوەی ژنان لە چوارچێوەی بەرنامە و مێتۆدی نوێی ڕێكخراوەییدا ڕێك بخەن و لە هەر دەرفەت و دەرەتانێك كە بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی ژنان دێتە ئاراوە لە پاشەكشە كردن بە حاكمییەتی كۆماری ئیسلامی و شكڵ گرتنی ئاڵترناتیوێكی مرۆڤ سالاریدا كاریگەری خۆیان نیشان بدەن. لەم پێوەندییەدا یەكیەتیی ژنان بە پشت بەستن بە ئەزموون و خەباتی ٦٨ ساڵی خۆی بە ئیرادەی بەهێزی ژنانی كوردستان تا وەدیهاتنی هەموو ئامانجە نەتەوەیی و یەكسانیخوازەكانی ژنان هەروا شێل گیرانە درێـژە بە خـەبـات و تێكۆشانی خـۆی دەدات تـا گـەیشتن بەو ئامانجانە. لێرەدا جێگای خۆیەتی كە ڕێز و سوپاسی خۆمان بۆ پشتیوانی و ڕێنوێنییەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بكەین كە هەردەم وەك پشتیوانێكی بەهێزی ڕێكخراوەكەمان لەبەرەو پێش بردنی خەباتی ڕزگاریخوازی ژنانی كوردستاندا هاوكار و پشتیوانیی ڕاستەقینەی ژنان بووە. لە كۆتاییدا جارێكی دیكە پیرۆزبایی ئەمرۆژە مێژووییە لە هەموو ئێوەی بەڕێز و ژنانی كوردستان دەكەین.

سەركەوتن بۆ خەباتی یەكسانیخوازیی ژنان

كۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران

٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٩٢ی هەتاوی

بەرانبەر بە ١٥ی مارسی ٢٠١٤ زایینی

# بەرێوەچوونی رێورەسمی ٢٤ی رەشەممە لە کۆمیتەی جێژنیکانی یەکیەتیی ژنان

رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی ٢٢ی رەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی، لە کۆمیتەی جێژنیکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رێورەسمێك بە بۆنەی ٢٤ ی رەشەمە، ٦٨ هەمین سالڕۆژی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەرێوەچوو.

رێورەسمەکە بە سرودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب و خولەکێك بێدەنگی بۆ رێز گرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی کومیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن هاجەر قادری ئەندامی بەرێوەبەریی گشتی و بەرپرسی کومیتەی جێژنیکانی یەکیەتیی ژنان پێشکەشی بەشداربووان کرا.

پاشان سروودی نابەزم کە لە لایەن ئەندامانی یەکیەتیی ژنان و بە هاوکاری بەشی پەروەردەی ناوەندی ٣ ی کوردستان ئامادە کرابوو، پێشکەش بە ئامادە بوان کرا.

لە بڕگەیەکی دیکە لە رێورەسمەکەدا، پەیامی ناوەندی ٣ی کوردستان، لەلایەن کاك حسێن حەسەن نیا ئەندامی ناوەند، خوێندرایەوە. هاورێی پێشمەرگە کاك غولام فاتحی بە پێشکەش کردنی گۆرانیەك رێورەسمەکەی رازاوەتر کرد.

هەر بەم بۆنەیەوە پەیامی یەکیەتیی لاوان لە لایەن ئومێد مستەفاپور پێشکەشی بەشداربووان کرا.

چەندین بروسکەی پیرۆزبای بەم بۆنەیەوە بە دەستی بەرێوەبەرایەتیی رێورەسمەکە کرا بوو کە بە هۆی کەمیی کات ئاماژە بە ناوەکانیان کرا، لێژنەی ناوچەی بەرێوەبەرایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان، کۆمیتەی ١٩ی رێکخستنی بەحرەکەی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، کۆمیتەکانی یەکیەتی ژنان لە هەولێر و سۆران. پاشان شێعرێك لەژێر ناوی یادگاری شیرین لەلایەن کاك خالد پاریادەوە پێشکەش کرا.

لە کۆتایی دا رێورەسمەکە لە نێو شادی و هەلپەرکێی ئامادەبواندا کۆتایی پێ هات.







# پەروەردەی وەرزشی منداڵان تەوەرێک بۆ لێدوان

ڕەحیم ئەحمەدی



لە وەرزشـی ئاستی بـەرز و پیشەیی ئـەمرۆدا، گرینگترین فاکتەر بەرنامەڕێژی درێژخایەن، ڕێکخستن، ئەزموون و زانست ،چاوەدێری دڵسۆزانە و بە پەرۆشبوون و هەروەها پـەروەردەی منداڵان و مێرمنداڵان بە یەكێك لە بنەما سەرەكییەكانی گەشە و هەڵكشانی وەرزش دەژمێردرێ.قۆناغی منداڵی قۆناغیكی هەستیارە، بۆیە دەبێ مامۆستایان و ڕاهێنەرانی بواری پەروەردەی منداڵان سەرەتا بۆخۆیان پاش تێپەركردنی كۆمەڵێك خولی پێویست وەك دەروونناسی زانستی چۆن تێگەیشتن لە منداڵ و شارەزایی لەسەر بنەمای مافەكانی منداڵان و هەروەها شێوازی داكۆكی لە مافەكانیان بە پێی قەراری جارنامەی گەردوونی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان.

كاتێك بە وردی گوێ بۆ منداڵانی كوردستان رادەگری و باسی وەرزش و بە تایبەتی بواری تۆپی پێیان لەگەڵدا باس دەكەی، لە یەكەم هەنگاودا بەرەورووی دوو شت دەبێتەوە: هۆگری لەرادە بەدەری منداڵان بۆ وەرزش بە گشتی و تێگەیشتنی جوانی منداڵان بۆ وەرزشی تۆپی پێ و ڕووداوەكانی ئەو وەرزشە سەرنجراكێشە و پرقریوەیە. بە دڵنیاییەوە هیچ بیرمەندێكی وەرزشی ناتوانێ بڵێ منداڵانی كوردستان خاوەن هێز و ئیرادەی فێربوونی زانستەكانی سەردەمی وەرزش نین. هەرچەند بە داخەوە ڕۆژنامەنووسان، ڕاهێنەران و مامۆستایانی وەرزش، چاوەدێران و ڕێكخراوە بڕیاردەرەكانی وەرزش و هەروەها ناوەندەكانی منداڵپارێزی هەرێمی كوردستان نەیانتوانیوە وەكوو پێویست ئاوڕ لە ڕەوشی پەروەردەی وەرزشی منداڵان بدەنەوە.

چەند ساڵ لەمەوبەر «ئان وینمان» بەڕێوەبەری یونیسێف لە كاتی سەفەر بۆ وڵاتی ئەفغانستان دا دوایین بارودۆخی منداڵانی شەر لێدراوی خستە ژێر هەڵسەنگاندن و لە لێدوانێكی مێژوویی بۆ داكۆكی لە مافەكانی منداڵاندا وتی: منداڵان هەم لە كاتی یاری كردن لە سەر شەقامە قەرەباڵغەكاندا و هەم لە كەمپی ئاوارەكاندا و هەم لە گۆڕەپانی شەر و تێكهەڵچوونەكاندا لە هەر كوێ بن تەنیا بە جووڵە و وەرزش خۆشحاڵ دەبن. منداڵان بە دوور لە ڕاستییەكانی ئەستەمی ژیان هەمیشە خوازیاری دنیایەكی خۆش و تایبەت بە حەز و هیواكانی خۆیانن و ناتوانن جیا لە ڕاستییەكان هیچ

شتێکی تر بسەلمەێنن. پەروەردەی شیاو و زانستی هەر لە بوارێکدا گەرەنتی پێشکەوتنە هیچ وڵاتێکی پێشکەوتووی وەرزشی بە بێ بایەخدان بە چەمکی پەروەردەی وەرزشی ناتوانێ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ رێگەی سەرکەوتن بپێوی بۆ جێگر کردنی هەر بوارێکی وەرززشی لە نێو کۆمەڵگادا چۆنییەتی گشتگیرکردنی پەروەردە و کلتووری تایبەت بەو بوارە وەرزشییە زۆر گرینگە. بۆ

وڵاتە لە نێو ٣٢ هەڵبژاردەی بەشداربوو دا بشەکێتەوە.

لێرەدا مەبەست بەراورد کردنی مێژوو و رابردووی ژاپۆن و کوردستان نییە بەڵکو و روانگە و بنەما پەروەردەییەکانی کوردستان و ژاپۆنە. بەڵام لە راستیدا کاتی ئەوە نەهاتووە بەرێوەبەرانی وەرزشی کوردستان بە کردنەوەی دەیان قوتابخانەی پەروەردەیی وەرزش حەز و هیوا وەرزشییەکانی منداڵان بهێننە دی؟



نموونە ئەگەر بە وردی بروانیینە مێژووی هاوچەرخی وەرزش لە وڵاتی ژاپۆن دا دەبینین بە درێژایی مێژوو هەموو بوارە وەرزشییەکانی وڵاتی ناوبراو لە ژێر کاریگەری یاری کاراتەدا بوونە. بەڵام ژاپۆنییەکان بۆ بنیادنانی یاری تۆپی پێ لەیەکەم هەنگاودا و لە ٢٥ ساڵی رابردوودا خوێندنگا سەرەتاییەکانیان کردە مەبەست. هەربۆیە بەر لە بنیاد نانی خولی نایاب لە ساڵی ١٩٩٣دا کۆمەڵێك راهێنەری بە توانای ئەو وەرزشە جەماوەرییەیان هێنایە وڵاتی خۆیان کە دەکرێ لەم بارەوە ئاماژە بە هێنری میشێل، زیکۆ، گیدوا بوخواڵد و هتد بکەین. ئەنجامی بەهادانی ژاپۆنییەکان بە وەرزشی خوێندنگاکان وایکرد کە هەڵبژاردەی تۆپی پێی ژاپۆن لە مۆندیالەکانی ١٩٩٨ی فەرانسە و، ٢٠٠٢ی کۆریا و ژاپۆن، ٢٠٠٦ی ئاڵمان و ٢٠١٠ی ئەفریقای باشووردا بەشدار بێت و ئاڵای ژاپۆن و لۆگۆی فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئەو

لە ساڵانی رابردوودا میدیا وەرزشییەکانی کوردستان ماوە بە ماوە مانشێتێك بڵاو دەکەنەوە کە فڵان یانەی گەورەی تۆپی پێ دێتە هەولێر و سلێمانی و قوتابخانەی پەروەردەی وەرزش بۆ منداڵان دەکەنەوە بەڵام کوا؟ تا کەی دەبێ چاوەروانی دەستی خەڵکی بێگانە بین؟ هاوار و هەڵگورد مەلا محەمەد، دارا حەبیب، سەلاحەدین سیامەند، شوان مامۆ، سەرهەنگ موحسین، رافید بەدرەددین، دیدار حامید و دەیان یاریزانی بە توانای دیکەی کورد لە سەر دەستی کێ پەروەردە بوون؟ با بە رووحی لێبووردەیی وانەیەك لە مێژووی سەدان ساڵەی وەرزشی دنیا فێر بین کە هیچ هەریم و وڵاتێك بە بێ بایەخدان بە وەرزشی منداڵان و مێر منداڵان لە جوگرافیای وەرزشی دا ناتوانێ هێز و توانای خۆی بە دیار بخات. بەو هیوایە منداڵانی کوردستان چیتر لە پەراوێزی فەرامۆشی دا نەبن.



# وتوویژ لەگەڵ سروە مۆدەرسی، دامەزرێنەری ڕێکخراوی هاواری سەوز

دیمانە : گۆڤاری ژنان



پێشەکی: لە ئێستا دا رایەڵەی کاری رێکخراوەکانی ناحکۆمی یان کۆمەڵگای مەدەنی وەکو پردی پێوەندی نێوان حکۆمەت و هاوولاتی سەیر دەکرێت. ئەگەر (NGO) کان توانای پەروەردە، هەڵوێستی پێویست و یاسایی، بە دوا چوون، راپرسی، لێکۆڵینەوە و هۆشیار کردنی نەوەیەکی نوێ لە ئەستۆ بگرن و هاوکاتیش وەکوو یارمەتیدەری حکومەتەکان بن بۆ کاری بنەرەتی بۆ پرۆسەی چاکسازی کۆمەڵایەتی. لە وەها حالەتێکدا ئاراستەی دەسەڵات و کۆمەڵگاش خۆی لە بازنەی پێشکەوتن دا دەدۆزێتەوە. خاتوو سروە مۆدەرسی یەکێک لەو چالاکانەی کۆمەلگای مەدەنییە کە لە چەند مانگی رابردوودا توانیی رێکخراوی «هاواری سەوز» بۆ رۆشنبیری و پاراستنی ژینگەی کوردستان بنیات بنێت، هەر بۆیە لە دیمانەیەک دا راو و بۆچوونی بەرێزیانمان لە هەمبەر ژینگە پارێزی کوردستان و کاردانەوەی رێکخراوەکەی بۆ گۆڤاری ژنان وەردەگرین.

- خۆت بە خوێنەرانی گۆڤاری ژنان بناسێنە ؟

- سروە مۆدەرسی، لە دایک بۆی ساڵی ١٩٩٠ لە شاری پیرانشاری رۆژهەلاتی کوردستان، خوێندکاری قۆناخی سێهەمی بەشی ژینگە لە کۆلێژی زانستی زانکۆی سەلاحەدین.

- لە چەند مانگی رابردوودا بەرێزتان رێکخراوی «هاواری سەوز» بۆ رۆشنبیری و پاراستنی ژینگەتان بنیات نا بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو کارەتان چ بوو؟

- من هەر لە قۆناخی ئامادەیی دا ئارەزووی ئەوەم هەبوو کە رۆژێک خزمەتی بواری ژینگە پارێزی کوردستان بکەم، کاتێک لە ساڵی ٢٠١٠ -٢٠١١ دا وەکوو خوێندکارێک لەو بوارەدا وەرگیرام و وانەکانی ژینگە پارێزی بە شێوەی زانستی فێر بووم، هەوڵم دا بە شێوەی بنەرەتی کار بۆ ئەو بوارە بکەم.

- بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو مەبەستە پیرۆزە چ کەسانێک پشتگیرت بوون ؟

- دایک و باوکی خۆشەویستم، مۆهەندس ئارەزووی خۆشکم و بە تایبەتی مامۆستا رەحیم ئەحمەدی هەر لە رۆژی یەکەمەوە تاکوو ئێستاش بە دڵسۆزی و پەرۆشەوە هاوکارم بوون، هەر بۆیە لە رێگەی گۆڤاری



ژنانەوە سۆپاسیان دەکەم.

- هەریمی کوردستان لە رووی رووبەری سەوزایی و ژینگە پارێزییەوە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

- پێشکەوتنی هەر هەرێم و وڵاتێک دەروەستە بە چوونیەتی پاراستنی ژینگە و رۆشنبیری تاکەکان لە هەمبەر پاراستنی ژینگە پارێزییەوە. هیچ وڵاتێک بە بوونی شووستە و شەقام، بینا و بالاخانە و ئۆتۆمبێلی جوانەوە ناتوانێت هێمای پێشکەوتن بە دیار بخەت، لە کاتێک دا بێ بەری بێ لە ژینگەیەکی جوان و تەندروست. لە ساڵانی رابردوودا رێژەیەکی باش خوێندکاری بواری ژینگە پارێزی بە شێوەی ئاکادێمی لە پاش تەواو کردنی زانکۆ هاتوونەتە نێو بواری ژینگە پارێزییەوە، بە لام بە داخەوە حکومەتی هەرێم هێشتا نەیتوانیە وەک پێویست کە لک لە تواناکانیان وەربگرێت، بەڵام بەو حاڵەش من بە داهاتووی ژینگەپارێزیی کوردستان خۆش بینم.


- هەوڵەکانی داهاتووی رێکخراوەکەتان چ دەبێت؟

دەبێ پێوەندییەکی باش لەگەڵ پسپۆرانی نێو خۆیی و بیانی لە بواری ژینگە پاریزی دا بنیات بنێین، هەروەها هەوڵدەدەین لایەنی رۆشنبیری ژینگە پارێزی بکەین بە ئامانجی سەرەکیمان، دەبێ لە رێگەی میدیاوە کار بکەین بۆ ئەوەی مامۆستایانی باخچەکانی ساوایان، سەرەتایی و ناوەندی (بنەرەتی) بەشداری خۆلی تایبەت بە چوونیەتی پاراستن و خۆشەویستی ژینگە پاریزی بکرێن. ئێمە دەتوانین لە رێگەی کۆر، سمینار، وۆرک شۆپ و...هتد دەسەڵات و هاووڵاتی لە هەمبەر چوونیەتی پاراستنی ژینگە هۆشیار بکەینەوە.

- پێت وا نیە بۆشاییەکی گەورە لە نێوان وەزارەتی کشتوکال و دەستەی ژینگە پارێزی دا بوونی هەیە، بە رای بەرێزتان پێوەندی نێوان ئەو دوو لایەنە دەبێ چوون بێت؟

- بۆ بوونی بۆشاییی هاوراتم، بۆ ئەوەی ژینگە پارێزی کوردستان زیاتر گەشە بکات پێویستە دەستەی ژینگە پارێزی، وەزارەتی کشتوکال، رێکخراوە ناحکۆمیەکان، بەشی ژینگە پارێزی کۆلێژی زانست، دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسان و چالاکانی ژینگە پارێزی بە گرتنی کۆنگرەیەکی هاوبەش کۆمەلێك رێنمایی و بریار بۆ خزمەت بە بواری ژینگە پارێزی دەربکەن و هەروەها بە پێویستی دەزانم لە هەرێمی کوردستاندا پۆلیسی ژینگە پارێزیشمان هەبێت.





# Hewlên pêngav bi pêngav ên nehêlana cezayê darvekirinê, pêngavek li riya rast de

W:Mêhran Derbasî
N:şehram Sebrî

Dijayetî bi cezayê darvekirinê re û hewildan bona nehêlana wê di Îranê de rabihuriyek dirêj tuneye, di heman demê de, bê şik û guman bîr û hizra vê yekê û daxwaza nehêlana cezayê darvekirinê di nav hogir û alîgirên mafe mirovan de di vî welatî de hertim xûya dike.

Li gorî serjimêriyên navneteweyî, Îran di pênc salên bihûrî de piştî welatê Çînê xwediyê rêjeya herî zaf ya cezayê darvekirinê bûye.

Navenda Ebdulrehman Brûmend ku gelek bi hûrî mijara cezayê darvekirinê yên di Îranê de dişopîne û dinivîsîne, li malpera xwe de nivîsandiye ku tenê li sala 2013'an a zayînî 727 kes di îranê de hatine bidarvekirn.

Niha zêdetir ji 2 li ser 3'ê ya welatên cîhanê de cezayê darvekirinê bi awayekî yasayî vêde birine, yan jî bi kiryar cezayê darvekirinê birêve nabin, bi awayekî ku ji 198 welatên cîhanê tenê di 58 welatan de cezayê darvekirinê birêve diçe.

Di despêka sala 1976'an a zayînî hetanî niha, wate di kêmtir ji 40 salan de, 140 welatan, yek pey hev cezayê darvekirinê yan di yasaya welatên xwe de vêde birine yan jî ji vê kiryarê xwe diparêzin.


Lê xeynî welatên weke Purtiqal û Şîliyê, ku piştî guhertinên bingehîn di pêkhateya dewletên wan de, bi yekcarî cezayê darvekirinê vêde birin lê di parek zaf ji welatên din de bona nehêlana cezayê darvekirinê tekoşîn hat kirin û karîn pêngav bi pêngav wê cezayê ji holê rakin.

Bo mînak di welatê Berîtanyayê de ku yek ji kevnartirîn welatên xwedî demokrasiya parlemêntoyî di cîhanê de ye, rabihuriya tekoşîna pêngav bi pêngav bona nehêlana cezayê darvekirinê vedigere bo derdora sedsala 19'an.

Di wê serdemê de Samoêl Rumîlî, nûnerê parlemênta "Ewam" ya vî welatî xwazyarê nehêlana cezayê darvekirinê bo tawanên wekî dizî û tewaya tawanên ku kuştinê bi xwe ve nagirin bû, bi awayekî ku di demeke kêmtir ji dehikekê, derkirina cezayê darvekirinê bo hejmarek zaf ji tawanan hat ragirtin.

Lê tekoşîn derheq wê çendê 50 salên din dom kir û di wê heyamê de, cîbicîkirina cezayê darvekirinê tenê bona tawanên taybet wekî kuştin, agirberdan û hejmarek tawanên din hat sînordar kirin.

Bi vî awayî, heta dema ku cezayê darvekirinê dihate derkirin, dadwerê dadgehê dikaraî cîbicîkirina wê heta demek dirêj paşve bixîne an jî rêgiriyê jê bike.



Di wê serdemê de yek ji destkevtên din yên tekoşîna pêngav bi pêngav rêgirî ji birêvebirina cezayê darvekirina berçavê xelkê di civakê de bû. Di sala 1868'an de yasayek hat pesendkirin ku rêgirî ji darvekirina berçavê xelkê di nav civakê de kir.

Di dirêjahiya 50 salên despêka sedsala bîstan di gel vê çendê ku Berîtanya di du şerên cîhanî de beşdar bû û civak gelek zêde nîgeranê encamên şer bû, lê cezayê darvekirinê bo gelek kêm ji tawanan derkirin.

Bi awayekê ku salane cezayê darvekirinê bi ser 12 kesan de dihat sepandin.

Di sala 1948'an piştî derbasbûna sê salan bi ser şerê cîhanî yê duyem de Sîdnî Sîlwêrmen, nûnerê parlemênta "Ewam" û endamê Partiya Karkerên Berîtanyayê gelaleya binbirkirina cezayê darvekirinê li parlemêntê de xiste ber dengdanê, û piştî pesendkirin ji aliyê piraniya nûneran ve hate şandin bo parlemênta "Lordan", lê di vir de nehat pejirandin.

Piştî vê gellek girûp û binyatên sivîl, û herwisa hunermend û rewşenbîran bona binbirkirina yasaya cezayê darvekirinê dest bi tekoşînê kirin û piştre Sîdnî Sîlwêrmen dîsan di sala 1965'an ev gelale di parlemêntê de anî ber bas û bi 260 dengên erênî li hemberî 98 dengên nerênî serket û piştre di parlemênta Lordên vî welatî de bi bidestveanîna 204 dengan li hember 104 dengên dijber hate pesendkirin.

Di sala 1965'an de yasaya nehêlana cezayê darvekirinê derheq tawana kuştinê li Îngilistan, Wêlz, Îskatlend, û xeydî Îrlenda bakûr, bi qasî pênc salan hat pesend kirin û di dawiyê de, di sala 1965'an de Cîmz Kalahan ku wê demê wezîrê navxwe yê welat bû, û piştre weke serokwezîrê Barîtanyayê, cezayê darvekirinê bo yekcarî ragirt. ( ev cezaya li Îrlenda Bakûr di sala 1973'an de bi yekcarî hat ragirtin).

Dawîn cezayê darvekirinê di Berîtanyayê de bi sedema kuştinê bu ku di sala 1964'an de birêve çû.

"Di wê demê de û gellek caran piştî wê, rapirsiya giştî ya dengan dane xûyakirin ku ev yasaya ji wan kêm yasayan e, ku ji aliyê piraniya civakê ve cihê pesendê nine, û heke ragirtina cezayê darvekirinê li ser bingeha rapirsiya giştî ba, wê demê, wê heya paşerojek nediyar yê helavêstî maba."

Bi vî halî jî cezayê darvekirinê derheq tawanên wekî şewitandina lîmanên (berderên) Seltenetî, îxanetkirina bi welat û çetetiya di behrê de di cihê xwe de bû, lê di vî warî de tu hukmek bi ser girtiyan de birêve neçû, di dawiyê de di destpêka şibata sala 2004'an de, yanî beriya deh salan di dema serokwezîriya Tunî Bilêr, gelaleya 13'ê ya daxûyaniya cîhanî ya mafê mirovan bi tewahî di yasaya cezayê welatê xwe de cihgir kir, û derkirina cezayê darvekirinê di hemû warî de û bi tewahî di welatê xwe de ragirt.

Nehêlana cezayê darvekirinê bi rêya hewlên pêngav bi pêngav li Berîtanyayê de rêyeke dûr û dirêj da pêşiya xwe bona serkevtinê, lê eva jî di demekê de bû ku nehêlana cezayê darvekirinê, di parlemênta vî welatî de û ji riya dengê nerastewxwe yê xelkê ve hate pesendkirin.

Hejiyê gotinê ye ku yasaya pesendkirî rewayiya xwe a demokratîk ji xebata bê tundûtîjî û pêngav bi pêngav a kesên xwedî şiyan, hunermend, nivîskar, rewşenbîr û zanayên civakê ve wergirt.



# Rola Zarok û Rewşa Jîyana hevbeş di Awrupa yê de...
# Maldarî û jiyana hevbeş(hewserî) çawa tê dîtin?

Safiyeh khaledi

Di pêşerojê de tê xuya kirin ku însan hez bi jîyana tenêtî an jî heta 2 kes pêkve diket ,îsbata wê bawerîyê di Rewşa Maldarî û jîyana hevbeş a îro rojê di Awrupa de ye !

Rewşa Malbatê û jîyana hevbeş di sala 2030 de li gor gotina lêkolerê Almanîya Dr.Roland Frank wek peyvên jêrîn e : Jin û Mêr , hejmra pir kêm a Zarokan ,mezintirîn malbat ji 2 kesan de pêk vere !

Li gor lêkolînên xwandewanên beşa Civaknasî a Zankoya Berlin ê 86 dewletên dunyayê da xelik bi jîyana hewserî û 2 kesî bawermende û Rolla zarokan di leyîza jîyana îro rojê de pir kêm renge ,hêvîya piranîya xelkê wan devletan “Odeyek bicûk bi banek qaîm û teqet e” !

Lê 23 devletên din gelek bi diltezî bersiv dane û bi jîyana hewserî bêhêvîne û Zarok bi dîtina wan tenê xercek zêdeye , dilxweşîyek mezine kû hejmara zêde anku 65% xelik bi jîyana hewserî yê bawermende û ji bo zarokan jî piştre pîlan tê danîn ,jîyana mirovan ji bo 2030 an wisa tê nirxandin : Jin û Mêr , Jin di gel Jin , Mêr di ger Mêr , Zarok û daxwaza hebûna wan pir kêm tê nirxandin . Daxwaza jîyana 2 kesî û hewbeşî zêde ji ber pirsgirêkên Aborî ne ,xelik wê gotinê ku “kesê tenê dijît ,barek giran ser milîye “ dipejirînin ji bo ku 2 kes bi hevre dikarin zehmetîya debara jîyanê kêm bikin , tê wê wateyê ku jîyana 2 kesî ne bi wateya jîyana hewserîye ,belko 2 kes biryar didin pêkve bijîn da ku jîyana Rojane û pirsgirêkên wê rihettir bimeşînin , wir de mirov dikare bêje kû ew hesta zewacê pir kêmrenge ,hezkirina jin û mêran heya radeya zewacê wek caran nemaye.

Hebûna Zarokan Adetek kevnare:

di welatê Almanîya de di Sala 1970 zayînî de heya 2013 an hejmara Zarokan her ku diçe kêmtir dibe ,Dr.Roland Frank Civaknas û mamosteyê Zankoya (GfK /WU) Berlin dibêje “ Zarok û daxwaza hebûna wan di Almanîya, ji 100an de 20 tê dîtin “ di heman warî de li welatê Italîyayê da 30% an Zarok û daxwaza hebûna wan di wan çend salên davî de tê berçaw , Lê di Civaka Firansa 50% Xelkê wê daxwaza hebûna zarokan heye ,kêmtirîn hejmara Zarokan û daxwaza hebûna wan di welatê Ungarn ( Mecarîstan ) de ye



!Peşweçun û dewlemendîya dewletên Awropî di sedsalên davî de pir balkêş e lê çi bandorek ser geş bûna Rolla Zarokan di jîyanê de nekirîye , Piranîya Malbatên ku 2,3,heta 4 Zarok hene ji wan Malbatan e ku pir dilsoj û hezkirîyên Axa xwe û kultura xwe ne ,ew li ser edeta malbatî sekinîne û hertim Malbata xwe mezin(pir heşîmet) û bihêz û zana diparêzin , bawerîya Olî jî tesîra xwe heta radeyekê danîye ser çêkirina Zarokan di civakê de ,katolîk şaxek ji( Xirîstiyan ) pêşgîrîya picûk bûnê bi tundî red diket û bi hebûna Malbatên pir nifûs bawermende ,lê siruşta însanan wisaye ku gotinên ku bi awayê Ferman û şîretin zor car napejirînin , însanên Awropî serbixwe û azadin di wê biryarê de û şîret û amojgarîyên dînî di jîyana wan de xwedî rolek berçav nînin,belku rihetî û azadîya jîyanê ji wanre girîngtire.

Kultur û bandora wê Ser Malbatê:

tu çiqas li Başurê Awrupa ber bi Bakurê Awrupayê herî ,rewşa Malbatî lawaz û bêreng dibînî ,weke mînak di Italîya ( başurê awrupa yê ) de hejmara Zarokan gelek normal nîne lê nayê wê wateyê ku bawerîya jîyana hewserî û hevbeşî wir da kême ,belko 50% ê wan jîyana hewserî /hevbeşî pêkanîne lê rola Zarokan kêmreng û weşartîye ,di nav wan hejmaran da yên ku Zarok hene edet û kultura wan pir balkêşe ,anko Zarok xizîneya malbatêye û heta temenê 35 salîyê jî di alîyê Dayîk û Babê xwewe tên piştgirî kirin û parastin ,ew adate di nav devletên dinê Awrupîda pir kêm xûyaye !

Nimûna din dewletên Bakurê Awrupa anko (Skandinavî ) ne ,Xelkê wan zêde girîngîyê nadin awakirina jîyana hewserî /hevbeş û malbatî ,di alîyekê de di

nav civaka Skandinavîya de alîgirî ya pêyvendîya (mêr di gel mêr/ jin di gel jin)pir zêde tê ber çaw û di alîyek din jî bêkarî û pirsgirêken Aborî ( ku wê demê de gişt civak tûşî qeyrana Abûrî bune ) dibin sedema jîyanek pir sitres û perîşan !

Rihetîya jîyanê û hejmara Zarokan:

Pêşkevtina Abûrî û Zanistî di civakâ Awrupî de bê qusûre lê civak pîr dibe anku cahêl û zarok kêmin û dibe sedema lawaz bûna hêza kar û xebatê û mecbûrîya wekirina Sinor û dergehên civakê ji bo penahber yan hêza kar li welatên din , xelkê penahber yan hêza kar a bîyanî di nav civaka Awropî de gelek deran zêdetir ji nifûsa wanin û rengînîya kultûrî û bawerîyên Mezhebî ê xelkê bîyanî ji bo civaka Awrupî hemû deman jî her positiv nîne û nerazî bûna wan ji penaberan her ku diçe roj bi roj zêdetir dibe , bêhurmetî û dilşikandin û nijadperestî (Rassismus ) bi Aşkera û gelek jî caran jî nehênî der heq xelkê bîyanî, tê dîtin,gor gotina civaknasê Almanî `Wolfgang Zapf` ku dibêje "têkilîya kultûrên bîyanî û rengînîya Zimanan û bawerîyên dînî di nav civakên Awrupî da wek têkilbûna Awê û neftêye ji ber ku yêketî û yêkrengî ya xelkê bîyanî di nav civakên Awrupî da pir zehmete "civaka Awrupî ber bi Pîrbûnê diçe û hesas dibe. Mînakek kurt, babeta Koçberîya xelkê Turk u Efxanî û Hindû ber bi Awrupye ku piştî çendîn salan hîna jî têkilî bi awayek positiv çê nebûye !



# JINAN

Kovareke Werzî ye, Yekîtiya Jinên Demokrat yên Kurdistana Îranê diweşîne

